

فۆتۆ: جەمال پێنجوێنی

ژن و پیاوێکی کورد لە شنگلبانەی رواندز

warvin.press@yahoo.com

WARVIN.ORG

خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر:

لەنجە عەبدوڵڵا

Lanjaebdulla@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر:

تەنیا کوردی

tanya_kurdy@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین:

بەهرە حەمەڕەش

behre2009@yahoo.com

سکرتێری نووسین:

ئەرسەلان ڕەحمان

arsalan.rahman@yahoo.com

نامەد: دیلار سەولەدار

قامیشلۆ: لاڤە خالید

بەغدا: حەلا ناسر

دوبەی: سەنا کوردی

ڕاوێژکاری یاسایی:

فەوزیە فەقێ ڕەشید

ڕاوێژکاری دەروونی:

د. توانا عەبدولڕەحمان

warvin.press@yahoo.com

بەڕێوەبەری کارگێڕی

ڕێباز عەبدوڵڵا

٠٧٥٠٤٦٢٤٥٠٦

بۆ ریکلام پەیوەندی بەم ژمارە بکەن:

mob: 07504624506

Normal: 0662647813

محەمەد عەبدوڵڵا: 07507460824

ناونیشان: هەولێر - شاری خەونەکان

www.netewe.com

ژنانی کورد داوای بە



وارڤین – هەولێر:

چالاکوانانی بواری ژنان هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێم لەپێناو بنبڕکردنی دیاردەی ژنکوژی بەهەوڵی ناوخۆیی دادەنێن و رایانوایە بەرنامەی رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی لەئاستێکی لاوازدایە. ئەوان دەڵێن «**تائێستا کاری جیدی نەکراوە بۆ ئەوەی لەئاستی نێودەوڵەتی پشتیوانی بۆ چارەسەری پرسی ژنی کورد فەراهەمبکرێت**». بۆیە بەپێویستی دەزانن کاری زیاتر بکرێت بۆ ئەوەی لەئاستی نێودەوڵەتی پشتیوانی زیاتر لەچەسپاندنی مافەکانی ژن بکرێت.

چالاکوان لەرێکخراوی راسان، هاوژین عومەر سلێمان، باس لەوە دەکات کەمتەرخەمی هەیە لەبەنێودەوڵەتیکردنی کێشەی ژنانی هەرێمی کوردستان، ئەو رایوایە لەسەر ئاستی ناوخۆ کاری زۆر کراون، بەڵام لەئێستادا پێویستە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کار بۆ ئەوە بکرێت.

ئەو رایوایە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی پێویستی بە «**هەوڵی گشتگیر**» هەیە.

پارێزەر هەوار جەلال حەمە دەڵێ «**تائێستا کێشەی ژنانی هەرێم لەئاستی دونیای دەرەوە شاردراوتەوە**». ئەو لەو بڕوایەدایە زۆرجار لەئاستی ناوخۆش ڕێگری لەهەوڵ و کارەکانی ژنان دەکرێت. ئەو کارکردنی خۆی بۆ دیاریکردنی شەڵتەڕەکان لەماوەی ساڵانی رابردوودا بەنموونە دەهێنێتەوە، کە چەندینجار ویستوویانە کار لەسەر ئەو بابەتە بکەن، بەڵام ڕێگرییان لێکراوە، «**خۆمان هێشتا بەڕوونی کێشەکان نازانین و ئامار و داتاکانمان لێدەشاردرێتەوە جا ئەوانەی دەرەوە چۆن کار لەسەر ئەوە بکەن**».

هاوکات بەشداربووی سیمیناری نێودەوڵەتی ئەنجوومەنی ئاسایش لەهەولێر تاڤگە عومەر ڕەشید، دەڵێ «**زۆرجار نوێنەری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، داوا لەڕێکخراوەکانی خۆمان دەکەن، بۆ ئەوەی هاوکارییان بکەین لەپێدانی زانیاری لەسەر جۆری توندوتیژی بۆ ئەوەی بەیەکەوە کار لەسەرچۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بکەین لەهەرێمی کوردستان، بەڵام ئەو ئامارو داتایانەی لەبارەی ڕێژەی توندوتیژی لەهەرێم دەخرێنەڕوو، بەڵای ئەوانەوە جێگەی سەرسوڕمانە، هەرکاتێ ئامارەکان دەبینن داوادەکەن پلانی درێژخایەنمان هەبێت بۆ ئەو حاڵەتانە**».

بەشێک لەچالاکوانانی ژن گلەیی لەجێبەجێنەکردنی ڕاسپاردەو کاری بەرنامەی بەشێک لەکۆنگرەو کۆنفراسەکانی تایبەت بەژنان دەکەن، بەوەی زۆر کات ئەو چالاکیانە تەنیا دەبێتە چالاکی بۆ بواری بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن.

بەڕێوەبەری ڕێکخراوی لێکۆڵینەوەی زانیارییەکانی جەندەر ڕەمزیە زانا دەڵێ، ژمارەیەکی زۆر لەڕێکخراوی نێودەوڵەتی کارو چالاکی دەکەن لەهەرێمی کوردستان، بەتایبەت ئەو بەرنامانەی تایبەتن بەچاککردنی بارودۆخی ژن لەهەرێم، ڕاسپاردەی زۆر دەخەنەڕوو، ئەو نیگەرانە لەوەی زۆرکات ئەو ڕاسپاردانە ناچنە واری جێبەجێکردنەوە.

بەڕای ڕەمزیە دەبێ ژن بۆ ناساندنی کێشەکەیان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەوڵەکانیان چڕتر بکەنەوە.

دامەزراندنی بەڕێوبەرایەتی تایبەت بەبەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەلایەن بەرپرسانی حکوومەتەوە بەدەستکەوتێک

www.netewe.com

نێودەوڵەتیکردنی کێشەکانیان دەکەن

هەژماردەکرێت، بەڵام نەبوونی ستراتیژییەتێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی و نەبوونی ئاماری ورد و زانستی بە یەکێک لە گرفتەکانی ئەو دامەزراوەیە دادەنرێت.

ئەو گلەیی و ڕەخنانەی ئاراستەی ئەو بەڕێوبەرایەتییە دەکرێن، خۆیان لەپرسی نەبوونی ئاماری ورد، نەبوونی ستراتیژیەتێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تووندوتیژی دەبینەوە، چالاکوانی بواری ژنان ئاسیا محەممەد، ڕەخنە لەوڵێ ئەو بەڕێوبەرایەتییە دەگرێت، بەوەی تائێستا نەیانتوانیوە بەرنامەیەکی تۆکمەیان هەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تووندوتیژی.

ئەو چالاکوانە گوتیشی **«ئەو بەڕێوبەرایەتییە دەبێت سوودمەند بێت لەئەزموونی ئەو وڵاتانەی لەو بوارە سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، بەڵام بەداخەوە پەیوەندییەکانی ئەو دامەزراوە لەئاستی نێودەوڵەتیدا لاوازن»**.

گوتیشی **«تەنانەت بڵاوکردنەوەی ئەو ئامارانەی لەو بەڕێوبەرایەتییە دەخرێنەڕوو زۆرجار بوونی ئەو بەڕێوبەرایەتییە دەخەنە ژێر پرسیارەوە، چونکە ئامارەکان ورد نین، بۆیە دەتوانرێت بگوترێت وەک پێویست کار نەکراوە»**.

نەبوونی پەیوەندی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی یەکێکی دیکەیە لەو کێشانەی بووەتە ڕێگر لەبەردەم ناساندنی کێشەی ژنانی کورد بەجیهانی دەرەوە.

هێڤی کەریم کە ژنە چالاکوانێکی کوردەو لەسوید کار دەکات، باسی لەرەوشی ژنان لەسوید کردو گوتی **«لەسوید کێشەی ژن بەفەرمی ناسراوە، ڕێکخراوەکان لەو وڵاتە بەشێوەی تیمی کاردەکەن، پەیوەندییەکان هەمەجۆرن، زۆرکات داوا لەدامەزراوەی وڵاتانی دیکە دەکەین بۆ ئەوەی هاوکارمان بن لەچارەسەری بەشێک لەو کێشەو کەموکوڕییانەی ڕووبەڕوومان دەبنەوە، بوونی ئەو پەیوەندییانە وادەکات کارەکان ئاسانتر بێت»**.

ئەو ڕەخنە لەڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و حزبییەکانیش دەگرێت بەوەی زۆرکات پەرە بەپەیوەندییەکان نادەن، ئەو دەڵێ زۆر بابەت هەبووە ئێمە لێرەوە کارمان لەسەر کردووە، گەیاندوومانەتە بەلایەنی پەیوەندیدار لەسوید.

بەڕێوەبەرایەتی تووندوتیژی سەر بەوەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەساڵی ٢٠٠٧ دامەزراوە، تایبەتە بەبەدواداچوونی تووندوتیژی دژی ژنان لەناوچەکانی هەرێمی کوردستان.

ئەو بەڕێوەبەرایەتییە هەر شەش مانگ جارێک ئاماری تووندوتیژی لەهەرێمی کوردستان بڵاو دەبێتەوە. دوا ئاماریان لە ٢٠١٠/٦/٢٠ بڵاوبوویەوە. لەماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا حاڵەتەکانی تووندوتیژی بەمشێوەیە بوون (**کوشتن ٥٩، سووتان ٢٣٩، سکاڵا ١٠٣٨، ئەشکەنجەدان ٦٧١، تووندوتیژی سێکسی ٦٣**).

لەو چوارچێوەیەدا لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕۆژنامەی نێوەرک تایمزی ئەمەریکی لەڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند، لە ١٩٩١ەوە تا ٢٠٠٧ زیاتر لە١٢ هەزار ژن لەهەرێمی کوردستان لەسەر پرسی شەرەف کوژراون. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات کە پرسی پێشێلکاری مافەکانی ژن لەهەرێمی کوردستان لەئاستی نێودەوڵەتی لەلایەن میدیاوە چاودێری دەکرێت.

ڕۆژنامەکە نووسیویەتی **«کوشتن لەسەر شەرەف ڕەگوڕیشەیەکی قوواڵی لەعێراقدا هەیەو سەرەڕای هەوڵی زۆرەیەک لەنوێنەران تائێستا نەتوانراوە سنوورێک بۆ ئەو دیاردەیە دابنرێت و ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانە دەستگیر بکرێن، چونکە لەکۆمەڵگای عێراقیدا کە هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لێیی شەرەف بەبنەمای شانازی هۆز و عەشیرەت دەزانرێت»**.

لایەنە ڕەسمییەکان لەبارەی ئەو زانیارییانەی ڕۆژنامە ئەمەریکیەکەوە دەڵێن ئەو زانیارییانە دروست و جێی متمانە نین، چونکە تائێستا لەهەرێمدا نەتوانراوە حاڵەتەکانی ژنکوژی بەوردی تۆمار بکرێن.

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی تووندوتیژی کوردۆ عومەر، گوتی **«ڕاستە تائێستا نەمانتوانیوە ئامارێکی وردو ڕاست لەبارەی تووندوتیژی لەهەرێمی کوردستان بڵاو بکەینەوە، ئەوەی بڵاوکراوەتەوە لە نیۆیۆرک تایمز دووڕە لە ڕاستی، زانیارییەکان بەنادروستی دەدرێت بەڕاگەیاندنی بیانی»**.

وێڕای جیاوازی بۆچوونەکان لەبارەی پرسی ژنەوە لەهەرێمی کوردستان چالاکوانانی ژن پێیانباشە کێشەکانیان لەئاستی نێودەوڵەتی گەنگەشە بکرێن و پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ چەسپاندنی مافەکانیان لەهەرێم بەدەستبهێنن.



نافان فارس جاف

رێکخراوەکانی ژنان تۆڕێکی هاوبەشیان نییە

وارڤین – تایبەت:

ململانێی نێوان رێکخراوەکانی ژنان و نەبوونی هەماهەنگی لەکارکردندا، تائێستا نەیهێشتوە رێکخراوەکانی ژنان گوتارێکی یەکگرتوویان هەبێت یان لەتۆڕێکی هاوبەش و فراکسیۆنێکدا بەیەکەوە کار بکەن. بەشێک لەژنان هۆکاری ئەوە دەگەڕێننەوە بۆ بیروڕای جیاوازی رێکخراوەکان و بەرنامەی کارو ستراتیژییان و بەشێکیتریش لایەنەکانی دیکە بەوە تۆمەتبار دەکەن کە رێگە نادەن بەوەی لەبەرنامەیەکی گشتگیردا کار بکەن.

هەبوونی فراکسیۆنێکی سەربەخۆ بۆ کارکردنی رێکخراوەکانی ژنان بەبەرنامەیەکی گشتگیرەوە بەگرنگ دەزانرێت. روناک مستەفا، چالاکوان لەرێکخراوی خێزانی بەختەوەر دەڵێ، بوونی کۆمیسیۆنێکی سەرتاسەری بۆ ئەوەی رێکخراوەکان بەیەک ببەستێتەوە کارێکی پێویستە، چونکە بەبڕوای ئەو بەشێکی زۆری رێکخراوەکان هیچ پەیوەندییەک بەیەکیان نابەستێتەوە، لەلایەکی دیکە هۆکاری نەبوونی هەماهەنگی لەنێوان رێکخراوەکاندا دەگەڕێنێتەوە بۆ «چۆنیەتی کارکردن و ئەدای هەریەک لەرێکخراوەکان».

بەشێک لە ژنان رایانوایە نەبوونی ئەو هاوکاری و هەماهەنگییە لەنێوان رێکخراوەکانیاندا رەگێکی قوڵی هەیەو هەروەها بابەتی ناوچەگەرێتیش رۆڵی هەیە. روناک، نایشارێتەوە «ناوچەگەرێتی کاریگەری هەیەو زۆرکات ژنانی سلێمانی بەبێ پرس و رای ژنانی هەولێر کەمپین و بەیاننامە دەردەکەن».

ئەو گوتیشی «بەهۆی دوو ئیدارییەوە ئەو جیاوازییە لەنێوان رێکخراوە حزبییەکاندا تۆختر، بە بەراوورد لەگەڵ رێکخراوە مەدەنییەکان».

بەرپرسی رێکخراوی ئاسودە خانم رەحیم، لەبارەی کارایی رێکخراوەکانی ژنان و نەبوونی هەماهەنگییەوە دەڵێ «**رێکخراوەکانیش ئەگەر هەر کەموکوڕییەکیان هەبێ دیاردەیەکی ئاساییە، چونکە ئەوانیش بەشێکن لەم کۆمەڵگایە**». گوتیشی «**لەکاتی پێویست کەمپینی هاوبەش و تۆڕی هاوبەش پێکهێنراوە، بەڵام هەندێکجار ژنانی شارەکانی دیکە خۆیان کەمتەرخەم بوونە لەوەی کاری هاوبەش بکەین**».

ئەو رایوایە کەمتەرخەمی لەژنانی هەولێر هەیە «**ئێمە لەزۆربەی کارەکان ژنانی هەولێریش ئاگادار دەکەینەوە، ئەو سستییە لەشارەکە هەیە**».

خانم بەشێکی زۆری نەبوونی هەماهەنگییەکە دەگەڕێنێتەوە بۆجیاوازی بەرنامەی کاری ڕێکخراوەکان و ستراتیژیەتی تایبەتی هەریەک لەو ڕێکخراوانە «**ڕێکخراوە حزبیەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەدوژمن دەزانن، بۆیە لەکاتی بەرنامەو کاریش پرس و هاوکاری لەنێواناندا نییە**».

ڕامین مەحمود، لەڕێکخراوی خوشکانی ئیسلامی ڕوونیدەکاتەوە، هێشتا ئەو بارودۆخە هەڵنەکەوتووە ناوەندێکی هاوبەش پێکبهێنرێت بۆ ئەوەی ژنانی سەرجەم ڕێکخراوەکان بەیەکەوە بەرنامەو پلانیان هەبێت «**هەوڵەکان جیدی نین، ساردی هەیە لەکارکردن، ئەگەر سەیری ڕێکخراوی سەر بەحزبەکان بکەین دەبینین ئەوان وەک سێبەری حزبن ناتوانن لەبڕیارەکانی حزب دەربچن، ئەوانەی کۆمەڵگەی مەدەنیش لەو شوێنەی هاوکاری ماددی وەردەگرن، ڕێنمایی دەکرێن**».

گوتیشی «**ژنانیش کەمتەرخەمن، پێویستە ژنان هەموو بەرژوەندییە تایبەتییەکانیان بەلاوە بنێن و کاری جەوهەرییان بریتی بێت لە خزمەتکردنی پرسی ژن**».

لەماوەی ڕابردوودا چەندین هەوڵ و بەرنامە هەبووە بۆ ئەوەی ناوەندێکی هاوبەش پێکبهێنرێت بۆ ڕێکخراوەکانی ژنان، بەڵام هیچ یەک لەو هەوڵانە بەهۆی جیاوازی بیروڕا سەرینەگرتووە.

چالاکوان لەڕێکخراوی (**پەری**) کە ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنییە تایبەت بەپرسی ژن، جوان بابان، ئەوە دەخاتەڕوو کە کۆبوونەوەی ژنان لەناوەندێکی هاوبەش بۆ دروستبوونی یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی تائێستا «**سەرکەوتوو نەبووە**».

ئەو ڕایوایە نەبوونی ناوەندێکی هاوبەش کە تێیدا ژنان لەسەر یەک بەرنامەو ستراتیژی کاربکەن، هۆکاری سەرەکی سەرنەکەوتنی پرسی ژنانە لەهەرێمی کوردستان. «**ژنان نەیانتوانیوە لەسەر یەکدەنگ و ڕەنگ و بەرنامە کار بکەن و ئێمە هێشتا پێناسەیەکی دروستمان نییە بۆ پرسی ژن، بۆچوونەکانیشمان یەکە، بەڵام دواجار یەکگرتوونین لەسەر کارکردن**». ئەمە گوتەی جوان بابان بوو. ئەو بەنیگەرانییەوە باس لەوەدەکات، کە ئەوان ساڵێک کاریان لەسەر ئەوەکردووە فراکسیۆنێک دروستبکەن، بەڵام هەوڵەکانیان «**بێئاکام بوون**». لەوبارەیەوە گوتی «**لەسەر شتی بچووک ڕێکنەکەوتین ئەی بۆ پرسە گرنگەکان چی، هێشتا لەیەکتر تێنەگەیشتووین، هەندێک تەنیا قسە دەکەن، کارو ئەنجامیان نییە. ئەنجامی زۆر کەم بەدەستهاتووە بەداخەوە زیاتر قسە دەکرێت**».

چالاکوان لەڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت ڕێناس جەمال، لەوبڕوایەدایە ستراتیژییەتی ڕێکخراوەکانی ژنان لەناوچەو شارەکان جیاوازە، هەر ڕێکخراوێک لەبارودۆخ و ناوچەیەک کار دەکات. «**نەبوونی پەیوەندی لەنێوان ڕێکخراوەکان وایکردووە دووربن لەیەکتر و کارەکانیان یەکانگیر نەبێت**».

جۆرە هەماهەنگییەک بوونی هەیە لەنێوان ڕێکخراوەکانی ژنان، بەڵام «**هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی لەکاروبارەکانی تایبەت بە ڕەگەزەکەی خۆیان پرس و ڕا بەیەک بکەن**».

سەبارەت بەبوونی هەماهەنگی لەنێوان ڕێکخراوەکانی ژنان شەرمین کەریم، چالاک لەبواری کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دەڵێ «**لە بنەڕەتدا هەر ڕێکخراوێک کار دەکات بۆ بردنەپێشەوەی خۆی، نەک بۆ بردنە پێشەوەی ڕێکخراوەکەی دیکەی هاوڕەگەز. ئەوکاتە بەرنامەی گشتگیر و یەکدەنگی دێتە ئارا، کە حکوومەت یان لایەنی پەیوەندیدار هەموو ڕێکخراوەکان بکاتە یەک دەزگاو بەیەکدەنگ و یەک ڕا کار بۆ پرسەکانی ژن بکرێت، نەک ئەو هەموو ڕایەو بەکرداریش نەگەیشتن بەئەنجامی لێبکەوێتەوە**».

ئەو گوتیشی «**کێشەی ژن لەبنەڕەتدا کێشەی کۆمەڵگایەو تایبەت نییە تەنیا بەژن، بۆیە ئەو هەموو داکۆکیکارە ڕەنگاوڕەنگانەش، هیچی خزمەت بەژن ناگەیەنن، تەنیا بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی و خۆپێگەیاندنەو بەس**».

سەرەڕای جیاوازی بۆچوونەکانیان ئەوەی ڕێکخراوەکانی ژنان کۆدەکاتەوە داکۆکیکردنە لەپرسەکانی ژن، بەڵام وەک چالاکوانانی بواری ژنان ئاماژەی بۆ دەکەن، تائێستا ئەو ڕێکخراوانە نەیانتوانیوە بەبەرنامەو ستراتیژیەتێکی هاوبەشەوە کار بۆ بەرژەوەندی پرسی ژنان بکەن و ئەمەش بە یەکێک لە کەموکورتییەکانی ئەو ڕێکخراوانە دادەنرێت.



ناڤان فارس جاف

سەفیە سوهێل؛ بۆ وارڤین:

کوتلەیەکی ژنان لەئەنجوومەنی نوێنەران پێکدەهێنرێت

وارڤین – بەغدا:

ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەکوتلەی هاوبەندی دەوڵەتی یاسا سەفیە سوهێل بەوارڤینی رایگەیاند، وادەی پێکهێنانی کوتلەیەکی ژنان لەئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق نزیکبووەتەوە و ئەو کوتلەیە کار بۆ دەرکردنی یاسای تایبەت بە ژنان دەکات و ئەوەشی روونکردەوە، پێشنیازەکانی کورد عێراقی لەتەنگژەیەکی سیاسی رزگارکردووەو (مالکی)ش وەزیرەکانی بەگوێرەی ئاست و لێهاتوویی دەستنیشاندەکات.

سەفیە سوهێل، لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ وارڤین گوتی «**پاڵێوراوی سەرۆکوەزیران نوری مالکی، وەزیرانی کابینەکەی بەگوێرەی توانا و لێوەشاوەیی کەسەکان و ئەو تەوافقە سیاسییە دەستنیشاندەکات، کەهەموو لایەنەکان لەسەری رێکدەکەون**». گوتیشی «**هەموو لایەک لەسەر ستایشکردنی گەلاڵەکەی کورد یەکدەنگن و ئەو گەلاڵەیە عێراقی لەتەنگژەیەکی سیاسی گەورە رزگار کرد**».

سوهێل، جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە، ژنان رۆڵێکی دیارو بەرچاویان دەبێت و بەشداربیەکی کارا لەپێکهێنانی حکوومەتی داهاتووی عێراق دەکەن و هیوای ئەوەشی خواست ژنان بتوانن لەکابینەی داهاتوودا پۆستی سیادی و باڵا وەربگرن.

ئاماژەشی بەو هەوڵانە کرد، کە لەئێستادا دەدرێن بۆ پێکهێنانی کوتلەیەکی ژنان لەئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ ئەوەی بتوانن داکۆکی لەمافەکانی ژن بکەن.

سوهێل گوتیشی «**راسپاردنی نوری مالکی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت دەروازەی لەبەردەم دەستپێکردنی وتووێژە رەسمییەکان بۆ پێکهێنانی حکوومەت کردەوە بۆ ئەوەی لایەنەکان بگەنە رێککەوتنێکی نوێ لەپێناو پێکهێنانی حکوومەتی داهاتووی وڵاتدا**».

هەروەها گوتی «**گەلاڵەکەی کورد، کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی خستیەڕوو رێگەی خۆشکرد، بۆ دەربازبوونی عێراق لەکێشە سیاسییە چەقبەستووەکان و پێویستیشە ئەو گەلاڵەیە هەنگاوی بۆ بنرێت بۆ ئەوەی لەسەر زەمینەی واقیعدا جێبەجێبکرێت. ئەمەش بەوە دەکرێت رێگە بدرێت سەرۆکوەزیران بەگوێرەی پێوەری تواناو لێوەشاوەیی کەسایەتییەکان و ئاستی زانستی و پیشەییان وەزیرەکانی دەستنیشان بکات وڕەچاوەی تەوافقی سیاسی لەپێکهێنانی کابینەی حکوومەتەکەیدا بکات**».

گوتیشی «**ئەوەی ئەمڕۆ رووەدات درێژکراوەی ئەو وتووێژە ناڕەسمییانەیە، کە لەماوەی رابردوودا ئەنجامدراون. لەو میانەیەشدا کۆمەڵێک پرۆژەو بۆچوونی نوێ گەلاڵەکراون لەبارەی ژمارەو چۆنیەتی دابەشکردنی وەزارەتەکانەوە، سەرەڕای پرسی جێبەجێکردنی ئەو رێککەوتنەی لەسەر گەلاڵەکەی کورد واژۆ کراوە، بەمەبەستی پێکهێنانی ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ سیاسەتی ستراتیژی هەرچەندە کۆدەنگییەک و تێڕوانینێکی هاوبەش بۆ کارەکانی ئەو ئەنجوومەنەو چارەسەرکردنی کێشەکانی ئاشتەوایی نیشتمانی و مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی یاسایی ئەوکەسایەتییە سیاسییانەی، کەکاری سیاسیان لیقەدەغە کراوە نەهاتووەتە ئاراوە. هەروەها لەبارەی سنوور و پانتایی دەسەڵاتەکانی سەرۆکوەزیرانەوە هیچ رێککەوتن و تێگەیشتنێکی هاوبەش نەهاتووەتەکایەوە**».

www.netewe.com



سەفیە سوهێل ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق

فۆتۆ: DAYLIFE

ئەو ئەندامەی کوتلەی دەوڵەتی یاسا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، هەریەک لەسەرۆککۆماری وڵات جەلال تاڵەبانی و راسپێردراوی پۆستی سەرۆکوەزیران نوری مالکی پشتیوانی ئەوە دەکەن ژنان پۆستی باڵایان لەعێراقدا پێبدرێت و هەندێک لەو پۆستە وەزارییانەی، کە تائێستا دابەشنەکراون بدرێت بە ژنان. گوتیشی **«نوری مالکی سووڕە لەسەر ئەوەی، پۆستێکی ناتەقلیدی بدرێت بەژنان و ئەو پرسەش پێویستی بەڕەزامەندی کوتلەو لایەنەکانی دیکە هەیەو پێویستە ئەو کوتلەو لایەنانە ژنانی بەتواناو لێهاتوو بۆ پۆستەکان دەستنیشانبکەن بۆ ئەوەی سەرۆکوەزیران پشتیوانییان لێبکات و پۆستی وەزارەتە گرنگەکانیان پێ بسپێردرێت»**.

ئەو نوێنەرە ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، هەموو کوتلەو لایەنەکان لەڕێگەی راگەیاندنەوە پشتیوانی لەو بۆچوونە دەکەن و پێویستە چاوەڕوانی ئەوە بکرێت لەچەند رۆژی داهاتوودا چەندە بەکردەوە ئەو بانگەشانەی خۆیان جێبەجێدەکەن.

هەروەها گوتی **«مالکی دەسەڵاتی ئەوەی نییە کوتلەکان ناچار بکات بۆ ئەوەی ژن بەپێشبخەن، بەڵام دەخوازێت، کە ژنانێکی بەتواناو لێهاتوو لەکابینەی حکوومەتەکەییدا کار بکەن و پۆستی گرنگی حکوومەت بەڕێوەبەرن»**.

سەبارەت بەرۆڵی ژنان لەخولی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەراندا سەفیە سوهێل گوتی **«کوتلەیەکی ژنان لەخولی پێشوو پێکهێنرا، بەڵام بەهۆی بوونی کێشەی مادی و نەبوونی نووسینگەو کارمەندو پشتیوانی مەعنەوییەوە نەتوانرا وەک پێویست کار بکرێت و ئەوەشمان لەیادنەچێت، ئەو کوتلەیە لەدواسااڵی کارەکانی خولی پێشوو پێکهێنراو گرنگییەکەی لەوەدا بوو، بنەمایەکی دارشت بۆ پێکەوەکارکردنی ژنانی نوێنەر لەئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا»**.

ئەو گوتیشی **«رایەکی گشتگیر هەیە بۆ ئەوەی لەنزیکترین کاتدا کوتلەیەکی ژنانە پێکبهێندرێت و لەو کوتلەیەدا نوێنەرانی ژن ببنە ئەندام و پیاوانیش هاریکاریان بکەن و لەمیانەی ئەرکەکانیاندا ئەو کوتلەیە پرۆژەیاسای تایبەت بەژنان پێشکەش بەئەنجوومەن بکەن و چاودێری ئەو یاسایانە بکەن، کە تایبەتن بەژنان لەعێراقداو کار بۆ ئەوە بکەن ژنانی عێراق لەهەموو رووبەکەوە جیاکاری رەگەزیان بەرامبەر نەکرێت و لەهەموو لایەنەکانی ژیان رۆڵی کارای خۆیان بگێڕن و کاریش بۆ ئەوە بکەن، پێداچوونەوە بەو یاسایانەدا بکەن، کە بەرژەوەندی ژنانیان لەبەرچاو نەگرتووە»**.



حەلا ناسر باوی

www.netewe.com

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی: تائیستا پرسی چوونی



وارڤین – تایبەت:

کچە خوێندکاری زانکۆی سەلاحەددین، زەیتوون چەتۆ، ڕەخنەلە حزبە کوردییەکان دەگرێت و دەڵێ «حزبە کوردییەکان تەنیا لەدروشم و قسەکردن پێشکەوتوون، ستراتیژییەتی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەیان نییە، ژنیان وەک ئامرازێک بەکارهێناوە بۆ ئەوەی بڵێن دیموکراسین، ئەگینا بڕوایان بەتوانای ژن نییە». ئەم قسانەی زەیتوون لەکاتێکدایە، کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەروبەندی بەستنی کۆنگرەی سێزدەهەمی خۆیدایە، بەشێکیش لەسەرکردایەتی ئەو پارتە لەوبڕوایەدان هێشتا زووە ژنان بچنە ناو سەرکردایەتی حزبەکەوەو لەماوەی ٦٤ ساڵی تەمەنی خۆیدا تەنیا لەسێ کۆنگرەدا ژنان توانیویانە بگەنە سەرکردایەتی. هاوکات بەپێی بەقسەی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی ئەو حزبە، تائێستا پرسی چوونی ژنان بۆ سەرکردایەتیش یەکلانەبووەتەوە.

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمدواییانە دەریخست کە پارتی هێزی یەکەمی هەرێمە. پارتی دیموکراتی کوردستان لەساڵی ١٩٤٦ دامەزراوە، سەرۆکی حزبەکەی ئێستا سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەکات. تائێستا ١٢ کۆنگرەی سازداوە، بڕیارە لە ٢٠١٠/١٢/١١ کۆنگرەی سێزدەهەمی گرێبدات.

لەخاڵی یەکەمی ماددەی نۆزدەهەمی پەیڕەوی ناوخۆی پارتیدا هاتووە «ژنانی کوردستان مافی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری تەواوی خۆیان هەیەو ئەو مافانە بەیاسا زامن دەکرێن». لەخاڵی دووهەمیشدا باس لەوەکراوە «پێویستە ڕۆڵی ژن لەناو پارتی چالاکتر بکرێت». بەڵام ئەو کچە خوێندکارەی زانکۆی سەلاحەدین ئەو دەقانە بە «دروشم» ناودەبات و دەڵێ «لەهەموو کۆمەڵگەیەک حزبی سیاسی لەگۆڕانکارییەکاندا ڕۆڵی هەیە، کەچی لەهەرێمدا حزبە سیاسییەکان بۆ ئەوەی بڵێن دیموکراسین، ژنیان وەک ئامرازێک بەکارهێناوە، ئەگینا بڕوایان بەتوانای ژن نییە، ڕۆرکات دژایەتییان دەکەن، بگرە لەکاتی هەڵبژاردن و وەرگرتنی پلەو پۆست خودی بەرپرسی حزبەکان کێشە بۆ ئەو ژنانە دروستدەکەن».

ئەو گوتیشی «دەیان نموونەی زیندوومان هەیە کە بەشێوازی نادروست ڕێگری لەژن کراوە». ئەو کچە دەڵێ «بڕوام بە ژنی سەرکردایەتی نییە، ئەوانیش خزمەت بە ژن ناگەیەنن، بەڵکو لەژێر فەرمان و بڕیارەکانی پیاواندا کاردەکەن».

هەندێک لەبەرپرسانی پارتی ئەوە ڕەتدەکەنەوە، پارتەکەیان ڕۆڵی ژنانی

ژن بۆ سەرکردایەتی پارتی یەکلایی نەبووەتەوە

فەرامۆش کردبێت، ئــەوان باس لەوەدەکەن کە ڕێژەیەکی دیاریکراوی ئەندامانی کۆنگرەی ئەمجــارەی حزبەکەیان لەژنــان پێکهاتووە. بەڕپرسی ئامادەکاری کۆنگرەی سێزدەهەمی پارتــی، فایــەق تۆفیق، دەڵــێ «بایەخی زۆرماندواوە بەرۆڵی ژن، ڕێژەی ١٦٪ ئەندامانی کۆنگرە ژنن».

پرسی چوونی ژن بۆ سەرکردایەتی پارتی بەستراوەتەوە بەزامنکردنی ئەو مافە بۆ ژنان لەڕێگەی سیســتەمی کۆتاوە کــە هەندێک لەپارتە سیاســییەکان بۆ سەرخســتنی ژن پەنایان بۆ ئەو سیســتەمە بــردووە. لەدوا کۆنگرەشــیدا یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ڕێــژەی ٢٠٪ی ســەرکردایەتی بــۆ ژنــان تەرخانکردبوو، سەبارەت بەسیستەمی کۆتاو پەیڕەوکردنــی لەکۆنگــرەی پارتیدا، فایەق تۆفیق، گوتی «هێشــتا هیچ بڕیارێکمان بۆ ئەو بابەتە نەداوە، لەکۆنگرە بڕیار لەســەر ئەوەدەدەین چۆن ژنان بچنە سەرکردایەتی». باسی لەوەشــکرد، هاوکاری ژنانیان کردووە بۆ ئەوەی لەکۆنگرەدا بەشداربن.

سەبارەت بەو پرســە ئەندامی مەکتەبی سیاســی پارتــی محەممــەد مــەلا قادر، لەوبڕوایەدایە «پارتەکەیان هەمیشــە بڕوای بەڕۆڵــی ژن هەبــووەو ڕێگــەی بەچالاکی سیاســی ژن داوە». پرســی ســەرکەوتنی ژنــان لەکۆنگرەی پارتی بۆ ســەرکردایەتی هێشــتا یەکلایی نەبووەتەوە، ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی گوتی «لەناو کۆنگرە بڕیار لەســەر ئەوە دەدەین، کــە ڕێژەی چەند بۆ ژنان دابنێین و چی بکرێت». گوتیشی «لە کۆنگرە هەموو شتێک یەکلایی دەبێتەوە».

بەدرێژایــی مێــژووی پارتــی و ئەو ١٢ کۆنگرەیەی کە ســازیکردوون، تائێستا سێ (٣) ژن چوونەتە ســەرکردایەتی، ئەوانیش هەریەک لە (ناهیدە شێخ سەلام) لەکۆنگرەی پێنجــەم بۆ یەکەمجــار وەک ژنێک چووەتە ســەرکردایەتی ئەو پارتە. دوای ئەویش لە کۆنگرەی هەشتەم (زەکیە ئیسماعیل حەقی) چووەتە ســەرکردایەتی پارتی و لەکۆنگرەی یازدەهەم و دوازدەهەم شــیرین ئامێدی. واتە لەماوەی ٦٤ ســاڵی تەمەنیــدا تەنیا ٣ ژن توانیویانە بگەنە سەرکردایەتی پارتی.

ژنانــی پارتــی باســی ئــەوە دەکەن هەوڵیانــداوە بچنە کۆنگرەی پارتی و خۆیان کاندیــد کردووە بۆ ســەرکردایەتی. کادیری باڵای پارتی، چنار ســەعد عەبدوڵڵا، باسی لەوەکــرد، هەوڵی زۆر جدی دراوە بۆ ئەوەی لەو کۆنگرەیە ژمارەی ژن لە ســەرکردایەتی پارتی زیادبکرێــت «هەوڵدانی ژنان بووەتە هۆی ئەوەی پیاوانی حزب بگەنە ئەو بڕوایەی کە پێویستە ژن بچێتە سەرکردایەتییەوە».

گرفتی ژنانی ناو پارتی ئەوەیە، هێشــتا بەڕپرســانی باڵای پارتەکەیان لەوبڕوایەدان جــارێ زووە ژن بچێتە ســەرکردایەتییەوە، چنــار گوتــی «بەشــێک لەپیاوانی حزب رایانوایە هێشــتا زووەو کاتی ئەوە نەهاتووە بــۆ ئــەوەی ژن بچێتــە ســەرکردایەتی، وایدەبینن ژنی لێهاتوو کەمە بۆ ئەوەی بگاتە سەرکردایەتی».

یەکێکــی دیکە لەگرفتەکانــی ژنانی ناو پارتــی ئەوەیــە، هــاوکاری یەکتــر ناکەن لەسەرخستنی پرسی ژن لەناو پارتەکەیاندا، وەک ئەوەی محەممەدی مەلا قادر لەو ڕووەوە ڕەخنە لەژنان گــرت و گوتی «ژنان خۆیان یەکدەنگ و یەکدەســت نین، هاوکاری یەکتر ناکەن، تا لەکۆنگرەکان چانسی سەرکەوتنیان بۆ چوونەنێو سەرکردایەتی زیاتر بێت».

چنار ســەعد، یەکێکــە لەکاندیدەکانی کۆنگرەی پارتی بۆ سەرکردایەتی ئەو حزبە، ئەو قســەیە ڕەتدەکاتەوە دەڵێ «هاوکاری و پشــتگیری هاوڕێگەزەکانم دەکەم، دڵنیام ئەوانیش هاوکارم دەبن».

سەروین کەمال ٢٧ ســاڵ، فەرمانبەری میریــە، بەپێچەوانەی ڕاکانی زەیتوون، ڕای وایە «پارتی حزبێکی سەردەمییە، ژمارەیەکی زۆر لەژنــان لەناو ئەو پارتە پێگەشــتوون، ئێســتا لەپلەی باڵان لەناو دامووەزگاکانی حکوومەت».

ئەو کچە ئاماژە بەوەدەدات بۆشــایی ژن لەسەرکردایەتی پارتە سیاسییەکان پەیوەندی بەکەلتووری کۆمەڵگای کوردستانەوە هەیەو هێشتا زووە ژن بگاتە پلەی بەرز، چونکە ژن لەهەموو کات و ساتێکدا ناتوانێت کاربکات و سەرکەوتوو بێت.

بەشــێک لەپارتــە سیاســییەکان بــۆ چارەسەرکردنی نەبوونی ژن لەسەرکردایەتی پەنایان بۆ ڕێژەی کۆتا بردووە، مامۆســتای زانکۆی سلێمانی ئەشواق جاف، دەڵێ «دەبێ هەوڵبدەین سیستەمێکی وادابنێین بۆ ئەوەی زەمینە بۆ بەشــداری ژنان لەناوەندی بڕیارو دەسەڵاتی سیاسی بڕەخسێت».

ئــەو بەپێویســتی دەزانــێ حزبــە سیاســییەکان ئەندامەکانیان لەسەر بنەمای ڕۆشــنبیری پەروەردە بکــەن بەجۆرێک کە بەلایانەوە ئاســایی بێت دەنگ بەپاڵێوراوی ژن بــدەن و بــۆ هەموو شــتێک حزبەکان ناچار نەبن سیســتەمی کۆتا دەستنیشــان بکەن «سیســتەمی کۆتاو ڕێژە خزمەتی ژن ناکات، بەڵکوو پێویستە پارتە سیاسییەکان لەڕێگەی بەرنامەی ڕۆشــنبیری و هۆشیاری بەردەوامییان خزمەتی پرسی ژنان بکەن».

ئاڤان فارس جاف

چالاکڤانێکی مافی مرۆڤ: دەبوو لێبوردنەکە سەرۆکایەتی هەرێم: بڕیارێک نییە لێبوردن

لێبوردنە گشتییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە ٢٠٧ زیندانیانی هەرێمی گرتەوە، لەلایەن رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ژنانەوە رووبەڕووی ناڕەزایەتی بووەوە، بەو پێیەی ئەو بڕیارە ژمارەیەک کەسی گرتەوە بەتاوانی ژنکوشتن لەزیندانداا بوون. سەرۆکی ئەنستیتۆی کورد بۆمافەکانی مرۆڤ دەڵێ»بەهیچ شێوەیەک لەڕووی پرەنسیپی مافی مرۆڤەوە نەدەبوو ئەو لێبوردنە بکوژانی ژن بگرێتەوە».

سەرۆکایەتی و لێبوردن

سەبارەت بەمافی سەرۆکی هەرێم لەدەرکردنی ئەو بڕیارە پارێزەر ئومێد عەبدولسەلام، دەڵێ «بەگوێرەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو، سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی هەیە لێبوردنی تایبەتی بۆ حوکمدراوان دەربکات». راگەیەندراوەکەی سەرۆکایەتی هەرێمیش کە رۆژی ١٤ی نۆڤەمبەر بڵاوکرایەوە، دەڵێ «بەفەرمانی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم (٢٠٧) حوکمدراو لەبنکەکانی چاکسازی پارێزگاکانی هەرێم ئازادکران». لەراگەیەندراوەکەدا هاتووە «دۆسیەی ئەوحوکمدراوانە لەلایەن لێژنەیەکی یاساییەوە کاری پێویستی بۆ کراوە». دواتر لەوونکردنەوەیەکدا سەرۆکایەتی هەرێم رایگەیاند «لێبوردنی تایبەتی دوای دیراسەتێکی وردی دۆسیەی حوکمدراوەکان دارێژراوە». وەک دادوەر عەبدولباست فەرهادی، گوتەبێژی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێکرد «بۆ دەرچوونی هەر بڕیارێکی لێبوردنی گشتی، لێژنەیەک پێکدەهێنرێ و تاوتوێی کێشەکان دەکات». لەووونکردنەوەکەی سەرۆکایەتی هەرێمیشدا هاتووە «لێژنەی لێبوردنی تایبەتی لەدیوانی سەرۆکایەتی لەسێ بەڕێوەبەری گشتی پێکهاتووە، دواتر پرۆژەی ئەو لێبوردنە خراوەتەپێش لێژنەیەکی فراوانتر، ئەو لێژنەیە زۆر بەوردی لەتاوانی حوکمدراوان کۆڵیوەتەوە». لەبارەی ئەوانەی ئازادکراون دادوەر فەرهادی گوتی «بڕیارەکە ئەو کەسانەی گرتووەتەوە، کە مافی تایبەتییان لەسەر نەماوەو تەنیا مافی گشتی ماوەو دوو لەسەر سێی ماوەی یاسایی حوکمەکەیان بەسەر بردووە».

دەبێ لەسەر بنەمای پێوەر بێت

ئازادکردنی ژمارەیەک حوکمدراو، کە بەکوشتنی ژن تاوانباربوون، ناڕەزایی رێکخراوەکانی ژنانی لێکەوتەوەو سەرۆکایەتی هەرێمیش لەووونکردنەوەکەیدا ئەو پرسە دەبەستێتەوە بە «چەند رۆژنامەیەکی هەرێمی کوردستان لەسلێمانی»و دەڵێ «ئەو لێبوردنە تایبەتییەی سەرۆکی هەرێمیان بەهەلزانی تاچەند گروپێک لەژنان و کەسانی دیکە، بەتایبەت لەدەرەوەی وڵات بەخراپ تێبگەیەنرێن و هانیان بدەن هەڵمەتی دژ بەدەزگاکانی کوردستان و سەرکردە یاساییەکانیان رێکبخەن». تەلار لەتیف، پارێزەرو چالاکوانی بواری مافەکانی ژنان لەوبڕوایەدایە هەرچەندە بڕیاری لێبوردن وەک مافێک بەگوێرەی یاسا دراوەتە سەرۆکی هەرێم، بەڵام «پێویستە دەرچوونی ئەو بڕیارانە لەسەر بنەماو کۆمەڵێک پێوەربێت و نەبێتە هۆیەک، تاخەڵک لەیاسا نەترسێت و تەنانەت رێزی یاسادانەرانیشی لەلا نەمێنێت». هەروەها عەلی کەریم، بەپێویستی دەزانێت ئەو لێبوردنە مەرجدار کرابایەو «بەهیچ شێوەیەک شمولی بکوژانی ژنی نەکردبا».

یەکسانی جێندەری یان جیاکاری

ناڕەزایەتی رێکخراوەکانی ژنان وچالاکوانانی ئەو بوارە دوو رای پێچەوانەی لێکەوتەوەو ئەوەی بەلای پارێزەر ئومێد عەبدولسەلامەوە جێی سەرنج بوو «ئەو رێکخراوانە باس لەیەکسانی جێندەری دەکەن، بەڵام لەپرسێکی وادا دێن تەنیا بەرگری لەمافی ژنان دەکەن و داوای بەرنەدانی بکوژانی ژنان دەکەن، پێویستە وەک مرۆڤ چاو لەهەردوو رەگەز بکرێت، چونکە یاسا جیاکاری لەوروەوە نەکردووەو بەیەک چاو سەیری کردوون»، بەڵام تەلار لەتیف، دەڵێ «بەڵێ ئەوەی جیاوازی جێندەری هەیە ناچارین بێینە سەر باسی مافی ژنان، چونکە پیاو هەبوو لەبری ژنێک دوو ژنیشی کوشتووە، کەچی فەرمانی لێبوردن گرتوویەتەوەو بەردراوە». ئەو بۆچوونەی تەلار، پێچەوانەی بۆچوونەکەی ئومێدە کاتێ گلەیی لەرێکخراوەکانی ژنان و چالاکوانانی ئەو بوارە هەبوو، دەیگوت «پێویستە بەیەکچاو سەیری بکوژی هەردوو رەگەز بکرێت، چونکە مرۆڤی لەناوبردووە». سەرۆکایەتی هەرێمیش لەووونکردنەوەکەیدا باسیکردووە «کەس بەرنەدراوە لەبەرئەوەی بکوژی ژنەو حوکمدراوە، تەنیا لەسەرئەوەی ژنی کوشتووە، بەڵکو حوکمدراوە لەبەرئەوەی مرۆڤی کوشتووە چ پیاو بێت چ ژن».

ژنان لەوپەڕی بێدەسەڵاتیدا تیرۆر دەکرێن

لەرووی رەچاوکردنی بنەماکانی مافی

بکوژانی ژن نەگرێتەوە

لەبکوژی ژن قەدەغە بکات



مرۆڤەوە بەرپرسی ئەنستیۆتی کورد بۆ مافەکانی مرۆڤ عەلی کەریم، دەڵێ «**دەبوایە ئەو حوکمدراوانەی بەتاوانی ژنکوژی مەحکومن، بەهیچ شێوەیەک ئەو لێبوردنە نەیگرتبانەوە**». گوتیشی «**هەرچەندە پەیامی زیندان تۆڵەکردنەوە نییە، بەڵکو بۆچاکسازی و شیاندنی تاوانبارە، تاجارێکی دیکە بێتەوە نێو کۆمەڵگا، بەڵام ئەوانەی بەپاساوی بێبنەما ژنیانکوشتووە پێویستبوو سزای یاسایی خۆیان تەواو بکەن**». سەبارەت بەپرسی جیاکارینەکردن لەنێوان ژن و پیاودا گوتیشی «**ناکرێت واقیعی ئێستای کۆمەڵگای کوردستان نادیدە بگیرێت، پێویستە لەوروەوە ژن وەک پیاو سەیرنەکرێت**». چونکە بەگوتەی ئەو «**کۆمەڵگا ژنانی بێدەسەڵات کردووەو ئەوان دەچەوسێندرێنەوەو ستەمیان لێدەکرێت**». عەلی کەریم، زیاتر رووڕیکردەوەو گوتی «**ئەو ژنانە بەدەستی نزیکترین و خۆشەویستترین کەس لەبنەماڵەکانیان لەحاڵەتێکی زۆر بێدەسەڵاتانەدا تیرۆر دەکرێن، ئەوان هیچ توانایەکیان نییە بەرگری لەخۆیان بکەن، بەپاساوی شەرەفپارێزی دەکوژرێن و تاوانیان تەنیا ئەوەیە بەمیزاجی ئەوان رەفتاریان نەکردووە، ئەمەش لەگەڵ حاڵەتی کوشتنی پیاو جیاوازی هەیە، چونکە پیاو هیچ نەبێ توانای بەرگری لەخۆکردنی هەیە**». ئەمە لەکاتێکدایە بەگوێرەی یاسای سزادانی عێراقی ئەگەر تاوانی کوشتن بەشێوەی دڕندانە ئەنجامدراو کوژراوەکە هیچ توانای بەرگرییەکی نەبوو، ئەوا حوکمی بکوژ قورستر دەبێ و رەنگە حوکمەکەی لەنێوان زیندانی هەمیشەیی تا لەسێدارەداندا بێت. ئەو زیاتر

دواوگوتیشی «ئەگەر لەواقیعی کۆمەڵگادا جیاکاری نەکەین و ئیمتیاز نەدەینە ژن وەک حاڵەتێکی ئەرێنی، بێگومان هیچ ژنێک ناچێتە پەرلەمانەوە. هەندێکحاڵەت هەیە ئەو جیاکارییەی پێویستە، بۆیە دەبێ یاسا ئەو ڕەوشە لەبەرچاوبگرێت، تەنانەت واباشترە سزای بکوژی ژن و منداڵ دوو بەرامبەر بێت بۆ ئەوەی ببێتە قەڵغان و کەسانی دیکە بیر لەئەنجامدانی ئەو جۆرە تاوانانە نەکەنەوە».

سوڵحی خێڵەکی و یاسا

لەخاڵێکی ڕوونکردنەوەکەی سەرۆکایەتی هەرێمدا هاتووە «وڵاتی ئێمە هێشتا لەئاستی وڵاتانی ئەوروپادا نییە، بەڵکو هێشتا دابونەریتی خێڵەکی لەزۆر بواردا زاڵن، لەلای ئێمە سوڵح بووەتە عورف و هەندێکجار لەگەڵ پێوەری دیکەدا بۆ لێبوردنی تاییەتی بەهەند وەردەگیرێت».

ئومێد عەبدولسەلام، وەک یاساناسێک باس لەوەدەکات، لەیاسای سزادانی عێراقیداو یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی و لەبڕیارەکانی دادگادا، کار بەو پرەنسیپە دەکرێت «سوڵح سەروەری بڕیار و حوکمەکانە، بەگوێرەی بنەماکانی یاسای سزایی دەکرێت سوڵح لەدەرەوەو لەناو دادگادا بکرێت و یاسا ڕەچاوی ئەو حاڵەتەی کردووە، هەندێکجار سزای پێ سووک ناکرێت، بەڵام ئەگەر سوڵحکرا ئەوا مافی تاییەت نامێنێ و دەمێنێتەوە مافی گشتی». لەهەرێمی کوردستاندا بەهۆی کەلتووری باوی کۆمەڵگاو بوونی مەکتەبی کۆمەڵایەتی حزبەکانەوە، زۆرجار کێشەکانی دادگا لەڕێگەی سوڵحی خێڵەکییەوە چارەسەر دەکرێن و ئەمەش بەبڕوای کارناسانی یاسایی کاریگەری لەسەر ڕەوتی چەسپاندنی یاسا لەهەرێم داناوە. تەلار، باسی لەوەشکرد، خەڵک ئازادە، بەڵام مافی گشتی و مافی تاییەت هەیە، «من لەمافی تاییەتی خۆم خۆشبووم، بەڵام ناکرێت دەسەڵات لەمافی گشتی خۆش بێت، بۆ ئەوەی یاسا سەروەر بێت و نابێ سوڵحی خێڵەکی مافی گشتی بسڕێتەوە، پێویستە حکوومەت خۆی ئەو ئەرکە جێبەجێبکات و پارێزگاری لەمافی گشتی بکات، تا یاسا بەسەروەری بهێڵێتەوە».

دادگامان بۆ چییە؟

عەلی کەریم دەڵێ «ئێمە لەناو هۆزو خێڵدا ناژین، تاکێشەکان لەڕێگەی ڕیشسپی و پیاوماقوولانەوە چارەسەر بکەین، بەڵکو ئێمە لەکۆمەڵگادا دەژین و دەمانەوێ یاسا سەروەر بێت و پێویستە بۆ چەسپاندنی سەروەری یاساش ئەگەر تاک لەمافی خۆی خۆشبوو، ئەوا مافی گشتی بپارێزرێت و فەرامۆش نەکرێت». هەروەها ئاماژەی بەوەکرد، ئەگەر دادگا نەتوانێ کاری خۆی بکات و دەوڵەت نەتوانێ خۆی بسەلمێنێت، ئەوا ئەو دامەزراوانە شەرعییەتیان نامێنێ و ئیدی «ئێمە دادگامان بۆچییە مادام عەشیرەت لەدادگا گەورەتر بێت».

دەسەڵاتی دادوەری خۆی بچووککردووەتەوە

بەبۆچوونی ئومێد عەبدولسەلام، «ئەگەر لێبوردن دەرچوو، داواکاری گشتی هیچ دەسەڵاتی نامێنێت، چونکە ئەرکی دەسەڵاتی گشتی یەکەم ئەوەیە لەدادگا ئامادەبێت، دووەەم هەر حاڵەتێکی گەندەڵی و ئیختلاس هەبێت، ئەوا قسەی خۆی بکات، بەڵام لەهەرێمی کوردستان داواکاری گشتی خۆی گلەیی هەیەو دەڵێ کۆتوبەندییان لەسەرە». گوتیشی، کەموکورتی لەسیستەمی دادوەری هەرێمی کوردستاندا هەیەو «تائێستا دەسەڵاتی دادوەری خۆی بچووککردووەتەوەو نەیتوانیوە پەرە بەپەیوەندییەکانی بدات و وەک دەسەڵاتێکی سەربەخۆ خۆی بناسێنێت، تەنانەت پێویستی بەوە هەیە ڕاگەیاندنێکی کارای هەبێ و پۆلیسی دادوەری تاییەتیش هەبێت».

ئەرکی داواکاری گشتی

دادوەر عەبدولباست فەرهادی، سەبارەت بەڕۆڵی داواکاری گشتی گوتی «دوای دەرچوونی بڕیارەکە بڕواناکەم کارێکی ئەوتۆ بکرێت، چونکە داواکاری گشتیش ئەندامبووە، لەلێژنەکەو سەرۆکی وڵاتیش بەگوێرەی یاسا نوێنەرایەتی مافی گشتی دەکات و ئەو دەسەڵاتەی پێیدراوە لەمافی گشتی خۆش ببێت». سەبارەت بەڕۆڵی داواکاری گشتی تەلار لەتیف، گوتی «ناکرێت داواکاری گشتی بێدەنگ بێ، چونکە ئێستا ئەو باسە هاتووەتە نێو ڕۆژەڤەوەو هەموولایەک باسیدەکەن و پێویستە ئەویش قسەی خۆی بکات».

سەرۆکایەتی هەرێم: بڕیارێک نییە لێبوردن لەبکوژی ژن قەدەغە بکات

لێبوردنەکەی سەرۆکی هەرێم کەسانێکی گرتووەتەوە، ژنیان بەپاساوی جیاجیا کوشتووە، پاساویشی ئەوەیە «هیچ بڕیارێکی لەو شێوەیە نییە لێبوردنی بکوژی ژن قەدەغە بکات»، وەک لەڕوونکردنەوەکەدا هاتووە، یەکێک لەحاڵەتەکان بەربوونی حوکمدراو ساڵح ئەحمەد شەریف ناسراو بە (ساڵح مزەلی)یەو سەرۆکایەتی هەرێم ئاماژەی بەوەکردووە لێبوردنەکە «تەنیا لەیەک داوادا گرتوویەتەوە، ئەویش داوای ژمارە (٦٦٣/ج/٢٠٠٢) کە لەسەر کوشتنی ئافرەتێک و کوشتنەکەش لەسەر مەسەلەی ناموس نەبووە». لەڕوونکردنەوەکەدا ئەوەشخراوەتەڕوو «لەمەکتەبی کۆمەڵایەتی سەر بەیەکێتی نیشتمانی کوردستان لەمانگی سێی ساڵی ٢٠٠٦ بنەماڵەی کوژراو و بکوژ کۆنووسی ڕێککەوتنیان واژۆ کردووەو بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتنە ئەو کەسانە، بەگوێرەی یاسا خاوەن مافی کەسین تەنازولیان کردووە لەو مافانە لەپێش دادگا».

هەڕەشەی دووبارە

وەک ئەوەی تەلار لەتیف، باسیکرد، حاڵەتی دیکەش هەن بوونەتە هەڕەشە بۆسەر کۆمەڵگاو گوتی «پێویستە بەهیچ شێوەیەک لێبوردن ئەو حاڵەتانە نەگرێتەوە کە دووبارە هەڕەشە لەسەر کۆمەڵگا دروستدەکەنەوە»، بەڵام دادوەر فەرهادی گوتی «ئەگەر گیراوێک بەبڕیاری لێبوردن ئازاد بوو، دووبارە هەڕەشە دروستبکاتەوە، ئەوا دەبێ سکاڵای لەسەر تۆمار بکرێت و وەک حاڵەتێکی نوێ ڕێککاری یاسایی لەبەرامبەردا دەگیرێتەبەرو بەگوێرەی یاساش هەر حاڵەتێکی لەو شێوەیە ئەگەر دووبارە تاوان، ئەنجامبداتەوە، ئەوا ئەو حوکمەی تەواوی نەکردبوو، لەحاڵەتی تاوانی یەکەمیدا بەسەریدا دەسەپێتەوەو حوکمەکەی قورستر دەبێت».

ئەرسەلان ڕەحمان

www.negeye.com

«هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دەوروبەریش دەگرێتەوە»



وارڤین- تایبەت:

رۆژی ٢٥ تۆڤێبەری ٢٠١٠ بە بۆنەی رۆژی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەهاوبەشی نەتەوەیەکگرتووەکان، لەرێوڕەسمێکدا حکومەت بەرنامەی خۆی راگەیاند، لەو میانەیەدا سەرۆکی حکوومەت نیگەرانی خۆی لەبەرانبەر هەر جۆرە تووندوتیژییەک خستەڕوو و گوتی **«دەبێت بەیاسا رێگری لەتووندوتیژی بکەین، داوا لەپەرلەمان دەکەین پەلە بکات لەپەسەندکردنی پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی، بە هەموو جۆرەکانییەوە، بەتایبەت قەدەغەکردنی خەتەنە»**.

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تووندوتیژی هەرێمی کوردستان، کورده عومەر، باس لەوە دەکات **«هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی ئەمساڵ جیاوازە لەساڵانی رابردوو، ئەمساڵ هەڵمەتەکە زۆر فراوانترە، جگە لەبەڕێوەبەرایەتییەکانی تووندوتیژی، چەندین وەزارەتی پەیوەندیدار لەگەڵ هەڵمەتەکەدان»**.

لەمیانەی هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی حاڵەتی تووندوتیژی ڕوویداوە، بەڵام بەو ڕێژەیە نیە، پلانەکەی هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی بخاتە ژێر پرسیارەوە.

کورده دەڵێت **«بنەبڕکردنی تووندوتیژی بەرنامەی درێژخایەنی دەوێت، هەروا بە ئاسانی کۆتایی نایەت»**. گوتیشی **«لەمیانەی ئەو هەفتەیە ئەوندەی ئاگادار بین، حاڵەتی تووندوتیژی و کووشتن لەبەڕێوەبەرایەتییەکان تۆمار نەکراوە»**.

بۆ هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی ئەمساڵ نەتەوە یەکگرتووەکان، وەزارەتەکانی: (**ناوخۆ، پەروەردە، خوێندنی بالا، ئەوقاف و کاروباری ئاینی، ڕۆشنبیری وڵاوان**)، بەشداربیانکردووە، بەڕای کورده ئەو وەزارەتانە ڕۆڵیان هەیە لە کەمکردنەوەی تووندوتیژی و گوتی **«پەروەردە ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لەکەمکردنەوەی تووندوتیژییەکان، مامۆستایانی ئاینیش لەڕێی بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە دەتوانن خەڵک هۆشیار بکەنەوە»**.

بەڕێوەبەری فەرهەنگخانەکان لەوەزارەتی ڕۆشنبیری لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لێوژە جەلال، گوتی **«ئەمساڵ زیاتر گرنگی دەدەین بەدەرەوەی سەنتەری شارەکان»**.

ئەو هۆکاری ئەو بەرنامەییەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، بەگوێرەی ئامارەکان زۆر جار تووندوتیژی لەئەنجامی نەبوونی هۆشیارییە.

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیەکە، گوتیشی **«لەسەرتای ئەو هەفتەیەوە نزیکەی (٨٥) کۆڕو سیمینارییان سازداوە»**. کورده دەڵێت **«ئەو کۆڕو سیمینارانە کاریگەرییان دەبێت بەسەر هۆشیاری خەڵک، ڕۆڵی هەیە لەکەمکردنەوەی تووندوتیژی»**.

بەگوێرەی زانیارییەکانی وارڤین لەهەفتەی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی ٢٥ی تۆڤێبەر، حاڵەتی تووندوتیژی لەنەخۆشخانەو بەڕێوەبەرایەتییەکانی تووندوتیژی زیاتر هەوڵن بۆ خۆکوژی و بەئەنجام نەگەشتوون، (لە ٢٨ی تۆڤێبەر لە شارەدێی دارەشەکران کچێکی تەمەن ١٦ ساڵ بەهۆی دەستکاری چەکی باوکی بریندارببووە، سەرچاوەیەکیش لەنەخۆشانەی ئیمرجیسنی گوتی **«جۆری بریندارى ئەو کچە بەهۆی دەستکاری چەکەکە بووە، نەک هەوڵی خۆکوشتن»**.

ڕۆژی ٢٩ی تۆڤێمبەر کچێکی تەمەن ١٧ ساڵ لەهەولێر هەوڵی خۆکوشتنی داوە، بەڵام نەمردووە ئێستا لە نەخۆشخانە لەژێر چارەسەردایە.

کوردستان محەممەد، چالاکوانی بواری ژنان، بەگرنگی دەزانێت هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی ژنان بەرامبەر بەتووندوتیژی فراوان بکرێت، ئەو ڕای وایە **«ژن لەهەرشوێنێک بێت ئەگەر هۆشیار بوو بەرامبەر بەمافەکانی، هیچ کەس ناتوانێ تووندوتیژی بەرامبەر بکات»**.

گوتیشی **«هەوڵەکان پێویستان بەبەرنامەو ستراتیژییەت هەیە، دەبێت بزانین چۆن کاردەکەین، هەوڵەکانمان بەدۆزینەوەی هۆکارەکانی درێژەپێدانی ئەو حاڵەتە دەستپێبکەین»**.

لەهەرێمی کوردستان تائێستا یاساییەکی تایبەت بەبەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی نییە، جگە لەپرۆژە یاسایەک، کە لەخولی پێشووی پەرلەمانەوە پێشکەشکراوە تائێستا یەکلایی نەبووەتەوەو نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئاشتی عەزیز، لە لێژنەی بەرگریکردن لەمافی ژنان دەڵێت **«ململانێی سیاسی و کێبڕکێیە حزبییەکان لەپەرلەمان ئەو پرۆژە یاساییەی پەکخستووە، هاوکات ڕای وایە بیرکردنەوەی پیاوەکانی ناو پەرلەمانیش هۆیەکی دیکەیە، هەندێک لەئەندام پەرلەمانە پیاوەکان بڕواییان بە مەسەلەی ژن نییە»**.



پەرلەمانی کوردستان.. هەولێر ٢٠١٠ فۆتۆ: رەفیق شوکری

دوای ئەوەی پرۆژەیاساکە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کراو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، پرۆژەکە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان کرا، لەئێستاشدا لیژنەکان سەرقاڵی گفتوگۆکردن و ڕاپۆرت ئامادەکردنن لەبارەی پرۆژەیاساکە. لە لیژنەکانیشدا دوای گفتوگۆیەکی زۆر، سەبارەت بەو پرسەی"کام پێوەر دەبێتە بنەمایەکی بەهێز بۆ ئامانجێکی خوازراو لە یاساکەدا"، هەموولا کۆکبوون، کە ڕێژەی دەنگ پێوەرێکی دیموکراسی و دادپەروەرانەیە لەپشتیوانیکردنی حزب و کیانە سیاسییەکان.

لەبودجەی گشتی ئەمساڵی هەرێمی کوردستاندا بڕی ٩٠ ملیار دینار بۆ پشتگیری دارایی حزب و ڕێکخراوەکان تەرخانکراوە، نەبوونی یاسایەک کە چۆنیەتی خەرجکردنی ئەو بودجەیە ڕوونبکاتەوە، یەکێکە لەکێشەکانی بەردەم خەرجکردنی بودجەکە. لایەنە سیاسییەکانیش بەپێویستی دەزانن بەگوێرەی یاسایەک چۆنیەتی خەرجکردنی بودجەی حزبەکان دەستنیشانبکرێت.

سەرگۆڵ ڕەزا، پەرلەمانتاری لیستی کۆمەڵ، دەڵێ"ڕێکخستن و پێدانی بودجە بەحزبەکان بەگوێرەی یاسا کارێکی باشە، تا چیدی حزبەکان بەبێ یاسا مووچە وەرنەگرن، بەڵام پێویستی بەدانانی پێوەرێک هەیە بۆ چۆنیەتی پێدانی ئەو بڕە بودجەیە".

ئەو لەوبڕوایەدایە، بۆدابینکردنی ئەو بودجەیە کورسی پێوەر نەبێت باشترە، وەک گوتی"چونکە هەموو هەڵبژاردنێک ئەنجامی خۆی هەیە، لەوانەیە لەهەڵبژاردنێکدا کورسی کەم بێنم لەهەڵبژاردنێکی دیکەدا زیاتر".

گوتیشی"پێمباشە تەنیا ژمارەی کورسی نەبێ، بەڵکو ژمارەی دەنگەکانیش حیسابی بۆ بکرێت، بە ڕەهایی نەگوترێ ئەوەندە کورسی ئەوەندە دەنگەی هەیە، بۆ نموونە بگوترێ ئەو حزبانەی کە لە ١ تا ٥ کورسیان هەیە بودجەکەیان جیاواز نییە لەگەڵ یەک، یاخود ئەوانەی لە ٥ تا ١٠کورسییان هێناوە، بودجەکەیان لەوان جیاوازە، واتە تا بەڕەو سەرەوە بڕۆین، بودجەکە جیاوازی تێدا بێت".

گوتیشی"مەبەست لێرەدا ئەوەیە شێوازێک لەدادپەروەری بێتەدی، بۆ نموونە ئێستا حزب هەیە ١کورسی هەیە لەپەرلەمان، نابێ تەنیا لەسەر حیسابی ئەو کورسییە بودجەی پێبدرێت، بەڵکو پێویستە پێوەرێک بدۆزینەوە نزیک بێ لەدادپەروەرییەوە".

ئیسماعیل گەڵاڵی، پەرلەمانتاری لیستی گۆڕان، دەڵێ "پێویستە بنەمای فرەحزبی لە هەرێمی کوردستان بپارێزرێت، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە سەرچاوەیەکی مادی زۆر بۆ حزبەکان دابین بکرێت، وەک ئەوەی یەکێتی و پارتی دەیکەن و لەشکرێک لەخەڵک کۆدەکەنەوە، لەڕاستیدا ئێمە لەگەڵ ئەوە نین، بەڵام دەبێ بودجەیەکی سەرەتایی بۆ ئەو حزبە دابینبکرێت تابتوانێ پلانێک یان ڕۆژانەیەک، کۆمەڵێک شتی سەرەتایی دابینبکات، چونکە ئەگەر بودجە دابیننەکرێت بۆ حزبەکان، ئەوا دەسەڵات دەمێنێتەوە بۆ ئەو حزبانەی کە حاکمن و سااڵنێکی زۆرە سامانێکی زۆریان کۆکردۆتەوە، هەر بۆیە بودجەی حزبەکان گرنگە، بەڵام لەچوارچێوەیەکی یاساییداو بەڕێژەیەکی کەم تەنیا بۆ ئەوەی حزبەکە بتوانێت ئیدارەیەکی سەرەتایی خۆی پێبکات و نەبێتە سەرچاوەی ژیان بۆ خۆی و کادیرەکانی".

گوتیشی"دەکرێت بەگوێرەی ژمارەی دەنگدەران و ژمارەی کورسییەکان، بودجە بدرێت، بەڵام ئێمە کێشەی کۆتامان هەیە، لەڕاستیدا کۆتا دەنگیان زۆرزۆر کەمە، بۆ نموونە کۆتا هەیە

"بۆ ڕێگرتن لە هانابردنی حزبەکان بۆ دەرەوە پێویستە هاوکاری هەموان بکرێت"

پەرلەمانتاران داوای دابەشکردنی دادوەرانەی بودجەی حزبەکان دەکەن



بەمەبەستی ڕێکخستی کاری ڕێکخراوەیی و سیاسی لەهەرێمی کوردستان و یارمەتیدانی یاساییانەی حزبەکان لەلایەن حکوومەتەوە، لەسەرەتای دەستبەکاربوونی خولی سێهەمی پەرلەمانی کوردستان دوو پڕۆژەیاسا یەکێکیان لەلایەن حکوومەت و ئەوی دیکەیان لەلایەن فراکسیۆنەکانەوە پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کراون، بەئامانجی چۆنیەتی کۆمەککردنی حزب و لایەن سیاسییەکان.

دووهەزار تاسێهەزار دەنگی هەیە، کورسییەکی هەیە لەپەرلەمان، پێویستە هاوسەنگی بکرێت ئەگەر حزبێک بە کۆتا و بەچەند هەزار دەنگێک هاتووە بۆ پەرلەمان و حزبە کوردستانییەکان بەدەنگی زۆر لەوان زیاتر هاتوون ئەوە نادادپەروەری تێدایە، پێویستە ڕەچاوی ئەو حاڵەتەش بکرێت".

بەگوێرەی زانیاری وارڤین ڕێککەوتنێکی بەرایی لەئارادایە بۆ ئەوەی بەرامبەر هەر کورسییەکی پەرلەمان بڕی ٢٥ تا ٥٠ ملیۆن دینار تەرخانبکرێت.

هەردوو لیژنەی یاسایی و ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لەمیانەی کۆبوونەوەی خۆیاندا گەیشتنە ئەو ڕێککەوتنەی، کە بەگوێرەی ژمارەی کورسی بودجە بەحزب و بدرێت و ئەوانەشی بەشێوەی"کۆتا" کورسییان بەرکەوتووە، یانەوانەی کورسی پەرلەمانیان بەدەستنەهێناوە پشکێکیان پێبدرێت.

هەردوو لیژنە چەندین پێشنیاز و ڕاسپاردەیان ئامادەکردووە بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی ڕاپۆرتێکی هاوبەشی هەردوو لیژنە پێشکەش بەسەرۆکایەتی پەرلەمانی بکەن.

لیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمانیش یەکێکە لەو لیژنانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەو پڕۆژەیەوە هەیەو ئەو لیژنەیەش بەهەمانشێوە ڕاپۆرتی خۆی لەبارەی پڕۆژەکە دەداتە سەرۆکایەتی پەرلەمان.

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەلیژنەی کۆمەڵگای مەدەنی خەلیل عوسمان بە (وارڤین)ی ڕاگەیاند"بەگوێرەی یاسا شێوازی کۆمەککردنی دارایی حزب و کۆمەڵە سیاسییەکان بەدوو شێوازە، یەکێکیان بەشێوازی ڕاستەوخۆیەو ئەویدیکەیان ناڕاستەوخۆیە".

ئەو پەرلەمانتارە گوتیشی"دوو پڕۆژەیاسا لەلایەن فراکسیۆنەکانی پەرلەمان و حکوومەت پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کراوە، لەئێستادا لەلایەن لیژنەکانی پەرلەمانەوە ڕاشتنەوەیان بۆ دەکرێت، بۆیە دوای ڕاشتنی لەلایەن لیژنە پەیوەندیدارەکان دەخرێتە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی دانیشتنەکانی پەرلەمان و گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت".

ئەو گوتیشی"ئامانج لەبەیاساییکردنی شێوازی کۆمەککردنی حزب لەلایەن حکوومەت بەئامانجی خۆدوورگرتنە لەدەستتێوەردانی وڵاتانی دەرەکی بەتایبەت کە حزبێک تووشی قەیرانی دارایی دەبێت و پەنا دەباتەبەر لایەنێکی دەرەکی بۆ هاوکاری".

ئەوەشی ئاشکراکرد، لەئێستادا لەناو لیژنەکانی پەرلەماندا گفتوگۆی چڕ لەسەر چۆنێتی کۆمەککردنی حزب و کۆمەڵە سیاسییەکان لەسەر بنەمای ڕێژەی دەنگ و کورسی پەرلەمان دەکرێت، ئەگەرچی ڕەچاوی مێژووی هەندێ حزب و لایەنیش دەکرێت".

خەلیل عوسمان، پێداگیری لەسەر ئەوە کردەوە، پێویستە ئەو حزبانەی کورسی پەرلەمانیشیان بەدەستنەهێناوە، هاوکاری مادی بکرێن بۆ ئەوەی ئەو حزبانە لەکاتی قەیراندا ناچارنەبن پەنابەرنەبەر هاوکاری بیانی. لەوبارەیەوە گوتی"ئەوا دەبێت ئەوانیش بەجۆرێک لەلایەن حکوومەتەوە کۆمەک بکرێن، بۆ ئەوەی لەکاتی قەیراندا دەستی هانا بۆ وڵاتانی دەرەکی دڕێژ نەکەن".



بەهرە سدیق

گوتەبێژی ئەنجوومەنی دادوەری بۆ وارڤین:

مارەبڕین لەدەرەوەی دادگا گرێبەست بەتاڵ دەکاتەوە



دادوەر عەبدولباست فەرهادی — فۆتۆ: وارڤین

وارڤین – سلێمانی:

ماڕەکردنی ژن لای مەلا پێش دادگا، هەندێک لەژنان دڵخۆش دەکات و دەبێتە مەینەتیش بۆ ژیانی هەندێکی دیکەیان. هەرچەندە لەڕووی یاساییەوە ئەو جۆرە گرێبەستانەی لەدەرەوەو پێش ماڕەکردن لەدادگا دەنوسرێن بەتاڵن، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی کچ و کوڕەکان ماڕەکردنی پێش مەلایان خستووەتە پێش ماڕەکردنی بەردەم دادوەر. مامۆستایانی ئایینیش دەڵێن مەرجە کچ و کوڕ پێش دادگا بەگوێرەی شەرع لەیەک مارە بکرێن و گوتەبێژی ئەنجوومەنی هەرێمی کوردستانیش دەڵێ **«ئەو کەسانەی پێش دادگا لەدەرەوە ماڕەدەکرێن رووبەڕووی سزای یاسایی دەبنەوە»**.

مەڕوا ١٣ ساڵ ماوەی دوو مانگە پرۆسەی هاوسەرگیری پێکهێناوەو ئێستا گوازراوەتەوە، ئەو لەکاتێکدا دەستی لەناودەستی هاوسەرە ١٧ساڵەکەیدابوو بەپێکەنینەوە باسی لەوەکرد، بەهۆی ئەوەی تەمەنی هەردووکیان لەیاسادا رێگەپێدراو نەبووە، بۆ هاوسەرگیری بۆیە لەلای مەلا ماڕەکراون. **«دادگا ماڕەی نەدەکردم، ئەگەر مەلا نەبوایە نەمدەتوانی ببمە هاوسەری ئەو کوڕەی خۆشمدەوێت و دەبوایە هەر لەچاوەڕوانیدا بوومایە»**. ئەو گوتیشی **«ناتوانم لەدادگا گرێبەستی هاوسەرگیری (عەلام) دەر بکەم ئەمەش کێشەم بۆ دروستدەکات بۆ منداڵبوون، بەڵام گرنگ ئەوەیە گەیشتم بەو کەسەی خۆشمدەویست»**.

کۆیستانی ٤٤ ساڵ یەکێکە لەو ژنانەی کە پێچەوانەی مەڕوا بەهۆی ماڕەکردنی مەلا کە خۆی بە **«مەلای لا کۆڵان»** ناویان دەبات ژیانی لێ تاڵبووەو دوای ١٩ ساڵ ژیان لەگەڵیدا بڕیاری جیابوونەوەی داوە لەمێردەکەی. ئەو گوتی **«مێردەکەم بەدزی منەوە ژنێکی دیکەی هێناوەو لای (مەلای لاکۆڵان) ماڕەی کردووە، ئەگەر ڕێ لەو مەلایانە بگیرایە، کە بێ وەرەقەی دادگا ماڕەدەبڕن ئەوە من تووشی ئەو حاڵە نەدەبووم»**. ئەو گوتیشی **«مێردەکەم داوای لێکردم لەگەڵیدا بڕۆم و عەلام دەربکات بۆ ژنەکەی، بەڵام من لەبری ئەوە لێی جیا دەبمەوە»**.

ئەو ژنە بەدڵی پڕو چاوی پڕ لەفرمێسکەوە گوتی **«ئاواتەخوازم کەس وەک منی لێ**

بەسەرنەیەت و ماڕەکردن لەدەرەوەی دادگا قەدەغەبکرێت، ئەگەر یەکێکیش بیەوێت ئەوا بەبێ نووسراوی دادگا، مەلا ماڕەی نەکات».

(**شەن**)ی ٢٢ ساڵ، لەلای مامۆستایەکی ئایینی ناسراوی شارەکە ماوەی ٣ مانگە هاوسەرگیریکردووە، ئەو گوتی «**نەریت وایە، یەکەمجار مەلا مارەت بکات، دواتر بچیتە دادگا، هەموو خوشکەکانم ئاوا مارە کراون**». گوتیشی «**مالّی ئێمەو مالّی زاواش هەر وامان پێباشبوو لەگەڵ عادەت و تەقالیددا بین**».

مامۆستای خوێندنی ئیسلامی لەزانکۆی سلێمانی د.عیرفان ڕەشید گوتی «**دەبێ لە پێش ماڕەکردنی حاکم، کچ و کوڕ بەگوێرەی شەرع مارە بکرێن و ئەو مامۆستایانەی کە خاوەنی بڕوانامەی زانستە ئاینییەکان بن پرۆسەی ماڕەکردن ئەنجامبدەن**». ئەو گوتیشی «**پێویستە هەماهەنگی هەبێت تارێ لەو حاڵەتانە بگیرێت، کەلە دادگا مارە نەکرێن و تەنیا لای مەلا دەکرێن و دادگا لەگەڵ مامۆستایانی ئایینی هەماهەنگ نییە، چەندینجار داوامانکردووە پەیوەندی هەبێت، بەڵام دادگا ڕەتیکردووەتەوە**».

ئەو ڕەخنەشی لەهەندێک لەدادوەرەکان گرت و گوتی «**زۆرجار دادوەرەکان ئەو مەرجانەی لەشەرعدا هەیە بۆ ماڕەکردن جێبەجێ ناکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی هاوسەرگیرییەکی دانەمەزراو**».

پرۆسەی هاوسەرگیری لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە بەگوێرەی کەلتوورەکان جیاوازەو لەهەرێمی کوردستانیش بەچەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، بەشێک لەگەنجان دەڵێن، هەبوونی ئەم قۆناغانە گرنگە بۆ لەیەکتێگەشتنی دوو کەسەکەو خێزانەکانیان و بەشێکی دیکەیان لەوبڕوایەدان پرۆسەکەی قورسکردووەو فشاری ئابووریشی لەسەر داناون.

هاوژینی ٢١ساڵ یەکەمجار لەدادگا ماڕەکراوەو دواتر لەلای مامۆستای ئایینی، ئەو گوتی: «**ئەوە پێشنیازی باوکی بووەو گوتوویەتی حاکم وەک مەلا وایە**». ئەو گوتیشی «**زۆرم حەز دەکرد وەک هەندێک لەوڵاتانی دیکە پرۆسەی ماڕەکردن و گواستنەوەم هەر یەکڕۆژبووایەو لەبەردەمی خەڵکداو لەئاهەنگەکەمدا ماڕەبکرامایەو هەر لەهەمانڕۆژیشدا بگوازرامایەتەوە، منیش و هاوسەرەکەشم لەو فشارە دەروونی و ئابوورییە رزگارمان دەبوو، کە لەدەزگیراندایدا هەمانبووە، بەڵام نەریت رێگە بەوە نادات، دەبێ هەموو کچ و کوڕێک بەقۆناغی دەستگیراندایدا تێپەڕن و دووجار مەسرف بکەن**».

گوتەبێژی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان دادوەر عەبدولباست فەرهادی بۆ وارفین گوتی «**بەگوێرەی یاسا ماڕەبڕین دەبێ لەدادگا بکرێت و ڕەزامەندی هەردوو لایەنەکەی لەسەربێت، دوو کەسیش شایەتبن و دادوەر ماڕەیان بکات**». ئەو گوتیشی «**ئەو کەسەی لەدەرەوەی دادگا ماڕەبکرێت دووچاری سزای یاسای دەبێ و گرێبەستەکەیان بەتاڵەو عەلامیان بۆ دەرنایەت تا لەدادگا مارە نەکرێن**».

ئەو دادوەرە دەربارەی ئەو مەلایانەی ئەمکارە دەکەن گوتی «**ئەوەی کۆلیژی شەریعەیان تەواوکردووەو شارەزان خۆیان لادەدەن لەوەی لەپێش دادگاوە خەڵک مارە بکەن**»، گوتیشی «**زۆرجار خادیمی مزگەوت و هەندێک کەسی نەخوێندەوار و مەلای ناشارەزا ئەوە دەکەن، ئەو کەسانەش کە ئەوکارە دەکەن بەگوێرەی یاسای باری کەسێتی سزا دەدرێن**».

دادوەر فەرهادی، سەبارەت بەو ژنانەی، لەم ڕێگەیەوە ژنیان بەسەردا دێت گوتی «**دادگا ناتوانێت لەخۆڕا کەس زیندان بکات، بەڵام دەبێت ژنەکە سکاڵا بکات و شایەتی هەبێت و ئەوکاتە ڕەنگە پیاوەکەی ماوەی سێ ساڵ سزا بدرێت و گرێبەستەکەشی لەگەڵ هاوسەرە نوێیەکەی بەتاڵەو عەلامیان بۆ دەرناهێنرێت تا لەدادگا مارە نەکرێن**».

بەپێچەوانەی لێدوانی مامۆستای خوێندنی ئیسلامی لەزانکۆی سلێمانی د. عیرفان ڕەشید، لەبارەی ماڕەکردن لەدەرەوەی دادگاو پێش بەستنی گرێبەستی هاوسەرگیری لەدادگا، سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئایینی کوردستان مامۆستا نیاز ڕاغب، بۆ وارڤین گوتی «**هاوڕاین لەگەڵ دادگاو پێمانباشە کوڕان و کچان لەپێشدا لەدادگا لەیەک مارە بکرێن، ئینجا بچنە لای مەلا**».

گوتیشی «**ئەو کەسانە خۆیان باوەڕیان وایە لەپێشدا لای مامۆستایانی ئایینی مارەببڕن و خۆشیان بەڕپرسن و مامۆستای ئایینی دەستپێشخەر نییەو خەڵک داوای لێدەکەن ئەوە بکات**».

مامۆستا ڕاغب، ڕوونیشیکردەوە «**من ئاگادارم زۆرجار خەڵک داوای لەمامۆستای ئایینی کردووە بۆ ماڕەکردن، بەڵام مامۆستاکە نەیکردووە، چونکە نووسراوی دادگای پێنەبووە، جاریش هەبووە بەهۆی خزمایەتی و ناسیاوی مامۆستاکە ناچاربووە بیکات**».

ئەو سەبارەت بە یەکگرتنەوەی کارەکانی دادگاو مامۆستایانی ئایینی و ئاسانکاری بۆ هاوڵاتیان گوتی «**پرۆژەیەک لەلایەن یەکێتی زانایانی ئایینی پێشکەشی پەرلەمان کراوە، بەناوی (مەئزونی شەرعی) واتە مامۆستایانی ئایینی بڕیاری ماڕەکردن دەدەن بەهەماهەنگی لەگەڵ دادگا و کچ و کوڕ تەنیا یەکجار مارەدەکرێن**».

سەبارەت بەگرنگی ئەو پرۆژەیەی یەکێتی زانایان گوتی «**ئەم پرۆژەیە بۆ ئاسانکردنی کاری خەڵک و ڕزگاربوون لەمەلای نابەڕپرس و یەکخستنەوەی کاری ئایینی و دادگایە. ڕێگەپێدراوانی شەرعی هەڵدەبژێردرێن لەهەر ناوچەیەک بۆ ماڕەکردن و دەبێ ئەو کەسانە شارەزای ئایین و دەرچوانی بەشی شەریعەبن و سەر بەوەزارەتی دادیش دەبن**».



هەژان خالید

هەڤپەشەیی کوشتیان لێکردووە

٤ کەس ژێك دەڤڕفێنن و دەستدرێژی سێکسی دەکەنە سەر

«**چوار کەس هاتنەماڵەکەم، ئەوان دوو دەمانچەو چەقۆیەکیان پێبوو، بەناوی ئاسایش هاتن، داوای ناونیشانی ماڵی ژنێکیان لێکردم، منیش پێمنەگوتن، زۆریان لێدام و دەستیان خستەسەر دەمم و منیان لەگەڵ خۆیان برد بۆ شوێنێکی چۆڵ و دوور. کەسی لێنەبوو، زۆر ئازاریاندام و لێیاندام، لەدەموچاوم و لوتمیاندا، دواتر هەر یەکەیان چەندجارێک دەستدرێژی سێکسیان کردەسەرم و ٢٠٠ دۆلاریشم پێبوو، ئەویشیان لێبردم و دەیانویست بمکوژن**».

سنۆبەر ناوی خوازراوی ئەو ژنەیە، کە لەماڵەکەی خۆیداو لەلایەن ٤کەسەوە کاتژمێر یەکی شەوی ١٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٠ دەڤڕفێندرێت. سنۆبەر، ژنێکی باڵا مامناوەندییە، لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٢، فەرمانبەری دامەزراوەیەکی حکوومییە، ١١ساڵە شوویکردووە، منداڵی نییە، بەڵام ماوەی ٣ ساڵە، مێردەکەی بەجێیهێشتووەو جارجار هاتووەتە لای، زۆربەی کاتەکان ئەو ژنە بەتەنیا لەماڵەوە بووە.

سنۆبەر، بەهۆی بوونی گرفت لەگەڵ هاوسەرەکەی ماوەی چەندمانگێکە بەتەواوی لەدادگا تەڵاقی لێوەرگرتووە. ئەو باسی لەهۆکاری جیابوونەوەی لەمێردەکەی کردو گوتی «**هاوسەرەکەم بەدزی ژنێکی دیکەی هێناوە، کاتێک زانیم داوای تەڵاقم کرد**». ئەو باسی لەوەشکرد مێردەکەی ماوەیەکی زۆر مووچەکەی ئەوی وەرگرتووە، چونکە ڕەگەزنامەکەی لای ئەو بووە، پاش ئەوەی سکاڵای لێکردووە ڕەگەزنامەکەی لێوەرگرتووەتەوە. سنۆبەر، تا ئەوکاتەی تەڵاقیوەرگرتووە هەر لەخانووی هاوسەرەکەی ژیاوە، دواتر ناچاربووە هەوڵی گرتنی خانووی کرێ بدات، بەگوتەی خۆی داوای یارمەتی لەبرای هاوڕێیەکی کردووەو گوتی: «**پێش ئەوەی بەتەواوی تەڵاق وەربگرم داوای یارمەتیم لەبرای هاوڕێیەکم کرد تا خانوویەکم بۆ بدۆزێتەوە**». دوای ماوەیەک برای هاوڕێیەکەی کە ناوی ڕەوەندە، هاتووە پێیگوتووە ژنێک هەیە بەناوی نەسرین بەتەنیا دەژی و دەتوانێت لەگەڵ ئەو بەیەکەوە خانوو بگرن، بەگوتەی سنۆبەر هەر لەسەرەتاوە لەڕەوشتی ئەو ژنەی پرسیوە کەژنێکی چۆنە؟ ڕەوەندیش پێیگوتووە «**تۆ حەقت بەو ژنەوە نەبێت، بۆ خۆت دەوامی خۆت بکەو تێکەڵی ئەو مەبە**». سنۆبەر، زۆر بەپەڕۆشەوە قسەی دەکردو گوتی «**ئەوکاتە هەر دڵنیانەبووم لەگەڵ ئەو ژنە خانوو بگرم، بۆیە بەبرای هاوڕێیەکەم گوت با ئەو ژنە ببینم**»، وەک خۆی باسی لێوەکرد، ئەو ژنە ڕۆژێک خۆی تەلەفۆنی بۆ کردووەو خۆی پێناساندووە، دواتر هەر لەڕێگەی ڕەوەندەوە ئەو ژنەی بینیووە، «**دوای ئەوەی ئەو ژنەم بینی تەلەفۆنم بۆ ڕەوەند کرد، گوتم پێمخۆش نییە لەگەڵ نەسرین بژیم، چونکە نەچووە دڵم**»، سنۆبەر گوتیشی «**ماوەی٢ ساڵە نەسرین دەناسم**».

بەگوتەی سنۆبەر لەوکاتەوە نەسرین، خۆی کردۆتە هاوڕێی، ڕۆژێک تەلەفۆنی بۆ کردووەو داوای لێکردووە ماوەیەک لەماڵی ئەو بێت، چونکە ماڵ و شوێنی نەماوە. ئەوکات سنۆبەر هەر لەماڵی مێردبووە چونکە لەدادگا تەڵاقیوەرنەگرتبوو و بەتەواوی لێی جیانەببووەوە. سنۆبەر گوتی «**٤ هەفتە نەسرین لەماڵی من بوو، هەندێکجار شەو دەرەنگ لەگەڵ ئۆتۆمبێل دەگەڕایەوە، هیچ جارێک لێمنەدەپرسی لەکوێ بووەو چیدەکات، داوای ئەو مانگە نەسرین، لەماڵەکەم ڕۆیشت**». دواتر سنۆبەر باسی لەوەکرد دوای ئەوە تەڵاقی لەمێردەکەی وەرگرتووە، لەکۆمپانیایەک کاریکردووە، سنۆبەر گوتی «**دوای ئەوەی تەڵاقم لەمێردەکەم وەرگرت، پاش ئەوە چووم لەکۆمپانیایەک کارم کردو ماوەیەک لەوێبووم و هەر لەوێش دەژیام، خاوەنی کۆمپانیاکە لەوێ جێگەی حەوانەوەشی پێدابووم**». دوای ئەوەی دەوامی ڕەسمی خۆی دەستی پێکردەوە وازی لەکارکردن لەو کۆمپانیایە هێناوە، چونکە مووچەکەی خۆی بەشیکردووە پێویستی بەوەنەبوو لەشوێنی دیکە کاربکات «**خانوویەکم بۆ خۆم گرت و ڕۆژانە دەوامی خۆم دەکردو کێشەم نەبوو، تا ئەو شەوەی ئەو چوار کەسە هاتنەماڵەکەم و منیان برد**».

شەوی ٢٠١٠/١١/١٨، کاتژمێر ١ی شەو ئەو ٤ کەس چوونەتەسەر ماڵی سنۆبەر، داوای ناونیشانی ماڵی نەسرینیان لێکردووە، بەگوتەی خۆی، رازینەبووە ناونیشانی ماڵی نەسرین بەو چوارکەسە بڵێت، ئەوانیش لێیانداوەو گوتوویانە نەسرین دەناسن و وێنەمان لەگەڵ گرتووەو هەمووی بڵاودەکەینەوە، ئەویش پێیانیگوتووە، کە ئەو دەناسن بۆ هاتوونەتەسەر ماڵی من و چیتان لەمن دەوێت، سنۆبەر گوتیشی «**ژۆر لێیان پارامەوە وازم لێبهێنن، بەڵام ئەوان ژۆر ئازاریاندام و لێیاندام**». سنۆبەر باسی لەوەشکرد ماوەیەک بەر لەئێستا نەسرین ناونیشانی ماڵەکەی خۆی گۆڕیووەو پێیگوتووە ناونیشانی ماڵە نوێیەکەی بەکەس نەڵێت.

شوێنەواری ئەشکەنجەدان و لێدان بەڕووخساری سنۆبەرەوە دیاربووو ڕووخساری شێوا بوو، جارجار بەدەنگێکی نزم قسەی دەکرد و جارجاریش دەنگی بەرزدەکردەوەو لەنێو قسەکانیشی بەپچڕپچڕی دەیگوت «**دەبێ ئەو کەسانە سزابدرێن، حەقی من وەربگیردرێت، لێیانخۆش نابم، من کەسێکی**

www.peiwe.com



پاکم کەس جەستەی منی نەبینیوە، جگە لەمێردەکەم»، ئەو باسی لەشەوی رووداوەکە کردو بەو شێوەیەگێڕایەوە **«ئەو چوار کەسەی هاتنە مالّەکەم، من تەنیا یەکیانم دەناسی ئەویش مەریوانە، ئەوان دوو دەمانچەو چەقۆیەکیان پێبوو، بەناوی ئاسایش هاتن، داوای ناونیشانی مالّی نەسرینیان لێکردم و منیش کە پێمنەگوتن زۆریان لێدام و دەستیان خستەسەر دەمم و لەگەڵ خۆیان منیان برد بۆ شوێنێکی چۆڵ و دوور. کەسی لێنەبوو لەوێ هەر چەند هاوارم کرد، کەسی لێنەبوو، زۆر ئازارياندام و لێياندام، لەدەموچاوم و لوتمیان دا، چەند جارێک ویستم لەژێر دەستیان خۆم رزگار بکەم و دەستم بۆ دەمانچەی دەستی یەکێکیان برد، بەڵام ئەوان ٤ کەس بوون نەمدەتوانی خۆم رزگار بکەم، هەرچەند هەوڵمدا، دواتر هەر یەکەیان چەندجارێک دەستدرێژی سێکسی کردە سەرم و ٢٠٠ دۆلاریشم پێبوو، ئەویشیان لێبردم و هەڕەشەی کوشتنیان لێمکردو دەیانویست بمکوژن»**. هەر ئەو شەوە ئەو چوار کەسە سنۆبەر دەگەڕێننەوە مالّی خۆی و یەکێک لەو چوار کەسە سنۆبەر دەیناسێت بەناوی مەریوانە بەگوتەی سنۆبەر ئەو کاتی خۆی مەریوانی لەرێگەی نەسرینەوە ناسیوە. ئەو شەوە تادرەنگ مەریوان لەمالّی سنۆبەر ماوەتەوە. سنۆبەر باسی لەوەکرد زۆر ئازارياندواوە ئاگای لەخۆنەبووە کاتێک بەئاگا هاتووەتەوە مەریوان، لەمالّی ئەو بووەو پێیگوتووە ئەگەر لەبەر ئەو نەبووبا دەیانکوشت، سنۆبەر گوتی **«بەمەریوانم گوت تۆ ئەو کەسانەت هێناوەتە مالّی من، بەڵام ئەو ئەوەی رەتکردەوە نکۆڵی لەوەکرد ئەو لەگەڵیان بێت و گوتی هەڕەشیان لێکردووم و ناچاریان کردووم بیانهێنم بۆ مالّی تۆ»**.

ئەو ژنە باسی لەوەشکرد بۆ بەیانییەکەی دوای ئەوەی ئەو ٤ کەسە گەڕاندوویانەتەوە بۆ مالّی خۆی تەلەفۆنی بۆ نەسرین کردووەو باسی رووداوەکەی بۆ گێڕاوەتەوەو ئەویش تەلەفۆنی بۆ ئەو کەسانەکردووە ئەوانیش گوتوویانە ئەگەر سکالّامان لەسەر تۆمار بکات خراپتری پێدەکەن، بەڵام ئەو گوێی بەو قسانە نەداوەو هەر ئەو رۆژە سکالّای لەسەر ئەو چوار کەسە تۆمارکردووە، دادوەری لێکۆڵینەوەش بەگوێرەی ماددەی ٣٩٣ی یاسای سزادانی عێراقی بڕیاری دەستگیرکردنی تاوانبارانی دەرکردووە.

تا ئێستا یەکێک لەو ٤ کەسە دەستگیرکراون و لێکۆڵینەوەو بەدواداگەڕانی سێ تۆمەتبارەکەی دیکە بەردەوامە. سنۆبەر، باسی لەوەشکرد، خزم و کەسی ئەو کەسانە هاتوون پارەی پێبدەن تا لەسکالّاکەی پەشیمان ببێتەوە، بەڵام ئەو رازینەبووەو گوتی **«من رازینابم و پارەم ناوێت و پێمگوتوون من لەشفرۆش نیم تا بەپارە رازیبم»**.

هەروەها سنۆبەر باسی لەوەشکرد نەسرین، لەگەڵ کەسووکاری ئەو ٤ کەسە رێککەوتووەو شایەتی دژی ئەو داوەو گوتی **«نەسرین ئێستا لەدژی من لەگەڵ ئەوان رێککەوتووە»**.

تێبینی: ناوەکان خوازراون



ساکار رۆستەم

ڕێکخراوەکانی ژنان بە بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری ژن دڵخۆشن

وارڤین – تایبەت:

بەگوێرەی ڕاپۆرتی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی تووندوتیژی دژبەژنان دەرکەوتووە، بەڕێژەی ٥٠ ٪ ڕێژەی کوشتنی ژنان کەمبووەتەوە و ئاستی تۆمارکردنی سکاڵاکان بەڕێژەی ٢٠٠٪ زیادیکردووە و ڕێکخراوەکانی ژنایش لەوبڕوایەدان ئەگەر ژنان بەرگری لەمافەکانی خۆیان بکەن و ڕێگەی دادگا بگرنەبەر، حاڵەتەکانی گیانلەدەستدانی ژنان کەمدەبێتەوە.

بەڕێوەبەرایەتی تووندوتیژی دژبەژنان فەرمانگەیەکی سەر بەوەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، لەساڵی ٢٠٠٧ دامەزراوە، تایبەتە بەبەدواداچوونی تووندوتیژی دژی ژنان لەناوچەکانی هەرێمی کوردستان.

ئەو بەڕێوبەرایەتییە ماوەی هەر شەش مانگ جارێک ئاماری تووندوتیژی لەهەرێمی کوردستان بڵاودەکاتەوە، دوائامارییان لە ٢٠-٦ ئەمساڵ بڵاو کردەوەو زانیارییەکانی بەمشێوەیە بوون (**کوشتن ٥٩، سووتان ٢٣٩، سکاڵا ١٠٣٨، ئەشکەنجەدان ٦٧١، تووندوتیژی سێکسی٦٣**).

بەڕێوەبەری بەدواداچوونی تووندوتیژی دژ بەژنان لەهەولێر نەقیبی مافپەروەر ژیلەمۆ عەبدولقادر گوتی «**ڕێژەی زیادبوونی سکاڵا لەلایەن ژنانەوە دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی هۆشیاری ژن و بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیریان، چونکە پێشتر بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت نەبوو بەناوی (بەڕێوبەرایەتی تووندوتیژی دژ بەژنان) هەرچەندە لەسالانی پێشوو لەهەموو بنکەکانی پۆلیس سکاڵا تۆمار دەکرا، بەڵام ژنان لەبەر هەر هۆیەک بێت نەیانزانیوە لەوێ سکاڵا تۆمار بکەن**».

گوتیشی «**لەساڵی ٢٠٠٧ەوە ئەو بەڕێوبەرایەتییە کراوەتەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ژن هەست بەدڵنیایی بکات، بزانێ بەرگری لێدەکرێت، هەرچەندە ئەو سکاڵایانەی لای ئێمە تۆمار دەکرێت، ڕەوانەی پۆلیس دەکرێن، بەڵام تا کۆتایی خۆمان بەدواداچوونی بۆ دەکەین، تاکو ژنان دڵنیان بن، دەگەن بەمافی خۆیان**».

هەروەها گوتی «**ئەو سکاڵایانەی، لای ئێمە تۆمار دەکرێت، ئەگەر پەیوەست نەبوون بەمافی گشتییەوە ئەوا لایەنەکان بانگدەکەین و لەڕێگەی وتوێژەوە هەوڵی**



کۆبوونەوەی ژنان، هەولێر.. هۆتێل خانزاد ٢٠١٠

چارەسەرکردن دەدەین، بەتایبەتی لەنێوان ژن و مێرد بۆ ئەوەی درێژە نەکێشێ و نەبێتە هۆی تەلاقدان، بەڵام ئەوانەی لەتوانای ئێمەدا نەبێت، وەک ئەوانەی مافی گشتی تێدایە، ڕەوانەی دادگایان دەکەین و ئەگەر لەدادگای لێکۆڵینەوە چارەسەر نەکرا، ئەوا ڕەوانەی دادگای تایبەت بەزیندان و تاوان دەکرێن، تاوەکو بڕیاری کۆتایی وەردەگرین، بەردەوام چاودێری پرۆسەکە دەکەین».

سەبارەت بەو ژنانەی، کێشەکانیان چارەسەر دەکرێن گوتی **«ئێمە دۆسیەیان بۆ دەکەینەوەو ژمارەی خۆمانیان پێدەدەین، تاکو ١٥ڕۆژ جارێک سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکەن»**.

هەرچەندە لەساڵی ٢٠١٠ ڕێژەی تووندوتیژی دژ بەژنان کەمبووەتەوە، بەڵام جۆری تووندوتیژییەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، لەو چوارچێوەیەدا زۆربەی ئەو ژنانەی، کە کوژراون بەدەستی مێردەکانیان بووە، لەگەڕەکی تەیراوەی هەولێر ژنێک بەناوی (ن.م.ج) لەدایکبووی ١٩٦٣ لەئەنجامی بەرکەوتنی چەند گوللەیەک لەلایەن (ف.س.ک.)ی مێردی گیانی لەدەستدا. هەروەها دادخوازی زامداری ژن (ش. ح. ح.) تەمەن١٩٨٢ پیشەی ژنی ماڵەوە، دانیشتووی خەبات سکالای دژ بەمێردەکەی تۆمارکردووە کە ناوی (س.ش.ج.) لەبەرئەوەی لێیدراوەو چەندجارێک قژی بڕیووەو جارێکیش بەچەک بریندار کردووە، شوێنەواری دوو فیشەک لەسەر جەستەی هەبووە.

لەساڵی ٢٠٠٩ جۆری تاوانەکان جیاوازبوون هەندێ لەتاوانەکان ژن خۆی بەشداربووە تێیاندا، شوفێرێکی تەکسی بەناوی (ز.ع) تەمەن ٢٩ ساڵ، کە ماوەی ٥ مانگ بوو ژیانی هاوسەری پێکهێنابوو، کاتژمێر ٨،٣٠ بەیانی لەنزیک چوارڕێیانی عەداله لەلایەن دوو پیاو دەکوژرێ، (چ)کە ژنی (ن)، گوتی **«کاتێک ماڵی (ن) هاتنە داوام لەبەرئەوەی دراوسێمان بوون، هەموو لایەک رازیبوون، هەرچەندە من ٥ ساڵ لەمەوبەر کوڕێکم خۆشدەویست بەناوی (خ)، بەڵام ئەو هاتە داوام، خوشکەکەم رازینەبوو، لەبەرئەوە برام پێیگوتن رازینین و ئەوانیش جارێکی دیکە نەهاتنەوە داوام»**، لەبەرئەوە لەگەڵ ئەو کوڕە پلانی کوشتنی مێردەکەی داناوە.

زۆربەی ڕێکخراوانی ژنان پێیانوایە، تۆمارکردنی سکالا هۆیەکە بۆ ئەوەی بەدواداچوون بۆ کێشەکانی ژنان بکرێت و گوێ لەکێشەکانیان بگیرێت، چ لەڕووی یاسایی چ لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، ئەمەش هۆیەکە بۆ ئەوەی تووندوتیژی بەرامبەریان کەمتر ببێتەوە.

چالاکوان لەبواری مافەکانی ژنان تەلار یوسف، سەبارەت بەکەمبوونەوەی تووندوتیژی و زیادبوونی سکالا پێیوابوو یەکێک لەهۆکارە سەرەکییەکان دەگەڕێتەوە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری تاک بەتایبەتی ژنان **«ڕۆڵی سەرەکیش دەگەڕێنمەوە بۆ ڕێکخراوەکانی ژنان و کارەکانیان بەجدی ڕاپەڕاندووەو ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ژنان لەکاتی بەرەنگاربوونەوەی هەر تووندوتیژیەک پەنا بێنن بۆ تۆمارکردنی سکالا، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری ژنان، چونکە سکالا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی تووندوتیژییەکە لەسەرەتادایەو بایەخی لەوەدایە، کە ئەو پرسە نەگات بەرادەی خۆکوشتن یان خۆسووتاندن»**.

تەلار گوتیشی **«ئێمە بەدواداچوون بۆ هەموو جۆرە سکالایەک دەکەین و گوێ لەلایەنەکانی کێشەکە دەگرین، ئەگەر بەکۆمەڵایەتی چارەسەری هەبوو دەیکەین ئەگەرنا ڕێگە یاسایی دەگرینەبەر»**.

هەروەها لەساڵی ٢٠٠٩ ڕۆژبەی ئەو ژنانەی سووتاون یان سووتێنراون نەک خۆیانسووتاند بێ وەک نموونە (**سەفیرا**) کە لەلایەن مێردەکەیەوە سووتێنراوە، ئەو دانیشتووی کۆمەڵگەی شیلادزێی سەربە شارۆچکەی ئامێدی بوو، خاوەنی ٣ منداڵ بووە، بەپێچەوانەی هەموو ئەو ژنانەی، لەلایەن مێردەکانیانەوە سووتێندراون و نەیانتوانیوە ئاشکرای بکەن، بەپۆلیسی گوتبوو **«ئەو سووتاندمی»** کە مەبەستی هاوسەرەکەی بوو.

ڕێکخراوەکانی ژنان هیواخوازن ژن خۆی بتوانێت ڕووبەڕووی کێشەکانی ببێتەوەو لەوبڕوایەدان تۆمارکردنی سکالا لەلایەن ژنانەوە دەبێتە هۆی گۆڕانکارتنیان و ئەوەش خۆی واتای لابردنی زۆربەی تووندوتیژییەکانە لەسەر ژنان و زانینی قەبارەو ئاستی ئەو تووندوتیژییانەی بەرامبەر بە ژنان دەکرێت لەهەرێمدا.





بەهرە سدیق

«ئینتەرنێت ژنی دووهەمی مێردەکەمە»

وارڤین – سلێمانی:

لەگەڵ هەموو ئەو سوودانەی، ئەنتەرنێت بۆ تاکەکانی خێزان هەیەتی، زۆرجار ئەم خزمەتگوزارییە دەبێتە کێشە بۆ ئەندامەکانی خێزانەکەو پەیوەندییەکانی نێوانیان بەرەو لاوازبوون دەبات.

تارای ٣٤ ساڵ، مامۆستایە، بێزارە لەخووگرتنی هاوسەرەکەی بەئەنتەرنێتەوەو بە «گەورەترین کێشەی ژیانی هاوسەرییان»ی دادەنێت. ئەو دەڵێ «**لەدەوام دێینەوە ناتوانین دوو قسە لەگەڵ یەک بکەین راستەوخۆ مێردەکەم دەچێتەسەر ئەنتەرنێت، پێشیدەڵێم وازلێبێنێت بەقسەم ناکات**».

ئەو ژنە باسی لەوەکرد، بەهۆی ئەنتەرنێتەوە پەیوەندی نێوان خۆی و هاوسەرەکەی لاوازبووەو شەڕ و کێشەیان بۆ دروستبووەو گوتی «**ئەنتەرنێت بووە بەگڕێی دەروونیم، هەر رقم لەتەکنەلۆژیایە، چونکە ژیانی لێ تاڵکردووم**».

تارا گوتیشی «**مێردەکەم هیچ گرنگی نادات بەمنداڵەکانمان و هەموو قورسایی بەخێوکردنیان کەوتۆتەسەر شانی خۆم، ئاگای لەمنداڵەکان هەر نییەو ئەنتەرنێت بووە بە ژن و منداڵی ئەو**».

بەگوتەی شیلان نوری ٤٤ ساڵیش ئەنتەرنێت بۆتە ژنی دووهەمی مێردەکەی و پەیوەندی سۆزداری نێوان خۆی و هاوسەرەکەی تێکداوە. «**ڕێک وەک ئەوە وایە مێردەکەم ژنی بەسەرا هێنابم و ئەنتەرنێت ژنی دووهەمیەتی**». ئەو باسی لەوەشکرد، ماوەی ٤ ساڵە هێڵی ئەنتەرنێتیان ڕاکێشاوەو هەر لەوکاتەشەوە ئەنتەرنێت بووە بەبەڵای ماڵەکەی.

ئەو گوتیشی «**جگە لەوەی مێردەکەمی سەرقاڵکردووەو کاتی نییە دوو قسەی خۆشم لەگەڵ بکات، منداڵەکانیشم ئاڵوودەبوون و هەر یەکی لاپتۆپێکیان لەباوەشدایە**».

شیلان گوتی خۆزگە دەخوازێ ئەنتەرنێت هەر نەبووایەو گوتی «**تەکنەلۆژیایەک کە خۆشەویستی کز بکات و ئەندامانی خێزان لەیەکتر دوربخاتەوە هەر نەبوونی باشترە**».

بەشێک لەپیاوان خەمساردی ژنەکانیان



و گرنگینەدان پێیان دەکەنە پاساوێک بۆ خەریکبوونیان بەئەنتەرنێتەوە.

کەریم، تەمەن ٤٨ساڵ لەوبارەیەوە گوتی «**ژنەکەم تەنیا گرنگی بەکاروباری ناوماڵ و منداڵ دەدات، گرنگیم پێنادات ناچار منیش خۆم خەریکدەکەم بەئەنتەرنێتەوە سوودی زیاتریشی هەیە**».

ئەو پیاوە گوتیشی «**من ئەنتەرنێت بەکاردەهێنم، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە لەو ڕێگەیەوە بەنهێنی قسە لەگەڵ کچی دیکە بکەم و خێزانەکەشم ئاگاداری کە بۆچی بەکاری دەهێنم**».

هۆشیار محەممەد، ٤٥ ساڵیش یەکێکە لەو پیاوانەی کە زۆر ئەنتەرنێت بەکاردەهێنێ و لەدوای کاتی دەوامی فەرمانگەو ڕاستەوخۆ لەماڵەوە کاری پێدەکات. گوتی «**ماوەی ٧ساڵە بەبەردەوامی ئەنتەرنێت بەکاردەهێنم و پێویستم بەوە هەیە بەدواداچوونم هەبێت**».

ئەو گوتیشی «**ژنەکەم زۆر ناڕەزایی هەیە لەوەی من گرنگی پێنادەم، بەڵام وانییە کاتم بۆ ئەویش هەیە، ئەویش نێت بەکاربهێنێت زۆر ئاساییە**».

هۆشیار، باسی لەوەشکرد، ژنەکەی ڕێگرە لەزۆرشت، کە بیکات و دەیەوێ هەمیشە کاتەکانی بدات بەخۆی و گوتی «**بەدەست ئەو بێ هەمووکات لەگەڵیدا دانیشم و هیچ نەکەم، منیش کارەکەم وادەخوازێت زۆر ئینتەرنێت بەکاربهێنم**».

ئارام عەبدوڵڵا ٢٧ساڵ لە شەو و ڕۆژێکدا ٣ کاتژمێر نێت بەکاردەهێنێت و بەگوتەی خۆی هەندێک ڕۆژ هەر بەکاریشی ناهێنێت، ئەو گوتی «**کاتەکانم دابەشکردووەو نامەوێ خووبگرم بەبەکارهێنانی ئەنتەرنێتەوەو پەیوەستم بەخێزانەکەمەوە**». ئارام گوتیشی «**ژن پێویستی بەسۆزو ئاگالێبوونە لەلایەن هاوسەرەکەیەوە، من هەوڵمداوە لەوەدا کەمتەرخەمی نەکەم**».

ئەو پیاوە ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد «**هەمووکات خەتا لەپیاوەکەوە نییە، کە سەرقاڵی ئەنتەرنێت بێ و هەندێک کەس کاری وادەخوازێت، بۆیە دەبێ ژنەکانیان هاوکاریان بکەن و لێیان تێبگەن**».

کاروان محەمەد، تۆێژەری کۆمەڵایەتی سەبارەت بەکایگەری ئەنتەرنێت لەسەر پەیوەندییەکانی خێزان گوتی «**ئەنتەرنێت خزمەتێکی بەرچاوی کۆمەڵگا دەکات، بەڵام ئەگەر ناتەندروستانە بەکاربهێنرێت ئەنجامی نەرێنی لێدەکەوێتەوە**».

گوتیشی «**بەکارهێنانی ئەنتەرنێت بەبەردەوامی و بۆ ماوەیەکی زۆر کاریگەری هەیە لەسەر لاوازبوونی پەیوەندی ئەندامانی خێزان**».

ئەو تۆێژەرە سەبارەت بەلاوازبونی پەیوەندی ژن و مێرد بەهۆی ئەو تەکنەلۆژیایەوە گوتی «**ڕەنگە ئەنتەرنێت وا لەهاوسەرەکان بکات بۆ ماوەیەکی زۆر گفتوگۆ لەگەڵ یەک نەکەن و ئەمەش پەیوەندی کۆمەڵایەتی و سۆزداری ئەم دوو کەسە لاواز دەکات و دواجار کێشەی لێدەکەوێتەوە**».



هەژار خالید

خۆکوشتن چالاکییەکی پیاوانەیە!



موژگان هالیس.. لێکۆڵەرو رۆژنامەوان ٢٠١٠ — فۆتۆ: وارڤین

وارڤین – تایبەت:

رۆژنامەوان موژگان هالیس کە چەندین لێکۆڵینەوەی لەسەر خۆکوشتنی ژن هەیە رایگەیاند کە خۆکوشتن چالاکییەکی پیاوانەیە. ئەو گوتی: «**خۆکوشتن چالاکییەکی وەهایە کە وەک نەخۆشی بڵاودەبێتەوە. رێک وەک ئەنفلۆەنزایە. دەبێ چاپەمەنی و میدیا لەگواستنەوەی ئەو هەواڵانەدا زمانێکی زۆر هەستیار بەکاربێنێ و مرۆڤ بۆ خۆکوشتن هان نەدات**».

باتمان.. شاری ئێش و ئازاری ژنان. شاری ئارەزووە لێکدابڕاوەکان. لەنەوەدەکاندا ئەو ژنانەی کە شاڵ و تەنوورەیان لەبەردەکرد رووبەڕووی توندوتیژی دەبوونەوە. تێزابیان دەڕشت بەسەر ران، مل و ئەو شوێنانەیاندا کە رووت بوون. ژنان لە ٢٠٠٠دا خۆیان لەو ڕەوشە رزگار کرد. بەڵام ئەمجارە خۆکوشتنی ژن دەستیپێکرد. ئیتر هەموو رۆژێک لەرۆژنامەکاندا هەواڵ و راپۆرت بەمانشێتگەلی وەک «**بە ژەهر خۆی کوشت**»، «**خۆی خنکاند**»و «**خۆی لە بەلەکۆنی ماڵەکەیانەوە فڕێدا**» بڵاودەبوونەوە.

بەپێی بەڵگەنامە فەرمییەکانی ٥ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٠ لە باتمان ٣٠ ژن خۆیان کوشتووە. لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٠ بۆ ٢٠٠٦ چوارسەدو دوو کەس هەوڵی خۆکوشتنیان داوە. لەئەنجامدا ٨٠ کەسیان مردوون. لەوانەی کە هەوڵیانداوە خۆیان بکوژن ٢٨١ یان ژن و ٤٣ کەس لەوانەش کە مردوون ژن بوون. بەو خۆکوشتنانەوە ڕێژەی خۆکوشتنی ژن لە باتمان دەگەیشتە ٥ ,٦٪.

ئەوەش واتە لەهەر ١٠٠ کەس ٦ کەس دەتوانێت خۆی بکوژێت. هاوکات لەگەڵ زیادبوونی خۆکوشتنی ژن، رۆژنامەوان موژگان هالیس، کە لەوبڕوایەدابوو «**لەتورکیا هێشتا رۆژنامەوانی ئۆبژێکتیف هەیە**» ڕووی لە شاری باتمان کرد. هالیس، لەلێکۆڵینەوەکانی خۆیدا پرسیاری «**بۆچی ئەو ژنانە خۆیان دەکوژن؟**»ی لە ژن، پیاو، شارەدار، خێزان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پرسیوە. پاش لێکۆڵینەوەکەی کتێبێکی بەناوی «**لە باتمان ژنان دەمرن**»ی نووسی.

وارڤین: **چی هانیدای کە ئەو کتێبە بنووسی؟**

– موژگان: بەر لەهەموو شتێک منیش ژنێکی کوردم. منداڵی، مێرمنداڵی و گەنجێتیم بەو دەردانەوە تێپەڕاندووە. ئەگەر شانسی

خوێندنم نەبوایە، لەخێزانێکی نەخوێندەواردا بوومایە، رەنگە یەکێک لەو ژنانە بوایەم کە خۆیان دەکوژن. بەو بیرۆکەیەوە دەستم بەنووسینی ئەو کتێبە کرد. ژنبوون لەم هەرێمە زۆر زەحمەتە. ئەگەر دەرفەتی خوێندن، سەربەخۆیی ئابووریت نەبێ یان دەبێت روو لە چیا بکەی یانیش زەواج بکەی و ٨-٩ منداڵت هەبێت. یانیش دەبێ خۆت بکوژیت. شانسێکی چوارەم و جوانتر لەوانەت نییە. ئەوە کێشەی هەموو ژنانی ئەم هەرێمەیە.

وارڤین: بۆچی باتمان لەو بارەدا زۆر لە پێشە؟

- موژگان: لەماوەیەکی زۆر کورتدا رێژەی خۆکوشتنی ژن لە باتمان لەرێژەی خۆکوشتنی ژن لە جیهان بەرزتر بووەوە. لەبەرئەوەی لە باتمان میدیای هەرێمی زۆر بوو، رووداوەکان گوازرانەوەو لەجیهاندا دەنگیان دایەوە.

وارڤین: کاتێک بۆ نووسینی کتێبەکەت رووت لە باتمان کرد، تابلۆیەکی چۆنت بینی؟

- موژگان: رووبەڕووی تابلۆیەکی زۆر سەیر بوومەوە. خەڵکی پێیاندەیانگوتم لە باتمان «**خۆکوشتن**» نییە. بەڵام لەراستیدا وەها نەبوو. لەهەموو شوێنێکەوە تەرمی ژنیان بردبووە نەخۆشخانەکان. بەڵام خەڵکی وەک ئەوەی شتێک نەبێت هەڵسووکەوتیان دەکرد. هەندێک گەنج و جوانەکانی شار وەک ئەوەی هیچ شتێک رووینەدابێت هەڵسووکەوتیان دەکرد. بەقسەی ئەوان رووداو سیاسییەکان لەو رووداوانە گرنگتر بوون. کاتێک چوومە ئەو شارە، باتمانییەکان خۆیان بۆ نەورۆز ئامادە دەکرد. بەڵام لەوکاتەشدا ژن خۆیان دەکوشت. ئەو کەسانەش کە دەیانگوت «**خۆکوشتن هەیە**» ئەو رووداوانەیان لا گرنگ نەبوو. بەڵام ئەو رووداوانە زۆر گرنگبوون. چونکە بەپێی زانیارییە دەروونناسییەکانی خۆکوشتن، ئەو پرسە چالاکییەکی پیاوانەیە. خۆکوشتن لە سروشتی خۆیدا چالاکییەکی ژنانە نییە. راستە ژنیش هەوڵدەدەن خۆبکوژن، بەڵام لەنێوان هەوڵی خۆکوشتن و خۆکوشتندا جیاوازییەکی زۆر گەورە هەیە. ئەنجامی خۆکوشتن مردنە. بەتایبەتی لە باتمان و بەگشتیش لەهەرێمەکە، ژن کاتێک بڕیاری خۆکوشتنیان دەدا رێگایەکیان هەڵدەبژارد تا خۆکوشتنەکەیان سەربگرێت.

وارڤین: چۆن رێگایەک؟

- **موژگان:** ژنانی ئەم هەرێمە تەنیا رێگایەکیان هەڵنەبژارد. خۆیان خنکاند، خۆیان لەسەربان و بەلەکۆنەکانە بەرزەکانەوە خستەخوارەوە. گوللەیان لە قورگی خۆیان دا و خۆیان کوشت. ئەو ژارەی کە لەجووتیاریدا بەکاردێت، ئەوەیان خوارد و کۆتاییان بەژیانیان هێنا.

وارڤین: هەڵوێستی خێزانەکان چۆن بوو؟

- **موژگان:** ئەوانیش وەک خەڵکی شار دەجووڵانەوە. رووداوەکانیان دەشاردەوە. هەندێک لەخێزانەکان دەیانگوت کە کچەکەیان بەشێوەیەکی سروشتی مردوون. قەت نەیاندەویست قسەی لێبکەن. من لەو هەڵوێستەیان تێدەگەم. زۆر لەلام سەیر نییە. چونکە خۆکوشتن شتێک نییە جێی دەستخۆشی بێت. بۆ ژنانی ئەم هەرێمە هەرگیز جێی پەسندان نییە. چونکە لێرە خۆکوشتن هەم شەرمەو هەمیش گوناهە. بەپێی قسەی ئەوان ئەگەر ژنێک بێناموس بێ، ئەوکات دەتوانێ خۆی بکوژێت. نەیاندەویست کچ و ژنەکانیان وەک کەسێکی بێناموس ناویان لێببرێت. نەیاندەویست وەک ڕاپەڕینێک لەدژی خودا ببینرێن. ئەوانەش کە قسەیان دەکرد، هۆکارەکانیان نەدەزانی. نەیاندەزانی کچ، دایک و خوشکەکانیان بۆچی خۆی دەکوژێت.

وارڤین: بەرلە خۆکوشتن هیچ موناقەشە، شەڕ و پێکدادانێک لەنێوان ئەوان و خێزانەکانیاندا رووی نەدەدا؟

- **موژگان:** نە. بەڕای من لەجیوگرافیای کورد خۆکوشتنی ژن وەک ئازارێکی شەرە. ئەو خۆکوشتنانەش بەهۆی ئازارەکانی شەرەوە رووەدەدن. چیرۆکی خۆکوشتنی هەر ژنێک لەویتر جیاوازە. کەسانێکیش هەن کە بەهۆکاری پوچ و بێنرخ خۆیان دەکوژن. بۆ نموونە: هەیە لەبەرئەوەی نەیانهێشتووە تەنووڕە لەبەربکات، خۆی کوشتووە. پۆشینی تەنووڕە، دەبێتە هۆی ئەوەی لە کەسێک بدرێت، بەڵام ئەگەر ٢ رۆژ و ٣ رۆژ و چەندجار پۆشیت، ئەوا دەووبەر کۆڵدەدەن و ناچاردەبن لەگەڵت رابێن. راستییەکەی ئەوەیە کە ژن وەک تاکەکەس لەناو خێزاندا هیچ گرنگییەکی نییە.

وارڤین: ئەو پرسە هیچ پەیوەندییەکی بە کۆچبەرییەوە هەیە؟

- **موژگان:** من لەوبڕوایەدام کە ئەو خۆکوشتنانە بەهۆی سایکۆلۆژییەتی شەڕی ٣٠ ساڵەی نێوان دەوڵەت و پەکەکەوە دروستبووە. ئەو خەڵکەی لە گوند و شوێنی نیشتەجێبوونیان هەڵکەندراون و رووبان لەشارەکان کردووە، نەیانتوانیوە فێری شار ببن. لەلایەکی دیکەوە ڕۆژانە ئۆتۆمبیلی لوکس و کچە خوێندکارەکانی زانکۆ بەلایەندا تێپەڕبون. لە تەلەفزیۆنەکاندا ئەو ژیانەیان بینیوەو لەگەڵ ژیانی ماڵی خۆیاندا بەراوردیان کردووەو هەستیان بەجیاوازییەکەی کردووە. لەبەرئەوەش دەیانەوێ لەگەڵ شاردا ببنە یەک و خۆیان بگونجێنن. بۆ نموونە: دەیانەوێ تەنووڕە بپۆشن. بچنە کۆڵان. لەراستیدا ئەو داواکارییانە هی خۆگونجاندنن لەگەڵ شاردا. بەڵام بنەماڵە ڕێی لێدەگرن. لەنێوان ئەوان و بنەماڵەدا شەڕ ڕووەدات. ژنانی ئەم هەرێمە زۆر زوو سیاسیبوون. سیاسەت بەسەر گەلەک شتدا زاڵەو دەبێ ئەوەش راست بکرێتەوە. دەستپێک پێویستی بە بەکۆمەڵایەتیبوون هەیە. خەڵکی ئەم هەرێمە بەبێئەوەی کۆمەڵایەتی ببێت، سیاسی بوو. ئێوە لەو منداڵانەی کەلە کۆڵانەکانی کوردستان دەگەڕێن بپرسن، بەئاسانی باسی کوردستانت بۆ دەکات. بەڵام کاتێک ئێوە لێیبپرسن «**با خوشکەکەت بچێتە کۆڵان؟**»، «**بابچێتە کار**» بە نەخێر وەڵامت دەداتەوە.

وارڤین: لەنێوان خێزانی ئەو ژنانەی کە خۆیان دەکوژن، نزیکبوون یان دووربوونێک لە کێشەی کورد هەیە یان نا؟

- **موژگان:** نە. هیچ جیاوازییەکی نییە. چیرۆکێکت بۆ باس بکەم. چیرۆکی خۆکوشتنێکە لە باتمان. باوکێک کە بە دەهۆڵ و زورنا کچەکەی دەنێرێتە چیا بۆ ناو گەریلاکان، ئامادە نییە کچە بچووکەکەی بداتە خۆشەویستەکەی. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کچە بچووکەکەی خۆی بکوژێت. بەوەش پەیامی «**تۆ مافی مردنت هەیە،**

بەڵام مافی خۆشەویستیت نییە» دەدات.

وارگین: **ئەو سایکۆلۆژییە چۆن لەناو کورد دا دروست بوو؟**

– **موژگان:** ئەڵبەت کورد بە ویست و بەئاگایی خۆی ئەم سایکۆلۆژییەی هەڵنەبژاردووە. من هەرگیز کورد تاوانبار ناکەم. ئەگەر ئێوە لەماوەی ئەوەندە ساڵدا کۆمەڵگایەک لەهەموو مافەکانی بێبەش بکەن، ناچار بە فیئۆدالیتەیان بکەن، ئەنجامەکەی هەر ئەوە دەبێت.

بەداخەوە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیش کە ٣٠ ساڵە کار دەکات ئەو سنوورانەی قبووڵ کردووەو وەها تێکۆشاوە. بۆیەش ئەنجامێکی وای لێکەوتەوە. من بزووتنەوەی نەتەوەییش تاوانبار ناکەم. ئەو شتانەی کەلە تاقیگەکانی ئەواندان ئەوانەن. لەدەستپێکدا کاتێک پەکەکە دروستبوو، زیاتر چەپگەر، سۆسیالیست و گۆڕانکار بوو. چی بوو؟ گەل ئەوانی گۆڕی. ئەوان نەیانتوانی گەل بگۆڕن. ئەوە پەیوەندی بەئامانجی نەتەوەییبوونەوە هەیە.

وارگین: **ئەگەر تێکۆشانێکی چینایەتی هەبوایەت، ئەنجامەکان چۆن دەبوون؟**

– **موژگان:** ئایا هەلومەرجی تێکۆشانی چینایەتی هەبوو؟ دەبێ مرۆڤ بیرلەوەش بکاتەوە. ئەگەر وەهابا رەنگە مرۆڤ بیتوانیبا لەسەر بنەمای گوندیبوون هەندێک شت دامەزرێنێت. سیاسەتی کشتوکاڵی دەوڵەتیش کاریگەر بووە. من نازانم دەیانتوانی چۆن تێکۆشانێک بکەن. بەڵام دەیانتوانی دەستپێک ژن وەک ژن ببینن. رەنگە بیریان لەوە کردبایەتەوە کە ژنان بەهۆی ژنبوونیانەوە کێشەگەلی تایبەت بەخۆیانیان هەیە. رەتکردنەوەی ئەو شتانە ئەنجامێکی وەهایشی لەگەڵ خۆی دەهێنا.

وارگین: **بزووتنەوەی کورد لەبارەی هەوڵدانی ژنانی کوردەوە ئامانجگەلێکی بەرزی لەپێشگرتووە. ئایا ئەوە بەس نییە؟**

– **موژگان:** بزووتنەوەی ژنانی دیموکراتیک دوای خۆکەشتنی ژنان دامەزرا. ئەو ژنانە بەخۆکوشتنی خۆیان هەموو کەسێکیان هۆشیار کردەوە. ژن بە مردن راپەڕین. من لە نزیکەوە تەقگەڕی ژنانی ئازاد و دیموکراتیک ناناسم. بەڵام دەمەوێ ئاماژە بەشتێکی زۆر گرنگ بکەم. خۆکوشتنی ژنان لەساڵی ١٩٩٩ و لەگەڵ دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و هێنانەوەی بۆ تورکیا دەستی پێکرد. باتمان یەکێک لەو شارانەیە کە زیاتر لەهەموو شوێنێک لەوێوە ژن دەچنە ناو پەکەکەو دەبنە گەریلا. پاش ئەوەی ئۆجەلانیان هێنایەوە تورکیا هیوای مرۆڤەکان شکا. هیواکانیان لەدەست دا. لەگرتووخانەکاندا گەلەک ژن و پیاو خۆیان سووتاند. خۆکوشتن چالاکییەکی وەهایە کە وەک نەخۆشی بڵاودەبێتەوە. رێک وەک ئەنفلۆوەنزایە. دەبێ راگەیاندن و چاپەمەنی لە گواستنەوەی ئەو هەواڵانەدا زمانێکی زۆر تایبەت بەکاربێنن، بەشێوەیەک کە مرۆڤەکان بۆ خۆکوشتن هان نەدەن.

وارگین: **لەبارەی خۆکوشتنی ژنانداء دەمەوێ هەندێک باسی زمانی میدیا بکەی. کاتێک لە کۆمەڵگای ئێمەدا کوشتنێک رووەدا پێیدەگوترێت «کوشتن لەسەر شەرەف» بەڵام هەمان کوشتن لەناو تورکاندا پێیدەگوترێت «کوشتنی لەسەر خۆشەویستی» بۆچی جیاوازییەکی وا هەیە؟**

– موژگان: چەندساڵ لەمەوپێش لە پانێلێکدا بەشداربووم. مامەیەکی پیریش بەشداریکردبوو. گوتی **«کاتێک لەرۆژئاوا ژن دەکوژن دەبێتە کوشتن لەسەر خۆشەویستی و کاتێک ئێمەیش دەکوژین دەبێتە کوشتنی ناموسی. ئەوە یانێ ئێمە زیاتر بەناموسین»**. میدیاش لەوبڕوایەدایە. بەڵام لەراستیدا هیچ جیاوازییەکیان نییە. پیاوەکانی رۆژهەڵات (**کورد**) و پیاوەکانی رۆژئاواش (**تورک**) خۆیان بەخاوەنی جەستەی ژن دەزانن و دەیکوژن. کاتێک میدیا ئەو شتانە دەنووسێت کورد بچووکدەکاتەوە. **کاتێک ئەو کوشتنانە لەرۆژئاوا رووەدەن، میدیا هەندێک خۆشبینانەتر سەیریان دەکات، بەڵام کاتێک لێرە رووەدات ناوی «کوشتنی ناموس»ی لێدەنێت. بۆ نموونە تەواوی کوشتنە ناموسییەکان لە روحا (ئورفا) لەلایەن عەرەبەکانەوە ئەنجامەدرێن. لە رۆحا شارۆچکەیەکی عەلەوی هەیە کە ناوی (کیساس)ە. لەوێ تائێستا یەک کوشتنی ناموسی رووینەداوە. کوشتنەکان زیاتر پەیوەندییان بە ئایینەوە هەیە. چونکە من دەزانم کە هەرگیز لە دێرسیم کوشتن لەسەر شەرەف رووندات.**

وارگین: **لەبارەی ژنانی باشووری کوردستانەوە چی دەڵێی؟**

– موژگان: بەپێیەی کە لەراگەیاندنەکاندا دەیبینم، ژنانی ئەوێ لە هێ ئێرە کێشەیان زیاترە. لێرە خەتەنەکردنی ژنان نییە. شێوازی خۆکوشتنی ژنان لەوێ زۆر قورستر و تراژیدیترە. خۆیان دەسووتێنن. لەوێ ژن لەرێزی ٣-٤ دایە. بەرێکخستنبوونی ژنان هێشتا لەوێ تازە سەرهەڵدەدات. دەبێ ژنان خۆیان خۆبەرێکخستن بکەن. **دەبێ پیاو لەناو دامودەزگاکانی رێکخستنی ژناندا جێنەگرن. بۆ نموونە ئێمە ئیتر رێگەنادەین پیاو لە خۆپێشاندانی ٨ی ئادار دا بەشداربن.**



دیلار سەولەدار

موژگان هالیس کێیە؟

١٩٧١ لەناوچەی دەپێی ئەلعەزیز لەدایکبووە. لە١٩٩٢ کۆلیژی راگەیاندنی ئەستەنبوڵی تەواو کردووە. ١٩٩٥ لەرۆژنامەی ئەڤرەنسەل دا رۆژنامەوانی کردووە. پاشان لەرۆژنامەی رادیکاڵ، گۆڤاری ئەکتوێل، تەلەفزیۆنی کەناڵ دی، ئیدیر و ئیکولیا کاری کردووە. ساڵی ٢٠٠١ کتێبێکی بەناوی (لە باتمان ژن دەکوژرێت) نووسیوە. ئەو کتێبە لەلایەن د تایمز لایبراریەوە وەک کتێبێکی زۆرباشی ساڵی تورکیا هەڵبژێردرا. هالیس تائێستاش لەرۆژنامەی سەباح دا وەک نووسەر کاردەکات و لەسەر سیاسەت، مافی ژنان، کێشەی کورد دەنووسێ، چاوپێکەوتن دەکات و هەروەها دایکی کچێکیشە.

«بەهاوکاری کچەکەی: هاوسەرو شووبراکەی ژەهرخوارد کرد»

یەکێکیان مرد و ئەویتریان بەسەرهاتەکەی گێڕایەوە

وارڤین - تایبەت:

بەسەرهاتی ئەو پیاوەی بەپێی گوتەکان، خۆی و براکەی لەلایەن براژن و برازاکەیەوە ژەهرخواردکراون، لەبەدواداچوونێکی وارڤیندا بخوێنەوە.

ژەمێکی تاڵ

ئەوان لەژیانێکی نیمچەکۆچەریدا دەژین، لەبەخێوکردنی مەڕومالات و چاندنی بەروبومی رووکی بژێوی ژیانیان دابین دەکەن. دەڤەرەکەیان بەهۆی ساردی ئاوهەواوە ناوچەیەکی کوێستانییە. پێیاندەگوترێت شۆرەیی و خەڵکی گوندی (**دۆڵەبۆن**)ن. ئەو گوندە لەبناری چیای هەڵگوردەو دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی چۆمان. وەک نەریتێکی کۆمەڵایەتی لەکاتی کۆبوونەوەی خێزانەکەیانەوە ئاژەڵێک سەردەبڕن و بەکۆکردنەوەی ئەندامانی خێزانەکە لەسەر یەک خوان هیلاکی جەستە لەماندووبوون دەرەوێننەوە. بەڵام سەربڕینی ئاژەڵی ئەوجارەیان بووە هۆی ناخۆشی ئەو خێزانەو رووداوێکی لێکەوتەوە کە هەمیشە ئەو دەعوەتە بەلای ئەوانەوە جێگەی لەبیرچوونەوە نابێت. باوکی ئەو خێزانە ناوی محەممەد قاسمەو تەمەنی لەسەرووی ٥٠ ساڵییەوەیە. زیاتر لە ٣٠ ساڵە خێزاندارەو ٤ کوڕو ٣ کچی هەیە. لەمانگی ١٠ ئەمساڵ کاتێ ماڵی خۆی و براکەی ئاژەڵێکیان سەربڕی و دوای نانخواردن و چاخواردنەوە، پاش بەتێپەڕبوونی ٣ رۆژ محەممەدو نەبی بۆ کتوپڕ نەخۆشکەوتن و گەیاندرانە نەخۆشخانەی چۆمان.

رۆیشتن بەرەو ئێران

محەممەد، دوای تێپەڕبوونی ٣٥ رۆژ لەو دەعوەتە کۆچی دوای کرد. (**نەبی**) برای کە ئەویش ماوەیەکی زۆر لەژێر چاودێری پزیشکدابوو، لەلایەن کەسووکارییەوە بەمەبەستی چارەسەری تەندروستی بۆ ئێرانیان برد، تا چارەنووسی وەک براکەی بەمردن نەگات. نەبی بۆ چارەسەر رووەکاتە ئێران و ٢٥ شەو لەوێ دەمێنێتەوە. بەگوتەی خۆی لەنەخۆشخانەیەکی ئێران پێیگوتراوە لەرێگەی شلەمەنییەوە ژەهرخوارد کراوە. دوایی گەڕاوەتەوە کوردستان و لەبنکەی پۆلیسی چۆمان سکاڵای لەدژی براژنەکەی بەناوی (م) و کچە برازایەکی بەناوی (ه) تۆمارکرد. پۆلیسی چۆمان دەستبەجێ بڕیاری دەستگیرکردنی ئەو دوو ژنەی دەدات و لەرۆژی ٢١-١١-٢٠١٠ ئەو رووداوەی بۆ بنکەی پۆلیسی کەسنەزان گواستەوە. لە ٢٣-١١-٢٠١٠ بەبڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوەی هەولێر ئەو دوو ژنە بەماددەی ٢٤٠ لەیاسای سزادانی عێراقی (**گومان لە کوشتن**) دەستگیرکراون.

دایک و خوشکم بێتاوانن

حەیدەر محەممەد، تەمەنی ٢٢ ساڵەو کوڕی محەممەدی کۆچکردووە، باوکی لەدوای ئەو دەعوەتەوە نەخۆشکەوت و گیانی لەدەستدا. ئەو بۆ وارڤین دەڵێ «**رۆژی دەعوەتەکە ١١ کەس نانمان خواردو چایەمان خواردەوە، بەڵام دوای سێ رۆژ باوک و ماممان نەخۆشکەوتن و گەیاندنمانە نەخۆشخانەی چۆمان. گۆشتەکەم نەخوارد، بەڵام چێشتەکە برنج و شلەبوو خواردم**».

وەک باسیکرد ئاژەڵەکە لەهەمانرۆژی دەعوەتەکە سەربڕدراو برنج و کەرەستەی خواردن، شەکر و دەرمانچایش لەماڵی مامیان هێنرابوو، بۆیە ئەو رەتیدەکاتەوە، دایک و خوشکەکەی ئەو کارەیان کردبێت و متمانەی تەواوی پێیانە. وەک گوتی: «**دوو رۆژ بەرلەو دەعوەتە مامم نەخۆش بوو، بەڵام باوکم دوای سێ رۆژ نەخۆش کەوت و تەندروستی مامیشم خراپتربوو**».

لەبارەی ئەو رووداوەوە (م) خێزانی محەممەدی کۆچکردوو کە تەمەنی ئەویش لەسەروی ٥٠ ساڵەوەیە دەڵێ: «ئەو کارەم نەکردووەو ئەو چایە لەماڵی ئێمە ئامادەنەکراوە، پیاوەکانیش چایەکەیان تێکردووە. ئەو لەبارەی هاوسەرەکەیەوە دەڵێ «**دوای ٣ رۆژ تەندروستی خراپبوو بەرێگەی چاوەکانییەوە کە سوورهەڵگەڕابوون هەستی پێدەکرا تەندروستی زۆرخراپە، بۆیە گەیەندرایە نەخۆشخانەی چۆمان و دوای ٣٥ رۆژ گیانی لەدەستدا**». کچی (م)، بەناوی (ه) کە تەمەنی ٢٧ ساڵەو لەگەڵ دایکی دەستگیرکراوە، لەگوتەکەیدا بۆ پۆلیس گوتوویەتی چایەکە نەگۆڕدرابوو من و دایکیشم چامان تێنەکردووە، تا ئێمە ژەهرمان تێکردبێت.

نەبی رووداوەکە ئاشکرا دەکات

نەبی محەممەد، لەدایکبووی ١٩٦١ لەشارەدێی کەسنەزان دادەنیشێت، بەڵام بەهۆی بەخێوکردنی مەڕومالاتەوە ماڵێکی دیکەی لەگوندی شۆرێی سەر بەقەزای



ئایا محەممەد بە خواردنەوەی چا مرد؟



چۆمان هەیە. کاتێ پەیوەندیمان بە نەبییەوە کرد ئەو بەهۆی خراپی باری تەندروستییەوە بەسەختی قسەی بۆ دەکراو گوتی: «**لە ٢٠١٠/١٠/١٠ دەعوەتەکە کراو بەهۆی ئەوەی براکەم محەممەد خانووی لەگوندی دۆڵەبۆن دروست دەکرد بۆ یارمەتیدانی سەردانی ئەوانم کرد، چیمەنتۆم بۆ خانووەکەیان برد، دوای دەعوەتەکە لەسەرکار بووین و کاتێ بۆ حەسانەوە رۆیشتمە لای ماڵی براکەم، برازنەکەم (م)، بانگی کردم و چای پێدام. کاتێ چایەکەم خواردەوە تامی ترش بوو ڕەنگیشی زۆر ڕەش بوو بەبرازنەکەمم گوت ئەو چایە دەڵێی ژەهرە. دواتر چایەکی تری بۆ تێکردمەوە ئەویش هەر ئەو تامەی دەدا. بۆیە یەکسەر ماعیدەم تێکچوو**». بەدەم ئازارێکی زۆرەوە نەبی وەها درێژەی بەقسەکانی دا «**محەمەدی برایشم هات و برازنم چایەی بەویشدا، بەڵام کاتێ کرێکارەکانیتر هاتن چایەکەی ڕشت، منیش پێمگوت بۆ چا بەوان نادەیت، گوتی نا بۆ ئەوان دروستی دەکەمەوە چایەکی تازەی بەوان دا. دوای سێ ڕۆژ تەندروستیم هەر خراپتر بوو، تا واملێهات زمانم تاڵ و چاوم سوورتر دەبوو، منیان بردە نەخۆشخانەی چۆمان، دواتر ٢٥ شەو ڕۆیشتمە ئێران و لەنەخۆشخانەی ئورمێ پێیانگوتم بەرێگەی شلەمەنی ژەهریان پێداویت و ڕاپۆرتی پزیشکییان پێدام کە هاتمەوە یەکسەر سکاڵام لەدژی برازنەکەم و کچەکەی تۆمار کرد، چونکە بەیەکەوە چایەکەیان لێنابوو**».

کێشەکە لەسەر خوازبێنی بووە

سەرچاوەیەکی نزیک لەو ڕووداوە لەچۆمان کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکەین بەوارفینی ڕاگەیاند، وەک لەنێو خەڵک و ئەواندا ئەو باسە دەگێڕدرێتەوە ئەو ڕووداوە لەوکاتەدا ڕوویداوە کە «**پیاوێک هاتووەتە داوی (ه) کچی محەممەد و بەهۆی ئەوەی ئەو پیاوە دووژنی هەبووە، باوک و مامی ئەو کچە ڕەتیانکردووەتەوە، ئەمەش وایکردووە ئەو کچە بەرێگەی ئەو دەعوەتە بەهاوکاری دایکی بیر لەکوشتنی باوک و مامیان بکەنەوەو بەرێگەی تێکردنی ژەهر لەچای ئەو کارە ئەنجام بدەن**». بەڵام حەیدەر محەممەد، ئەو قسەیە بەهی مامی (نەبی) دەزانێ و دەڵێ بوختان وقسەی هەڵبەستراوە. نەبی محەممەد، لەوبارەیەوە دەڵێ «**جارێک کورێکی هەریری هاتە خوازبێنی (ه) کچی براکەم منیش گوتم من ڕام لێی نییە، بەڵام ئارەزووی خۆتانە لەوە زیاتر هیچ نازانم**».

حەیدەر محەمەد، ئاماژەی بەوەکرد کە کاتێ مامی بۆ چارەسەری تەندروستی ڕووی لە ئێران کردووە ٣ ملیۆن دیناری چاپی عێراقی لەوان وەرگرتووە. ئەوکاتەی لەئێرانیش گەڕاوەتەوە بەهۆی ئەوەی دەزانێ ئێمە خاوەن زەوی و مەڕومالاتێکی زۆرین چاوی بڕیوەتە میرات و خەرجی ئەو پارەی کەلە ئێران کردوویەتی، بۆیە ئەو تۆمەتەی خستووەتە پاڵی ئەوانەوە. نەبی قاسم، لەبارەی ئەو قسەیەی برازاکەی گوتی «**برازاکەم ١٠٠٠ دۆلاری پێداوم کە بۆ ئێران ڕۆشتم، بەڵام هەمو ڕۆژێک تێلی دەکرد کە زوو پارەکەی بۆ بگەڕێنینەوە لەوکاتەی لەئێرانیش هاتمەوە پارەکەم پێداوەتەوەو بەهیچ شێوەیەک من چاوم لەپارە و میراتیان نییە**». هەروەها ئاماژەی بەخاڵێک کرد کە هەمیشە برازنەکەی ڕقی لەهاوسەرەکەی بووەو گوتی «**خێزانی براکەم هەمیشە شەڕی لەگەڵ براکەی کردووەو بەساڵ لەماڵ دەتۆراو پەیوەندی لەگەڵ براکەم زۆر خراپ بوو**».

ئەوەی لەو ڕاپۆرتە جێگەی باسکردن بێت کوڕی نەبی محەممەد (ش) بۆ وارفین دەڵێ «**باوکم هێشتا نازانێت براکەی کۆچی دوای کردووەو وادەزانێت هێشتا زیندووە، چونکە ئەو برایەی زۆر خۆشدەوێت و هەمیشە یارمەتیداوە**».



یەکەم رۆژی خوێندنی منداڵە قەرەجەکان لە سلێمانی

فۆتۆ: جەمال پێنجوێنی

سکاڵایەك: باوکم لەگرتووخانەی هەولێر هێنراوەتە دەرەوە و ڕەمیکراوە



وارگین- تایبەت:

دووکەس لەکوڕەکانی (ش. م)، زانیاری کوشتنی باوکیان لەدادگا ئاشکرا کردو ڕایانگەیاند کە باوکیان لەگرتووخانەی هەولێر هێنراوەتە دەرەوەو دواتر ڕەمیکراوەو تەرمەکەشی لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەد فرێدراوە.

کەیسێکی ترسناک

یەکێک لەو کەیسانەی بەلای دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر بەهەند وەرگیراوەو وەک کەیسێکی هەستیار مامەڵەی لەگەڵ کراوە، ڕووداوی کوشتنی کەسێکە بەناوی (ش. م) کە بەپێی سکاڵایەک ئەو کەسە لەگرتووخانەی هەولێر بەهۆی کێشەی کوشتنەوە دەستگیرکراوە، بەڵام لەگرتووخانە هێنراوەتەدەرەوەو بەگوللە لێدراوەو کوژراوە، دواتر تەرمەکەی لەگۆڕستانی شیخ ئەحمەد لەهەولێر فرێدراوە. لەبارەی ئەو کەیسەوە تێڕوانینی جیاواز هەیەو تائێستا کێشەکە یەکلانەکراوەتەوە، بەڵام سکاڵاکە لەدژی کەسێک بەناوی (ن)، تۆمارکراوەو بەبڕیاری دادگا ئەو کەسە دەستگیر کراوە. ئەو کەیسە دوای ئەوەی ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان لەهەولێر کرا، لەوێشدا بەپێی زانیاری سەرچاوەیەک ڕەوانەی ئاسایشی هەولێر کراوە، تا لێکۆڵینەوەی وردی لەبارەوە بکرێت و ڕاستی ڕووداوەکە ئاشکرا بکرێت.

ساڵی ١٩٩٧ بەهۆی دوو ئیدارەیی و شەڕی ناوخۆیی حزبەکانی هەرێمەوە، چەندین ڕووداوی کۆمەڵایەتی و کوشتن نەوەک لە شاری هەولێر بەڵکو لەتێکڕای شارەکانی هەرێمی کوردستان ڕوویانداوە. یەکێک لەو ڕووداوانە کوشتنی کەسێکە بەناوی (ش.م)، کە ١٣ ساڵە چۆنیەتی کوشتنی ئەو کەسە بەهەڵپەسێردراوی ماوەتەوە. بەڕای کوڕەکانی (ش.م) لێکۆڵینەوە لەو کەیسە لەئێستادا کاتێکی گونجاوبووەو لەیەکەم کاردانەوەیاندا بۆ ئاشکراکردنی ڕووداوەکە پەنایان بۆ دادگا بردووەو سکاڵایان تۆمارکردو زانیاری چۆنیەتی کوشتنی باوکیان ئاشکرا کرد.

تۆمەتبار نکۆڵی کرد

هەر یەک (م.ش) لەدایکبووی ١٩٨٩ پیشە پۆلیس لەنووسینگەی دزینی ئۆتۆمبێل، لەگەڵ (ر.ش)، لەدایکبووی ١٩٩٢ پیشە کرێکار کە دووبران لە گەڕەکی ڕزگاری شاری هەولێر نیشتەجێن. بەگوتەی ئەوان باوکیان بەناوی (ش.م)، لەساڵی ١٩٩٧ کوژراوەو ئەوان لە ٢٤- ١١- ٢٠١٠ سکاڵایان لەدادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر لەدژی کەسێک بەناوی ن، تۆمارکردووە. بەپێی گوتەی ئەو دوو برایە لەساڵی ١٩٩٧ باوکیان لەگرتووخانەی هەولێر دەرهێندراوەو بەگوللە کوژراوە، دواتر تەرمەکەی لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد فرێدراوەو (ن) بە تۆمەتباری سەرەکی ئەو کوشتنە دەزانن. لەبارەی ئەو سکاڵایەوە دادوەری لێکۆڵینەوەی دادگای هەولێر، بەپێی ماددەی ٤٠٦ لەیاسای سزادانی عێراقی بڕیاری دەستگیرکردنی (ن)، داو ئێستا لەگرتووخانەی هەولێر ئەو کەسە بەند کراوە.

بۆچی (ن) تۆمەتبارە؟

بەپێی زانیاری سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو ڕووداوە بۆ وارگین کە نەیویست ناوی بهێنین، لەساڵی ١٩٩٧ (ش.م)، شەوێک بۆ دزیکردن هەڵیکوتاوەتەسەر ماڵی کەسێک بەناوی (ه). بەڵام لەمیانەی دزیکردنەکەدا (ه) لەلایەن (ش.م) دەکوژرێت. (ه) برای (ن). بەهۆی ئەو ڕووداوەوە پۆلیس (ش.م) دەستگیر دەکات و لەگرتووخانەی هەولێر بەندی دەکات. لەسکاڵاکەی کوڕەکانی (ش.م) دا هاتووە کە (ن) لەساڵی ١٩٩٧ باوکیانی لەگرتووخانە دەرهێناوەو دواتر لەتۆڵەی براکەی کوشتوویەتی. بەڵام لە گوتەی (ن) دا هاتووە کە ئەو بەهیچ شێوەک دەستی لەو کارەدا نەبووەو (ش.م)ی نەکوشتووە. بەپێچەوانەی (ن) هەردوو کوڕەکەی (ش.م) پێداگرن لەو سکاڵایەو (ن) بەتاوانباری سەرەکی ئەو ڕووداوە دەزانن.

لەبارەی ئەو ڕووداوە وارگین پەیوەندی بەچەندین سەرچاوەی پۆلیسەوە کرد، بەڵام ئامادەنەبوون زانیاری وردتر بدرکێنن، هاوکات تەنیا ئەوەندەیان گوت کە ئەو کێشە لەلای ئەوان نەماوەو ڕەوانەی ئاسایشی هەولێر کراوە، وارگین پەیوەندی بەئاسایشی هەولێر کرد، ئەوانیش ڕەتیانکردەوە کە ئەو کەیسە لەلای ئەوان لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت.

سەروەر پێنجوێنی بۆ وارڤین:

حیجاب بەپەردەیەك گوتراوە كە ژووری خێزانەكانی پێغەمبەری پێگیراوە



سەروەر پێنجوێنی فۆتۆ: وارڤین

وارڤین:

گفتوگۆو بۆچوونەکان لەسەر دیاردەی حیجابی ژنان لەکوردستان، فرەلایەنن. زۆرێک بەکەلتووریکی هاوردەی ناوچە عەرەبییەکان و زۆرێک بە یەکێک لەمەرجەکانی ئیسلامیبوونی دەزانن. هەندێ را دەڵێن، لەئایینی ئیسلامدا حیجاب تەنیا بۆ خێزانەکانی پێغەمبەری ئیسلام دیاریکراوە، شوێنکەوتەکانی کردوویانە بە «سوننەت» و بەردەوامییان پێداوە. ئایا حیجاب کاریگەری لەسەر کەلتووری رەسەنی کوردی چییە؟ تاچەند بووەتە هۆکاری سنووردارکردنی ژن لەکایەکانی ژیان؟ پەرەسەندنی حیجاب لەکوردستاندا مۆرکێکی ئایینی هەیە، یان پەیوەستە بەهاتنی ئایدۆلۆژیای ئیسلامی سیاسییەوە؟ لەتەوەرێکدا وارڤین هەموو پرسیارانە دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. لەژمارەی ئەمجارەدا توێژەر لەبواری ئایینناسی و ئیسلامناسی، سەروەر پێنجوێنی، وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.

وارڤین: **لەگەڵ ئەوەدا کە دەگوترێت حیجاب و عەبا کەلتووری کورد نین دیاردەی حیجاب لەهەرێمی کوردستاندا بەرەوزیادبوون دەچێت. بەڕای ئێوە هۆکارەکان چین؟**

– **سەروەر پێنجوێنی:** راستییەکەی بەبەهێزبونی ئیسلامی سیاسی مۆدێلێکی نوێی ئایینداری و (**ئیسلامەتی**) هاتووەتە کایەوە. هەرچەند ئەم مۆدێلە نوێیە رەنگە لەکەلتووری ئیسلامی یان عەرەبی ـ ئیسلامیی رەسەنەوە نزیکتر بێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەم مۆدێلە نوێیە جیاوازە لەو ئایینداری و (**ئیسلامەتی**) ـە خۆمانێکراوەی لە کۆمەڵگا ئیسلامییە جیاوازەکاندا، لەوانەش کۆمەڵگای کوردی جێگەی خۆی گرتبوو. ئەم مۆدێلە نوێیە زیاتر کار لەسەر دروشم و ناونیشان و دیکۆر دەکات، چونکە دەزانێت ئەوە چەندە قیمەت و قازانجی پروپاگەندایی هەیە. دەزانێت کاریگەری لەسەر خەڵک هەیە، بۆ نموونە دەزانێت ئەگەر مامۆستایەک حیجاب بپۆشێت دیمەنی ئەو مامۆستایە چەندە کاریگەریی لەسەر قوتابیە کچەکان هەیە.

ئاشکرایە کە حیجاب و عەبا بەکۆمەڵگای کوردەواری نامۆن. جلوبەرگی ژنانەی کوردی، هەرچەند جلوبەرگێکی پۆشتەیەو لەلایەنی ئیسلامیشەوە کێشەی نییە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا ئاوێنەی سروشتی جوانی کوردستانەو نرخی کەلەپووری خۆی هەیە، کە مرۆڤی کورد دەتوانێ شانازیی پێوەبکات و پێویستە پارێزگاری لێبکات. هەروەها جلوبەرگی ژنانەی کوردی ئەوەی لێناخوێنرێتەوە کە پۆشینی نیشانەی ئەوەبێ ژن بەئەنقەست جەستەی دەشارێتەوە وەک شتێکی نەنگ کە دەبێ بشاردرێتەوە. ئەوەی پێوەدیارنییە کە ئەو ژنەی دەیپۆشێت دەیەوێ هەموو جوانی و مێیایەتییەک لەخۆیدا سەرکوت بکات. بەڵکو لەهەمانکاتدا پۆشاک و جوانکاریشە. حیجاب و عەبا نامۆن بەکەلتووری کوردی، چونکە کەلتووری کوردی رەسەن کێشەی تێکەڵاوبوونی ژن و پیاوی نییە، کۆمەڵگای گوندنشینی کوردەواری هیچ هەستیار نییە بەهاتووچۆ و یەکتربینین و تێکەڵاوبوونی هەردوو رەگەز، بەڵکو ژیانی کشتوکاڵ، هەرەوەز، پێکەوەبوون و پێکەوەژیان جوانترین نموونەی تێکەڵی و ئاشنابوون پێشکەشدەکات. لەکۆمەڵگایەکی ئاوادا حیجاب، عەباو پەچە زۆر نامۆیەو رەنگە هەندێکجار عەیبەبێ نەک فەزیلەت. ئەگەر ژنێک بەپەچەوە بچێتە گوندێکی کوردستانەوە زۆر سەیر دێتەبەرچاو و رەنگە گومانیشی لێبکرێت.

هۆکاری هاتنی دیاردەی حیجاب و عەبا بۆ ناو

کۆمەڵگای کوردی، ئەوەیە کۆمەڵگای کوردی زیاتر کەوتووەتەبەر کاریگـەری کۆمەڵگای عەرەبـی، کە جـاران ئـەو کاریگەرییە زۆر سنووردار بووە، ئینجا کاریگەری (**ئیسلامی سیاسی**) کە تەوژمێکی خوازراوی کۆمەڵگای عەرەبی و کێشەکانیەتی، کە پەلیکێشاوە بۆ کوردسـتانیش و لەگەڵ خۆیدا دابوونەریت، تـەوژم و مۆدێلـە عەرەبـی و عەرەبـی - ئیسـلامییەکانی هێناوە بۆ نـاو کۆمەڵگای کوردی. ئیسلامی سیاسی کۆمەڵێک شکست و ناسـتەنگی کۆمەڵگای عەرەبی ئیسـلامی هێناویەتە کایە، کە پەلێکیشـی هاتووە بۆ کوردسـتان و بەدامەزرانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بەهێزتر بوو. ئەمەش واتە تەوژمی ئیسـلامی لەکوردسـتاندا، کـە حیجابـی وەک مۆدێلێـک هێناوەتـە کوردسـتانەوە، هەڵکشانێکی ئیسلامی راپەڕیوی عەرەبییە، کە کێشەو ئاڵۆزییەکانی کۆمەڵگای عەرەبی - ئیسلامی لەگەڵ خۆیدا هێناوە بۆ کوردستان. لەئەنجامی ئەوەش کە دروشم و مۆدێلەکانی پشتئەستور دەکات بەبەڵگەی ئایینی و ناوی ئیسلامی و قورئانی بۆ ئەو دروشم و مۆدێلانەی دانـاوە. توانیویەتی لای تاک، چین و توێژی زۆر خۆی بکاتە مۆدێلـی نوێی ئایینداری و بەڵکو راستەڕێی ئیسلام. ئیسلامی سیاسی، یان تەوژمی ئیسـلامیی نوێ لەکورسـتاندا، دروشم و مۆدێلەکانی لەژێر سایەی بەڵگەو ناو و ناونیشانی ئیسلامی و قورئانی دەگوێزێتەوە بۆ کۆمەڵگای کوردی «**مەبەستم بەتایبەتی خودی زاراوەی (حیجـاب)**»ە. ئەم زاراوەیە ئیسـلامی سیاسی ئیسـتیغلالی کردووە بۆ سـەپاندنی مۆدێلێـک لەجلوبەرگـی ژنانە کە لەبنەڕەتدا یەکپۆشـی رێکخسـتنەکانی خۆیەتی، بەسـەر هەر ژنێکـدا کە دەیەوێ پۆشـتە بێت، لەکاتێکـدا زاراوەی حیجاب هەر بەتەواوی هەڵەیە ئەگەر بۆ (**جلوبەرگ**) بەکاربێت. بەڵام ئیسـلامی سیاسی سوورە لەسـەر بەکارهێنانی، چونکـە لەلایەکەوە (**حیجاب**) بەو مۆدێلە جلوبەرگەی ئیسلامی سیاسی ژنانە پێناسە دەکرێت، ئەم پێناسە هەڵەیـەش بەتـەواوی خۆی چەسـپاندوە. لەلایەکیتریشەوە زاراوەکە لەقورئاندا هاتووە، بەمەش ئیسـلامی سیاسی، ئەگەرچی پەتی درۆ کورتـە، توانیویەتی درێـژە بەو درۆیە بدات کە حیجاب بـە جلوبەرگ و بەتایبەتی بەو مۆدێلە تایبەتیەی ئیسـلامی سیاسـی پێناسە دەکات.

(**حیجاب**) لەزمانی عەرەبیدا، یانی (**پەردە**)، ناکرێـت بەجلوبـەرگ بگوترێـت، بەهیـچ شێوەیەک بۆ جلوبەرگ و داپۆشەری جەستە نەهاتووە، هەتا بـۆ جلوبەرگی ئاودامانیش نەهاتـووە. بەڵکو بە (**پـەردە**) دەگوترێت. ئینجا ئەم وشـەیە لەسەردەمی پێغەمبەرداو لەخـودی قورئانـدا بەپەردەیـەک گوتراوە کە دەرگای مـاڵ (**ژوور**)ەکانی خێزانەکانی پێغەمبـەری پێگیراوە، بۆ ئـەوەی ناوماڵ دیارنەبـێ و کەس ژنـەکان نەبینێت. دواتر بووەتە گوزارشـتێک لەو یاسـا ئیسلامییەی کە بۆ ژنەکانـی پێغەمبەر دانراوە کە ئەگەر چوونەدەرەوەیـش هەر دەبێ پەردەیەک یان کەژاوەیەکیان بەسـەرەوە بێت، واتە نابێت لەماڵەوەو لەدەرەوەیش بۆ کەسی نامەحرەم دەر بکەون، بەمشـێوەیە (**حیجاب**) بووەتە پەردە یاخود داپۆشـەرێکی هەمیشـەیی بۆ ژنەکانی. ئەمەش دوای چەند رووداوێک، واتە دوای ئەوەی چەندجارێک کەسی نامۆ هاتووە بـۆلای پێغەمبەر و ناوماڵی ئـەوی بینیوە. جارێکیش کوڕێک (**تەلحەی کوڕی عوبەیدوڵڵا**) کـە ئامۆزای (**عائیشـە**) بوو هـات بۆلای عائیشـەو قسەی لەگەڵ کرد و پێغەمبەریش ئەوەی پێناخۆش بوو (**بەتایبەتی کە مێردی پیر غیـرەی زۆرە لەوەی کـوڕی گەنج ژنە گەنجەکەی ببینن!**)، بۆیـە لەو کوڕە تووڕە بوو و گوتی «**جارێکیتر لەم ناوە نەتبینم**». ئیتـر دوای ئەمانە لەسـورەتی (**الاحزاب**)دا فەرمانـدرا کە نابێ کەس ژنەکانی پێغەمبەر ببینێـت و دەبێ پەردەیەک لەنێوان ئەوان و هەر کەسـێکی نامەحرەم بەوان هەبێت، کە دەڵێ : (**واذا سـالتموهن متاعا؛ فاسالوهن مـن وراء حجـاب**) (**الاحـزاب: ٥٣**)، واتە: (ئەگـەر داوای کەلوپەلێکتـان لـێکـردن؛ لەپشـتی پەردەیەکەوە داوایـان لـێبکەن). ئەمەیە (**ئایەتی حیجاب**) کە باسی ژنەکانی پێغەمبەر دەکات و هەموو ژنێکی موسوڵمان ناگرێتەوە. ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکیتریشەوە باسـی پەردە دەکات و مەبەستی جلوبەرگ نییە. بەڵام ئیسـلامی سیاسـی کە زۆرێک لەبنەماکانـی لەوەهابییـەکان وەرگرتووە، دێت چەمکی ئایەتەکە گشـتگیر دەکات بۆ ئـەوەی هەموو ژنێک بگرێتـەوە نەک تەنیا ژنەکانـی پێغەمبـەر. لەکاتێکدا داڕشـتنی ئایەتەکە بەزەقی باسـی ژنەکانی پێغەمبەر دەکات، دوای ئەوەش لەقورئاندا بەڕاشکاوی ئەوە گوتراوە کە ژنەکانی پێغەمبەر حوکم و رێوشوێنیان جیاوازە لەژنەکانیتر، کە دەڵێ: (**یا نسـاء النبی! لستن کاحد من النساء**..) (الاحزاب: ٣٢). هـەر بۆیە قورئان مەرجی ئەو پەردە (**حجاب**)ــەی تەنیا بۆ ژنەکانی پێغەمبەر داناوە، واتە تەنیا ژنەکانی پێغەمبەر نابێ کەسـی نامەحـرەم بیانبینێت و نابێ دەموچاویشیان بۆ کەس دەربکەوێت، مەگەر بۆ کەسـی مەحرەمی خۆیان. فێڵێکیتر کە کراوەو تێپەڕێنداوە بەسەر خەڵکێکی زۆردا، ئەوەیە ئـەم زاراوەی (**حجاب**) بە جلوبەرگ لێکدراوەتـەوە. لەکاتێکدا لەپەردەی بەردەم ژووەرەکانی ژنەکانی پێغەمبەر زیاتر نەبووە. بەمشێوەیە ئێستا خەڵکێکی زۆر لەسعودیەو گەلێک شـوێنیتر، بەتـەواوی لەماڵەوە ژن دەشـارنەوە لەنامەحرەم، هـەم بۆ دەرەوە ژنەکانیان پەچەدەپۆشن، بەمشێوەیەش هیچ شـوێنێکیان دیارنابێت، جگـە لەکونێک بۆ بینین.

وێـڕای ئـەوەش، ئـەم (**حیجاب**)ـەی کە ئـەو وەهابییانـە پێیانوایە هەمـوو ژنێک دەگرێتەوە، ئێسـتە بەو مۆدێلە جلوبەرگەی ژنـان لێکەدرێتـەوە کـە ئەندامانی حزب و رێکخسـتنە ئیسـلامییەکان و ئەوانـەی لاساییاندەکەنەوە دەپێڕشـن. لەکاتێکدا نە (**حیجـاب**) پەیوەندی بە جلوبەرگەوە هەیە، نە (**باڵاپۆشـی**) لەئیسلامدا بەسراوەتەوە بە مۆدێلێکـی تایبەتەوە. ئێمـەش دەزانین کە (**باڵاپۆشـی**) لە فیقهی ئیسـلامیدا هەندێک مەرجی بـۆ دانراوە، وەک ئـەوەی تەنک و روون نەبێ، تەسک نەبێ بەشێوەیەک جەستە پێشانبدات. بەڵام ئەم مەرجانە دەکرێت لەهەر جۆر و مۆدێلێکدا بهێنرێنەجێ، جلی کوردیش هەیە ئەو مەرجانەی تێدایە. ئیتر مەرج نییە ئـەو جلوبەرگە ئاودامـان و تاریکە بێت کە بەهەڵەو بەدرۆ پێیدەگوترێت (**حیجاب**).

بەپێویسـتی دەزانم لێرەدا ئاماژەیەکیش بۆ رەگوڕیشەی یاسای (**باڵاپۆشی**) لەئیسلامدا بکـەم، ئێمە کەلـە شـێوازی پەیدابوون و جێبەجێکردنـی ئـەم یاسـایە ئاگادارین؛ لێمانڕوونە کە بۆ جیاکردنەوەی ئافرەتی ئازاد (**خانم**) و ئافرەتی کۆیلە (**کەنیز**) هاتووەتە کایـە. ئەمـەش چیرۆکـی پەیدابوونی ئەو یاسایەیە لەئیسلامدا. خەڵکی مەدینە، لەناو ماڵەکاندا توالێتیان نەبـوو، بۆیە دەچوونە



دەرەوەی شار بۆ دەستگەیاندن بەئاو. ژنان کاتی شەویان هەڵدەبژارد بۆ ئەوکارە. بەمشێوەیە ژنانی ئازاد و کۆیلە بەکۆڵانەکاندا دەچوون بۆ ئەو شوێنانە. دیاردەی دەستدرێژی (**تحرش**) لەلایەن خەڵکی نەفسنزمەوە بەئافرەتی کۆیلە باو بووە، بەڵام هەندێکجار ئافرەتی ئازادیش تووشی ئەو هێرش و (**تحرش**)ـە دەبووەوە، کە ئەمە قبوولنەدەکرا، ئەو گەنج و هەتیوانەش کە ئەوکارەیان دەکرد بەوە پاساویان دەهێنایەوە کە وایانزانیوە ئەوانەش کەنیزن. بۆیە ئیتر قورئان هات فەرمانیدا کە دەبێ ئافرەتە ئازادەکان جوان خۆیان دابپۆشن و بەسەرپۆشەکانیان مل و گەردنیان دابپۆشن (**ولیضربن بخمرهن علی جیوبهن**) (النور: ٣١) و بەچارشێوەکانیان سەر، مل، شان و قۆڵیان داپۆشن (**یدنین علیهن من جلابیبهن**) (الاحزاب: ٥٩). لەبەرامبەردا ئافرەتی کۆیلە بۆی نەبووە بەوشێوەیە خۆیدابپۆشێت. ئیتر بەمشێوەیە ئافرەتی ئازاد و ئافرەتی کۆیلە جیاکرایەوە، ئیتر کەس ئافرەتی ئازاد و کۆیلەی لا تێکەڵ نەدەبوو. قورئان کاتێک پاساو بۆ بالاپۆشی دەهێنێتەوە هەر بەوە پاساو دەهێنێتەوە کە بەو شێوەیە ئافرەتە ئازادەکان دەناسرێنەوەو دەزانرێت کۆیلەنین و ئیتر (**تحرش**) یان پێناکرێت: (**ذلک ادنی ان یعرفن فلا یؤذین**) (الأحزاب: ٥٩). لەبری ئەوەی رێگەچارە بدۆزێتەوە بۆ کێشەی ئەو ژنانەی لەرێگەدا تووشی کێشە دەبوون لەبری ئەوە هات زیاتر جیاوازی چینایەتی ئازاد و کۆیلەی تۆخ کردەوە. جا ئەگەر بالاپۆشی لەئیسلامدا لەبەر ئەوە بێ کە رەگەزی مێ پۆشتەبێت بۆ ئەوەی گەنجەکان تووشی لادان نەبن بۆچی لەکەنیز قەدەغە کراوە بالاپۆشی بکات خۆئەویش مێیەو زیاتریش لەئافرەتی ئازاد هۆکاری لادانی گەنجەکان بووە. لەبەرئەوە دیارە بالاپۆشی بنەمایەکی جیاکاری چینایەتییە. پێمانگەیشتووە کە (**عومەری کوڕی خەتتاب**) زۆرجار بەقامچی لەکەنیزی داوە لەسەر ئەوەی وەک ئافرەتی ئازاد خۆی داپۆشیوە! (**د. ئەحمەد سوسە**) یش، لە (**تاریخ حضارة وادي الرافدین**) دا، باسەکات کە لای ئاشوورییەکانیش ئەم یاسایە هەبووە. هەر ئافرەتێکی کۆیلە وەک ئافرەتی ئازاد خۆی دابپۆشێت قورقوشمی تووادە دەکرێت بە قورگیدا! هەر ئافرەتێکی ئازادیش وەک ئافرەتی کۆیلە خۆی رووتبکاتەوە قورقوشمی تووادە دەکرێت بەقورگیدا! دیارە ئەو جیاکردنەوەیەی ئافرەتی کۆیلەو ئازاد لای زۆربەی گەلانی سامی ناوچەکە باو بووە.

وارڤین: **ئایا حیجاب مۆرکێکی ئایینی لە کوردستان هەیە، یان پەیوەندی بە هاتنی ئایدیۆلۆژیاو ئیسلامی سیاسییەوە هەیە؟**

– **سەروەر پێنجوێنی:** بێگومان حیجاب، بەو شێوازە تایبەتییەی لەواقیعەکەدا هەیەتی، نیشانەی جیاکەرەوەی ئیسلامی سیاسی مێیانەیە، واتە ئەوەی پێیدەگوترێت (خوشکان). حیجاب تەنیا جلوبەرگێکی پۆشتە نییە، بەڵکو مۆدێلێکی تایبەتییە، پۆشاکێکی یەکپارچەیی ئاوداران (هەروەک دیشداشە)، کە بەزۆری ڕەنگێکی تاریکی هەیە، ڕەش، قاوەیی تۆخ، نیلیی تۆخ، سەوزی تاریک، یان ئەگەر زۆر کراوە بێ پرتەقاڵی تۆخ یان قاوەیی کاڵ! لەگەڵ ئەوەشدا سەرپۆشێکی پانوپۆڕ کە ئەویش هەر ڕەنگێکی بێلایەن (ڕەش یان سپی)ی هەیە.

ئەم مۆدێلە تایبەتییە کە پێیدەگوترێت (حیجاب) ئیلهامی زۆری لەشێوازی بالاپۆشیی ڕێکخستنی (قوبەیسیەکان) (**القبیسیات**) لەسوریا، لوبنان، کوەیت و کەنداو وەرگرتووە. کە کۆمەڵەیەکی ئافرەتانەی نیمچەنهێنییەو هەزاران ئەندامی هەیە (لە ٧٠ هەزار تێپەڕیون). سەرۆکی هەموویان کچێکە کە (٧٥) ساڵی تێپەڕاندوە بەناوی (**منیرە القبیسی**) و ئەندامە بالاکانیش شوو ناکەن، ئەوانیتریش دەبێ (**منیرە**)ی ناوبراو ڕەزامەندی بدات ئینجا دەتوانن شوو بکەن. شێوازی ئاییندارییشیان نەقشبەندییەو لە (**البوطي**)ـەوە نزیکن. جا ئەوەی ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە جیادەکاتەوە ئەو (**حیجاب**)ـە شینە تۆخەیە کە دەیپۆشن، کە پێکدێت لەسەرپۆشێکی شینی تاریک لەگەڵ پالتۆیەکی ئاوداری نیلی تاریک بەشێوەیەک تەنووڕە (**یان مانتۆ**) شینەکەی خوارەوەش دادەپۆشێت. لەدیمەنی گشتیشدا هەر وەک هەمان (**حیجاب**)ی باو وایە.

ئینجا سەرنجدەدەین قوبەیسیەکان مەیلیان هەیە بۆ شوونەکردن، کە ئەمە کاریگەری ڕێکخراوە ڕەهبانیەکان دووپاتدەکاتەوە کە نامۆ نییە بەکۆمەڵگای سوری (**جگە لەمەش** نیشانەی دیکە هەیە کە لێکچوونیان لەگەڵ دابوونەریتی مەسیحی دووپاتدەکاتەوە، بۆ نموونە، ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە، بەتایبەتی لەسەرەتاوە، دەبێ لەکاغەزێکدا نهێنی و گوناە و تاوانەکانی خۆیان بنووسن و دانیانپێدابنێن، هەروەک «**دانپێدانان**»ی مەسیحی. لەمبارەیشەوە قسەیەکیان هەیە کە دەڵێن «**افتضح واسترح**» واتە «**نهێنیت**

بڵێ و دڵت ڕەحەت کە». لێرەوە دەتوانین بڵێین مۆدێلی حیجابی ئیسلامی هاوچەرخ کاریگەری مۆدێلی جلوبەرگی (**راهیبات**)ی تێدایە کە جلوبەرگێکە تایبەتە بەو ئافرەتانەوە کە واز لەژیانی ئاسایی دەهێنن و خۆیان بۆ ژیانی ڕەبەنی تەرخانکردەکەن و ئیتر شووناکەن. هەر وایشە، چونکە جلوبەرگی وەک حیجاب و جلوبەرگی راهیبات (**کە زۆر لەیەکدەچن و جاری واهەیە جیا ناکرێنەوە**) کەمترین سەرنجڕاکێشی و جوانی تێدا نییە، بەتەواوی مێیایەتی دەشارێتەوە، بۆ کچێک نابێ کە بیەوێ سەرنجی ڕەگەزی بەرامبەر ڕابکێشێت بۆ ئەوەی ژیانی هاوبەش دروستبکات. بەڕوونی دیارە کە حیجابێش وەک جلوبەرگی راهیبات بۆ کچێک کراوە کە بەنیازی شووکردن نەبێت. سەرنجیش بدە لەلێکچوونی ناوی (**خوشکان**)ی ئیسلامی لەگەڵ (**خوشکان**)ی مەسیحی کە بە (**راهیبات**) دەگوترێت.

جا بزانە ئیسلامییەکان چۆن مۆدێلێک کە لەڕاستیداو لەبنەڕەتدا مۆدێلێکی ڕەبەنانەیە، بەسەر کچان و ژناندا دەسەپێنن.

وارڤین: **تاچەند زیادکردنی کۆتوبەندەکان و وابەستەکردنی ژن بەحیجاب و ئایینەوە، هۆکاری گەڕاندنەوەی ژنە بۆ چوارچێوەی ماڵ؟**

– **سەروەر پێنجوێنی:** من پێموانییە مەبەستی ڕاستەقینە لەوابەستەکردنی ژن بەحیجاب و پابەندی ئایینیەوە ئەوەبێ پەرە بدرێت بەبەهاکانی «**دایکایەتی و پەروەردەو بایەخدان بەماڵ وەک هێلانەی بەختەوەری و لانکەی پەروەردەی دروست**» و ئەم شتانە، هەرچەند ئەمانە وەک دروشم و دیمەنی دەرەوەو دیکۆر بۆ گوتار و پڕوپاگەندە بەکاردێن. بەڵکو پێموایە مەبەست لەوابەستەکردنی ڕەگەزی مێ بەحیجاب و پابەندی ئایینیەوە ئەوەیە ڕەگەزی مێ کەسێتی سەربەخۆی خۆی نەبێ و بەتەواوی ژێردەستەو ملکەچی ڕەگەزی نێر بێت، کە (**باوک و برا**)یە بۆ کچان، و (**مێرد**) یشە بۆ ژن. من کە کەمێک سەرم لەمێژوی کەلتوور دەردەچێت دەزانم ئەمە کەلتوورێکی پیاوسالارییە کە ژن بەکەلوپەل و (**مقتنیات**)و مۆڵکی پیاو دەزانێت. لەم کەلتوورە پیاوسالارییەدا پیاو حەوشەیەکی هەیە کە پەرژینی کردووەو ئیتر ژن و کەلوپەلەکانیتری لەو حەوشەیەداو لەچوارچێوەی ئەو پەرژینەدا دەهێڵێتەوە. ئەگەریش ژن بێتە دەرەوە دیسان پەرژینێک یان خێوەتێکی سەفەری پێوەیە کە پیاوی موسوڵمان ڕازینییە بەبێ ئەو خێوەتە جووڵاوە ژنەکەی دەرکەوێت!

بەڵکو ئایینە نوێیەکان، وەک ئایینی یەهودی و ئیسلام بەتایبەتی، هەوڵێکی کەلتوری پیاوسالارین بۆ سەندنەوەی پێشەنگی و سەربەخۆیی و داهێنەری و کارایی لەژن، تاکو لەبواری ئایینداریشدا. چۆن لەوە غافڵ دەبین کە ئایینی یەهودی و ئایینی ئیسلام، هەردووک هەوڵیانداوە ئامادەیی ژن هەتاکو لەپەرستگاو پەرستشدا کەمببێتەوە؟ لەئایینی یەهودیدا ڕێگە نەدراوە بەوەی ژن ئامادەی ڕێوڕەسمی پەرستگا ببێت. لە ئیسلامیشدا دەبینین ژنێک کەلە سووڕی مانگانەدایە بەپیس دانراوەو ڕێگەی پەرستشی لێگیراوە، کە ئیسلام هەر لەسەر ئەم بنەمایەوە کە هەر خۆی بەڕپای کردوە، ژن بە (**دین ناتەواو**) (**ناقصات دین**) ناو دەبات. وەک چۆن هەر ئیسلام بۆ خۆیشی لەمامەڵەی بازرگانی و تۆمارکردنی قەرزو شایەتیداندا لەسەر قەرز شایەتی دوو ژنی بەشایەتی یەک پیاو قبووڵکردووە، ئینجا بەم بیانووەی کە هەر خۆی سازی کردووە ژن بە (**ناقصات عقل**) ناودەبات. وەک دەبینین لەبیری ئایینی ئیسلامیدا، پێغەمبەرایەتی (**تاکو قەزاوەت**) بەتایبەتمەندی پیاو دانراوەو باوەڕی ئیسلامی جێی (**پێغەمبەری ژن**)ی تێدا نابێتەوە، کە ئیسلام لەمەدا ئایینی یەهودیشی تێپەڕاندووە چونکە لەئایینی یەهودیدا چەند پێغەمبەرێکی ژن هەن (**وەکو «میریام»**ی خوشکی هارون «**و موسا**» و «**دێبورە**»).

لەکاتێکدا ئێمە دەزانین کەلە کەلتوورە ڕابردووەکاندا ژن لەئایینداریدا پێشەنگ و کارا بووە، بەڵکو لەسەرەتادا ئایین، جادو، پزیشکی و ناسینی گژوگیا ئەمانە هەموویان ئیمتیازی ژن خۆی بوون، ئەوکاتە خواوەندیش مێ بوو، خواوەندی دایک بوو، کە دواتر ئایینە پیاوسالارییەکان (**بەتایبەتی ئایینی یەهودی**) شەڕی زۆریان کردووە بۆ لەبیربردنەوەو کوێرکردنەوەی باس و یادی ئەم (**خواوەندی دایک**)ـە کە دایکی ئەو خواوەندە نێرەیشە کە دواتر دەبێتە خواوەندی تەنیا. هەر بۆیە کۆنترین پەیکەری پەرستراوێک کە دۆزڕابێتەوە پەیکەری خواوەندی دایکە.

جا ئایینێک، وردتر بڵێم کەلتورێک، هەوڵبدات لەبواری ئایین و ئایینداریشدا کارایی و ڕۆڵی ژن کەمبکاتەوە ئەوا بێگومانین کە ئەمە تەنیا کەلتورێکی پیاوسالارییەو هەوڵەکانی بۆ ئەوەیە ڕەگەزی مێ بکاتە پەراوێز، تەواوکەر و پاشکۆی ڕەگەزی نێر و نایەوێ ڕەگەزی مێ سەربەخۆ و کارابێت و توانا عەقڵی و جەستەییەکانی خۆی بۆ خۆی بخاتە گەڕ، بەڵکو پێشەنگی و ڕابەرایەتی ئایینیشی لێدەسەنێتەوە. ئەوەش شتێکی سروشتیە ڕەگەزی نێر، ئەو کێشمەکێشەی لەگەڵ ڕەگەزی مێ ببێت، بەڵام ناسروشتی ئەوەیە ئەم نێرسالارییە پیرۆز بکرێت و بکرێتە مەرجی (**ڕزگاری**) و (**سەرفرازی**)ی مرۆڤەکان و وەک بەرنامەی مرۆڤایەتی بۆ ئەم چەرخەش پڕوپاگەندای بۆ بکرێت، لەهەمووی ناخۆشتریش ئەوەیە ژن بۆ خۆی ئەو نەخشە پیاوسالارییە برەو پێبدات و بۆ خۆی بانگەشەی بۆ بکات و هاوڕەگەزەکانی هانبدات بۆ ملکەچی و ژێردەستەیی. بەداخەوە لەم نموونەیەش زۆر دەبینین.

لەهەمانکاتیشدا دەبێ بزانین کە بەخۆڕزگارکردن لەئیسلام کارەکە تەواو نابێ و هێشتا هەژموونی پیاوسالاری لەسەر ژن لاناچێت، ئەوە وەهمێکە وابزانین هەر پیاوێک موسوڵمان نەبوو یان ئیسلامی نەبوو؛ ئیتر ئەوە ژن ناچەوسێنێتەوەو پیاوسالاری لەخۆینیدا ناگەڕێت. هەرچەند ئەو پیاوە- بە دیمەن و بەڕۆشنبیری و فێربوون و بڕوانامە- هاوچەرخانە دەرکەوێت. بەڵکو لەکۆمەڵگای هاوچەرخدا چەندین جۆر و فۆرمی جیاواز و (**پێشکەوتوو**)ی پیاوسالاری و چەوساندنەوەی ژن هەن. دەبێ هەمیشە ژن هەوڵبدات بۆ سەربەخۆبوونی، چونکە پیاو هەمیشە هەوڵدەدات بۆ ژێردەستەکردنی. ئەوە شتێکی غەریزەییە (**بەزاراوەی ئیسلامییەکان «فیتری»ـە**!). بەڵام ئەوندە هەیە ئێمە لەم کۆمەڵگایەدا هێشتا ڕووبەڕووی جۆر و فۆرمە تەقلیدی و کۆن و ڕزیوەکانی پیاوسالاری و چەوساندنەوەی ژن دەبینەوە! بۆیە باسەکانمان لەسەر کۆمەڵگای تەقلیدین.



بەهرە حەمەڕەش

ئیسلامییەکان جێندەریان قبووڵ نییە



بەهار عەلی*

باڵانسی جێندەری، ریژەی بەشداری ژن و پیاوە لەبەرێوەبردن و چالاکییە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، ڕۆشنبیرییەکان و بەبەشداری تـەواوی سەرجەم پێکهاتەکان، بەبێ جیاوازی ڕەگەزو ئایین لەناوەندی بڕیار و هەموو کایەکانی ژیاندا. کوردستان هەرێمێکی فرەنەتەوەو فرەئایینە. لەبەرچاوگرتنی ئـەم جیاوازییانە لەپێکهاتەی کۆمەڵگای کوردستاندا بە ژن و پیاوەوە، پرسێکی گرنگەو زامنی ئـازادی تاکەکەس و دابینکردنی مافەکانی سەرجەم پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگا دەکات. باڵانسی جێندەری وەک میکانیزمێک بۆ هێنانەدی یەکسانی نێوان ژن و پیاو لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا بەکاردێت، هەتا کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتیش دەگرێتەوە.

گەرەنتیکردنی باڵانسی جێندەری زۆر بەرفراوانترە لەپرسی ژن، کەلە دەیەکانی ڕابردوودا بەتەنیایی جەختی لێـدەکـرایـەوە. هێنانەدی یەکسانی جێندەری تەنیا بەبڕیار نابێت، بەڵکو دەبێ میکانیزم بۆ جێبەجێکردنی دابنرێت و لەلایەن خودی حکوومەت و ئەو دامودەزگایانەوە چاودێری جێبەجێکردنی بکرێت. لەساڵی ٢٠٠٠ وە لەسەر ئاستی نەتەوەیەکگرتووەکان هەوڵێکی زۆردراوەو کار بۆئەوەدەکرێت کە لـەدەرگـا فەرمییەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، ژمـارەی ژن و پیاو ٥٠ بەپەنجا بێت. لەساڵی ٢٠٠٢دا هەڵسانگاندنیان بۆکارەکانیان کـرد، بۆیاندەرکەوت کە نیوەی ئامانجەکەشیان نەپێکاوە. بەدەستهێنانی باڵانسی جێندەری میکانیزمی کاری دەوێت. سەبارەت بەو ڕایەی کە جێندەر بیرۆکەی ژنانی ڕۆژئاوایە دەڵێم خۆ ئیسلام و زۆر مەفهومی تریش لەکوردستاندا سەریانهەڵنەداوە، ئەوەتا ئیسلام کە لەجزیرەی عەرەبییەوە هاتووە بۆ کوردستان زۆر بەربڵاوەو زۆربەی دانیشتوانی کوردستان بوونەتە ئیسلام. کەسیش نالێ ئەمە دینی ئێمە نییە، بەڵکو کارتێکردنیکی گەورەی لەسەر ژیانی تاکەکەس و گشتی کۆمەڵگا هەیە.

پەیوەندی نێوان گەلان و کارتێکردنیان لەسەر یەکتری مێژوویەکی کۆنی هەیەو لەسەردەمی شۆڕشی تەکنەلۆژیادا فراوانتر بووە، بەرادەیەک لە ئەفغانستان شەڕ بێ خەڵک لەئەمریکا ئارام نابێت. ئەم چەمکە لەسەر بنەمای پرکردنەوەی ئەو کەموکورتییانە هاتووە کەلە شەپۆلی یەکەم و دووهەمی بزووتنەوەی فیمنستی ئەورووپاو ئەمریکادا هەبوو. تیرۆانینیان بۆ بزووتنەوەو بارودۆخی وڵاتانی ڕۆژهـەڵات، لەو سەردەمەدا جیاوازبووە. زۆرجار پرۆژەی وڵاتی خۆیانیان بۆ وڵاتانیتر کۆپی کـردووە. مەفهومی جێندەر دەڵـێ، هەر وڵاتێک خاوەن کەلتوورو تایبەتمەندی تایبەتی خۆیەتی. بیرۆکەی هیچ وڵاتێک دەقـاوەدق لەشوێنێکیتر جێبەجێ ناکرێ و دەتوانرێت سوود لەئەزموونی یەکتر وەربگیرێت. بەڵام دەبێ هەر وڵاتەی خۆی بەرنامەی کـاری خـۆی بۆ هێنانەدی یەکسانی جێندەری بەمانا فراوانەکەی دابنێت. لەحەفتاکاندا لەئەمریکا، کۆمەڵێک ژن، کۆبوونەوەیەکی تایبەتیان بۆ خۆیان ڕێکخست و باسیان لەزۆر بابەت دەکرد، بەتایبەتیش پرسگەلی تەندروستی، پەروەردەی منداڵ، بارودۆخی ئابووری، پەیوەندی سێکسی و بەکارهێنانی لەش. یەکێک لەو ژنانە بابەتی ئەم کۆبوونەوانەی کردە کتێبێک بەناوی (لەشمان) ئەم کتێبە لە ژمارەو فرۆشتندا ژمارەی قیاسی شکاندو وەرگێڕدرایە سەر زۆربـەی زمانەکانی جیهان. لەسەرەتای هەشتاکاندا لە میسر وەرگێڕدرایەسەر زمانی عەرەبی. ئەو وەرگێڕانە هیچ لەو بەشانەی تیدا نییە کە باسی سێکس و سێکسوالێتی دەکات. خاوەنی کتیبەکەش هیچ ناڕەزاییەکی نەبوو، لەسەر ئەو بنەمایە دیراسەیەکی نووسی و گوتی کۆپیە عەرەبیەکەی کتیبەکەم مانای وایە کە بزووتنەوەی فیمنستی ئیستعمار نییەو هەر وڵاتیک بەپێی تایبەتمەندی خۆی کار بۆ هێنانەدی یەکسانی دەکات. جێندەر لە سەر بنەمای پەیوەندی هیزەوە تەماشای کۆمەڵگا، تاکەکانی و پەیوەندی نیوان ژن و پیاو دەکات، بڕوای بەوە نییە کە هەموو پیاو چەوسێنەر و هەموو ژنیش چەوساوەن. کە دەگوترێت کومەڵگای کوردستان پیاوسالارە، دەبێ بپرسین کام پیاو سالارە؟ ئەو پیاوە هەژارەی کە خزمەتکاری لەماڵاندا دەکات؟ ئەو ژنانەی خاوەن هێزن لەهەر بوارێکی ژیاندابێت هەر چەوساوەن؟ لەهەموو خێزانەکاندا پیاو دەستـەڵاتدارو ژن بێدەستەڵاتە؟ لەکاتی پرۆژەو کارکردندا دەبێ بزانین گرووپی مەبەست کێیە؟ بەوپێیە چەمکی جەندەر لەچەمکی عەلمانیەت نزیکە. لەعەلمانیەتدا دین لەبەرێوەبردنی کـاری دەوڵـەت جیا دەکرێتەوە، بەڵام هەموو کەس ئازادە مومارەسەی کاری دینی خۆی بکات. لەم چەمکەدا هەموو کەس و گرووپێک ئازادن چۆن دەژین. لەچەندسالّی ڕابردوودا هەندێک وڵاتی ئەورووپی بڕیاریاندا، کە نابێ هێمای دینی لەزانکۆ و شوێنە فەرمییەکاندا بەکار بێ و مەبەستی سەرەکیش قەدەغەکردنی حیجاب بوو. ئەوانەی لەبواری یەکسانی جێندەریدا کاریانەدکرد، دژی ئەم بڕیارە بوون و پێیانوابوو ئەوە ئازادی تاکەکەسەو نابێ لەدەرەوەی ئیرادەی هیچ شتێک بەسەر مرۆڤدا بسەپێنرێت.

سروشت وپێکهاتەی خێزان لەسەرەتاکانی دروستبوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییەوە لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکیتر جیاواز بـووەو بە بەردەوامیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەو پرسەی کە هەندێکجار دەبێتە جێی مەترسی هێزە ئیسلامییەکان، پرسی هۆمۆ سێکسوالێتی و هاوسەرگیری هاوڕەگەزەکانە کە بەپێی یاسا لەهەندێک وڵاتدا ڕێگەی پێدراوە. زۆرجار دەبیستین کە پیاوێک هەتیوبازە یان هەندێک ناویتری لێدەنرێت. ئەو حاڵەتە بەپلەی یەکەم پەیوەندی بەپێکهاتەی هۆرمۆنی کەسەکانەوە هەیە کەلە شێوازی پیاودا دروستبووە، بەڵام هۆرمۆنی ژنانەی زیاترە، بۆیە پێیخۆشە لەگەڵ پیاوێکدا بژی. واتە پرسێکی سروشتییە. لەقوناغێکدا لەئەورووپاو ئەمریکا وەک نەخۆش تەماشایان دەکردن و گۆڕینی هۆرمۆنیان بۆ هەندێکیان دەکـرد. لەئەورووپاش زۆرکەس پێی قبووڵ نییە. بەڵام مافیان پارێزراوەو کەسانی ئاسایین لەژیانی گشتی کۆمەڵگادا. ئەوە بەشێکە لەو مەفهوومە بەرفراوانە. پێویست ناکات ئێمە سەرجەم بواڕە باشەکانی ڕەتبکەینەوە. لەبەر ئـەوەی لەخاڵێکدا کە باس لـەئـازادی تاکەکەس دەکات بەچۆنیەتی بەکارهێنانی جەستەی خۆی. ئارەزووی جنسی ئازادی تاکەکەسە. لەوانەیە ئەم بابەتە لەم قۆناغەی ئێستای کۆمەڵگای ئێمەدا، کێشە یا پرسێکی گرنگ نەبێت.

*** شارەزا لەبواری جێندەر**

تێڕوانینی ئیسلامییەکان بۆ چەمکی جێندەر جیاوازە



د.عالیە فەرەج*

باڵانسی جێندەری، بریتییەلە: هەبوونی هەردوو رەگەز لەدەزگایەکی کارکردن یان هەر کایەیەک لەکایەکانی ژیاندا، رووبەکیتری تێگەیشتنی جێندەرییە. چونکە ئیدراکی جێندەری، لەسەر ئاستی چەمک دەگوترێت و وەک چەمک باسدەکرێت. بەڵام باڵانسی جێندەری، لەسەر ئاستی واقیع باسدەکرێ کە ئەویش بریتییەلە: هاوتابوونی رۆڵی هەردوو رەگەز یان هەستیاربوون بەدابینکردنی یەکسانی بۆ هەردوو رەگەز. لەبەرئەوەش باڵانسی جێندەری هەر هەبوونی رەگەزی مێ نییە لەشوێنێکدا، واقیعێکی کۆمەڵایەتییە لەدەزگایەک یان لەهەر شوێنێکیتری ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی یان ئابووریدا، لەحاڵەتێکدا ئەگەر رەگەزی نێریش لەدەزگایەکدا بوونیان نەبوو ئەوا دەتوانین بڵێین کە باڵانسی جێندەری لەم دەزگایەدا نییە. بۆیە بەقەناعەتی من باڵانسی جێندەری بوونی هەردوو رەگەزەکەیە. لەهەر کایەک لەکایەکانی ژیاندا.

بۆ بەرجەستەبوونی باڵانسی جێندەری پێویستمان بەئیدراکی جێندەرییە. ئیدراکی جێندەریش هەستیاربوونە بەبوونی هەردووڕەگەز. لە واقیعی کۆمەڵگای کوردستاندا، ئێستا هەستیاربوونە بەبوونی رەگەزی مێ، لەسەرجەم کایەکاندا، لەسەر ئاستی پلاندانان و بەواقیعیکردنی بوارەکاندا. تێڕوانینی ئیسلامییەکان بۆ جێندەر وەک یەک نییەو جیاوازە بەسەر دوو ئاڕاستەدا دابەشبوون. بەڵام ناتوانین پێناسەیەکی دیاریکراو و سنووردار بۆ چەمکی جێندەر بکەین، چونکە ئاڕاستە دیاریکەرەکانی جێندەر زیاتر لەئاڕاستەیەکن. لەخودی رۆژئاواشدا، سەرەتا چەمکی جێندەر وەک راناو بەکارهێنراوە. بۆ جیاکردنەوەی رەگەزی نێرومێ لەیەکتر. لەسەدەی بیستەمەوە زیاتر وەک چەمک بەکارهێنراوەو ئێستا بووەتە ئایدۆلۆژیاو وەک ئایدۆلۆژیا کاری پێدەکرێت و بەکاردەهێنرێت.

لەناو ئیسلامییەکانیشدا یەکەڵۆیستی بەرامبەر بەجێندەر نییە. بەڵکو زیاتر لەهەڵوەستەیەک هەیە. بۆیە زیاتر لەدیراساتی فیمینیزمی جێندەریدا، ئیسلامییە فیمینیستەکان و موسوڵمانە فیمینیستەکان و عەلمانییە فیمینیستەکان، کە پۆلین دەکرێن دەربارەی کۆمەڵگا موسوڵمانەکان، دەکرێت بەسێ بەش. بەشێکیان پێیدەڵێن، ئیسلامییە فیمینیستەکان، فیمینیستە موسوڵمانەکان، فیمینیستە سیکۆلارەکان. ئەوە خۆی لەخۆیدا ئاماژەیەکە لەسەر ئەوەی کەلە ناو کۆمەڵگا موسڵمانەکاندا لەلایەن ئیسلامییەکان بەرامبەر چەمکی جێندەر، یەکەڵۆیستی نییەو بەڵکو دەبن بەسێ بەشەوە، بەشی یەکەم، مامەڵەیەکی دۆگمایی لەگەڵ چەمکی جێندەردا دەکات، واتە سەدیسەد چەمکەکە رەت دەکاتەوە. بەشی دووهەم، کۆمەڵێکن کە مامەڵەکردنێکی بژاردەیی لەگەڵ چەمکی جیندەردا دەکەن. واتە ئەوەی کە باشەو لەگەڵ فەلسەفەی ئەودا دەگونجێت، لەبواری بەرجەستەکردنی یەکسانی جێندەریدا، لەبواری گشتی کۆمەڵگادا، لێی وەردەگرێت. بەڵام لەبواری خێزاندا میکانیزمی بۆ دادەنێت. بۆنموونە، لە بۆچوونە جێندەرییەکان و پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزان و دابەشبوونی ئەرک و مافەکان لەچوارچێوەی خێزاندا، فەلسەفەی جێندەری لەگەڵ فەلسەفەی ئیسلامیدا، چونکە لەبواری خێزاندا جیاوازییەک لەبەینیاندا هەیە. بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو جیاوازییە یان بۆمامەڵکردن لەچوارچێوەی ئەو جیاوازییەدا، ئیسلامییەکان لەوبوارەدا میکانیزمی خۆیان دادەنێن. لەهەندێ وڵاتی عەرەبیدا، بۆ هەندێ لەو زاراوانەو فەلسەفەی پەیوەندی لەنێوان هەردوو رەگەزەکە فەلسەفەیەکی تەواوە، نەک فەلسەفەیەک کە لەسەر بناغەی ململانێ بێت. ئەم بەشە، ئەوەی لەگەڵ فەلسەفەی ئەواندا رێکدەکەوێت لێی وەردەگرن و جارێکیتر تاقیدەکەنەوە. ئەوەی لەگەڵ فەلسەفەی ئەودا رێکناکەوێت، ئەوا میکانیزمی بۆ دەدۆزنەوە.

بەشی سێهەم، ئەو بەشە چەمکی فیمینیزم بەهەموو جۆرێک و سەداسەد قبوڵ دەکەن. ئەوە تایبەت نییە بەئیسلامییەکانەوەو موسوڵمانەکان وامامەڵە لەگەڵ چەمکی جێندەردا دەکەن. یان هەمووی وەردەگرێت یان هەمووی ڕەتدەکاتەوە.

سەبارەت بەو قسەیەی کە ئیسلامییەکان دژی چەمکی جێندەرن، وانییەو ئەوە رای شیۆعییەکانە لەساڵانی حەفتاکانداو ئێستا ئەو تێڕوانینە گۆڕاوە.

* مامۆستای بەشی کۆمەڵناسی، زانستە مرۆڤایەتییەکان لەزانکۆی سلێمانییەو هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لەبواری جێندەر.

www.netewe.com



حاڵەتەکانی تووشبوونی ژنان بەنەخۆشییە دەروونییەکان زۆربەی زۆڕ لە زیادبوونداین و پسپۆڕانی بواری دەروونی هۆکارە سەرەکییەکەی دەگەڕێننەوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ژنان بەتوندوتیژییە دەروونییەکان و پێیانوایە هێندەی توندوتیژی جەستەیی کاریگەری خراپ لەسەر مێینە بەجێدەهێڵێت.

وارڤین – هەولێر:

ژیلەی ٢٣ ساڵ خۆی بەیەکێک لەقوربانییەکانی توندوتیژییە دەروونییەکان دادەنێت و باس لەوەدەکات لەلایەن برابچووکەکەیەوە، تووشی توندوتیژی بووەتەوە، ئەو بەگریانەوە گوتی"**برایەکم زۆر خراپە لەگەڵم و قسەی ناشیرینم پێدەڵێت و زۆرجار چەقۆی بۆ هاویشتوم و لێیداوم**".

ژیلە، زیاتر باسی لەئازارەکانی ژیانی کردو گوتی"**هەموو ئازادییەکی لێسەندوومەتەوە، ناهێڵێ بچمەدەرەوەو نابێ مۆبایلم هەبێت، جارێک بینیمی بە مۆبایل قسەم دەکرد زۆری لێدام و خەمێکی زۆرم خوارد**". ئەو کچە باس لەوەدەکات، کە زۆرجار پەنای بردۆتەبەر خۆکوشتن و دواتر پەشیمانبووەتەوەو بیری لەوەکردۆتەوە دەبێت خۆڕاگربێت.

ئەو کچە گەنجە هۆکاری ئازاردانی لەلایەن براکەیەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ (نێر) بوونی ئەو و (مێ) بوونی خۆی و گوتی"**باوکم نییەو چونکە ئەو کوڕە خۆی کردووەتە سەرکردەی ماڵەکەو کەس دەسەڵاتی نییە بەسەریداو هەموو شتێکی خراپم بەرامبەر دەکات**".

یەکێکی دیکە لەو کچانەی کە تووشی توندوتیژی دەروونی بووەتەوە نەهلە ئەحمەدی ٢٢ساڵە، بەگوتەی خۆی لەگەڵ ئەوەی هاوڕێکانی ئەو ئێستا لەدوا قۆناغی زانکۆدان، بەڵام ئەو بەهۆی توندوتیژی و زەبرو زەنگەکانی باوکە پیرەکەیەوە لایەنی دەروونی تێکچووەو لەخوێندن دواکەوتووە.

www.netewe.com

ژنانی کورد بەدەست توندوتیژی دەروونییەوە دەنالێنن

نەهلە گوتی"**باوکم کەسێکی داخراوەو بیرکردنەوەیەکی دواکەوتووی هەیە، تەنانەت بەدڵی ئەو جلوبەرگ لەبەردەکەم و دەژیم**".

ئەو گوتیشی:"**باوکم رێگرە لەبەردەم هەموو حەزو ئارەزووەکانم و نامێڵێت نە ئەنتەرنێتم هەبێ، نە مۆبایل و ناشهێڵێ بچمە دەرەوەش**".

نەهلە، باسی لەوەکرد، ئێستا لایەنی دەروونی ناجێگیرەو هەست بەبێزاری و خۆبەکەمزانین دەکات.

ژۆرجار ژنان نەک تەنیا لەناوخێزان، بەڵکو لەدامودەزگاکان و شوێنی کارکردنیان تووشی توندوتیژی دەروونی دەبنەوە. سوهامی ٣٥ ساڵ کە کارمەندی یەکێک لەفەرمانگە حکومییەکانە باس لەوە دەکات، لەلایەن بەڕێوبەرەکەی و کارمەندێکی کچ لە شوێنی کارکردنەکەیەوە شەڕی دەروونی لەگەڵ کراوەو بەهۆی ئەوەشەوە خەمێکی زۆری خواردووەو ناچاربووە دەزگاکە بەجێبهێڵێت.

ئەو گوتی"**بەڕێوبەرەکەم پیاو بوو، بەهاوکاری کچێکی کارمەند کە زۆر ئیرەیی پێدەبردم، بێزاریکردم و هەر شتێکم پێناخۆشبوایە دەیانکرد**". ئەو گوتیشی کە بەڕێوبەرەکەی لە بەتوانایی سوهام ترساوە، کە شوێنی بگرێتەوەو هەوڵیداوە بێتاقەتی بکات، تاشوێنەکە بەجێبهێڵێت و جێگەی پێ لێژ نەکات.

سوهام گوتی"**ئێستا دڵمخۆشەو رزگارمبوو لەو خەم و ناخۆشییەی کە تێیکەوتبووم، بەڵام زۆرجار پەشیمانیشم کەوا زوو ئەوێم بۆ دوو کەسی بێتوانا بەجێهشت**".

ئارام ٢١ ساڵ، یەکێکە لەو کوڕانەی بۆ تۆڵەسەندنەوە شەڕی دەروونی لەگەڵ خۆشەویستە کۆنەکەی دەکات، ئەو گوتی"**٣ساڵ پەیوەندیم لەگەڵ کچێک هەبوو و زۆرمان یەک خۆشدەویست، بەڵام ئەو لەپڕ گوتی خواحافیز، منیش بڕیارمداوە، کە نەهێڵم بحەسێتەوە**". ئەو کوڕە گوتیشی"ئەو سێ ساڵ یاری بە من کردو هەروا ئاسان لێیخۆشنابم، بێزاری دەکەم هەڕەشەم لێکردووە، ئەگەر شووبکات هەموو وێنەکانی، کە پێکەوەگرتوومانە پێشانی مێردەکەی دەدەم".

ئارام گوتیشی"**هەرچەندە من سوود لەوە نابینم، بەڵام چێژی لێدەبینم کاتێک دەبینم ئەو نائاسوودە دەبێت و حەزدەکەم ژیانی لێتێکبدەم**".

توێژەری دەروونی سامان سیوەیلی، سەرۆکی سەنتەری راوێژکاری خێزانی لەسلێمانی سەبارەت بەو توندوتیژییە دەروونییانەی تووشی مێینە دەبێتەوە گوتی"**لەناو خێزاندا زۆر جۆری توندوتیژی دەروونی بەرامبەر مێینە دەکرێت، ئەویش بەجیاوازیکردن لەنێوان کچ و کوڕو شکاندنی دەروونی و فەرامۆشکردنیان**". ئەو گوتیشی زۆرجار پیاوان توندوتیژی بەرامبەر خێزانەکانیان دەکەن و"**سۆز نابەخشنە هاوسەرەکانیان وخۆپەرستن و ساردن لە پەیوەندی سێکسیدا**".

ئەو توێژەرە سەبارەت بەهۆکارەکانی زیادبونی توندوتیژییە دەروونییەکان گوتی "**هۆکارە سەرەکییەکەی نزمی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگایەو توندوتیژی دەروونی پەیوەندی نییە بەئاستی رۆشنبیری خێزانەوە**".

سەبارەت بەبوونی توندوتیژی لەناو ئەو خێزانانەی کە لەئاستێکی بەرزی رۆشنبیرییدان"**مامۆستای زانکۆ دەناسم شەڕی دەروونی لەگەڵ ژنەکەی دەکات و ئاسن دەکاتە سۆندەوەو لێیدەدات و خەڵکیش هەیە ئاستی رۆشنبیری نزمەو زۆریش میهرەبانە**".

سامان سیوەیلی باسی لەو ئاکامانە کرد، کە لەئەنجامی توندوتیژی دەروونی دەکەونەوەو گوتی"**توندوتیژی دەروونی دەبێتە هۆی خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و هەستکردن بەکەمی و گرێی دەروونی لای کەسەکە دروستدەکات**".

ئەو بەهێنانەوەی پەندی پێشینانی "**شوێنی گوللە سارێژدەبێ و شوێنی قسە سارێژنابێت**" باسی لەمەترسی توندوتیژییە دەروونییەکان لەسەر تاکەکان کرد و گوتی"**توندوتیژی دەروونی مەترسی زۆر زیاترە لەتوندوتیژییە جەستەییەکان و بەداخیشەوە زۆرکەم گرنگی پێدەدرێت و باس دەکرێت**".



هەژان خالید

رۆڵی پیشە لەدەستنیشانکردنی هاوبەشی ژیاندا

هەرلەکۆنەوە زانراوە، مرۆڤ لەدەستنیشانکردنی هاوبەشی ژیانیدا هەندێکجار ئاکار و ڕەوشت، هەندێکجار جوانی، یاخود لێکتێگەیشتنی سێکسی وەک پێوەری سەرەکی بۆ هەڵبژاردنی هاوبەشی ژیانی لەبەرچاوگرتووە، بەڵام توێژینەوەیەکی ئەڵمانی ئەو ڕاستییەی دەرخستووە، کە پیشە ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لەدۆزینەوەو دەستنیشانکردنی هاوبەشی ژیان و دەستنیشانکردنی ئەو تایبەتمەندییانەی دەخوازێت لەهاوبەشەکەیدا هەبێت.

مالپەڕی ئەلیکترۆنی (ئەی دارلینگ) ڕاپرسییەکی لەنێو ئەو کەسانەدا ئەنجامداوە، کە دەخوازن ژیانی هاوسەرگیری پێکبهێنن و ڕۆژنامەی (ڤیرتچافتس فۆخە) "WirtschaftsWoche"ی ئەڵمانی ئەو ڕاپرسییەی بڵاوکردووەتەوەو تێیدا پرسیار لەبارەی پەیوەندی نێوان خۆشەویستی و پیشە کراوە. لەو ڕاپرسییەدا ٢٥ هەزار کەسی سەر بە بیست پیشەی جۆراوجۆر بەشداریانکردووەو توێژەرانی مالپەڕەکە لەتوێژینەوەیان لەبارەی ئەنجامەکانی ئەو ڕاپرسییەوە ئەنجامگەلێکی نوێیان بۆ دەرکەوتووە.

بەگوێرەی توێژینەوەکە پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان جۆری پیشەو خۆشەویستی بەمەبەستی پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش هەیەو خاوەن پیشەکان ئاڕاستەزووی ئەوە دەکەن کەسێک بکەنە هاوبەشی ژیانیان، هەمان پیشەو تایبەتمەندی هەبێت کە ئەوان هەیانەو ئەو تایبەتمەندییانەش لەهێمنی و ڕۆمانسیەتەوە بگرە تادەگاتە سەرنجڕاکێشی و

www.nefewe.com

وروژانی هەستی سێکسی دەگرێتەوە.

سەرنجراکێشی و تەرازووی ئاکار

فشارو سەختییەکانی پیشە رۆڵێکی سەرەکی دەبینن لەدەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی هاوبەشی ژیان و بەگوێرەی توێژینەوەکە پارێزەران مەرجی سەخت بۆ دەستنیشانکردنی هاوبەشەکانیان دادەنێن و ئەوان ئارەزووی ئەوە دەکەن هاوبەشی ژیانیان لەئاستێکی بەرزی خوێندەواری و پلەیەکی بالای کۆمەلایەتیدا بێ و سەرنجراکێش بێت. هەروەها تەمەن رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەهەڵبژاردنی هاوبەشی ژیان لەلای پارێزەران، بەڵام ئەوانەی پیشەی پارێزەری دەکەن بەبەراوورد لەگەڵ پیشەکانی دیکە بەشێوەیەکی سەرەکی هەستکردنیان بەرۆمانسیەت لاوازە.

توێژینەوەکە دەریخستووە، دیزاینەری جلوبەرگ و مۆدە لەدەستنیشانکردنی هاوبەشی ژیاندا زۆر بایەخ بە سەرنجراکێشی دەدەن و بێگومان خۆشیان لەوپەڕی سەرنجراکێشیدان.

لەلایەکی دیکەوە توێژینەوەکە ئاشکرایکردووە، پزیشکان پشت بەیەکتر دەبەستن و بەشێوەیەکی سەرەکی دەخوازن هاوبەشی ژیانیان لەئاستێکی بەرزی ئاکار و رەوشتدا بێت و ئەوەی زۆر لەدۆزینەوەی هاوبەشی ژیانیش سەرقاڵییان دەکات پرسی ئاستی خوێندەواری هاوبەشەکانیانەو تاڕادەیەکی زۆریش بایەخ بەسەرنجراکێشی و گونجانی سێکسی دەدەن.

جوانی و یەکانگیری سێکسی

لەلای زۆرینەی ئەوانەی بەدوای هاوبەشی ژیاندا دەگەڕێن پرسی جوانی مەرجە. ئەوەی کارمەندانی بانکەکانی زۆر سەرقاڵکردووە پرسی یەکانگیری سێکسی و نەرمی و کرانەوەی لایەنی بەرامبەرە، پیاوانی بانک زیاتر ئارەزووی ئەوە دەکەن هاوبەشی ژیانیان بالابەرزبێت و ئارەزووی ئەوەش دەکەن هاوبەشەکانیان خاوەن بەهایەکی بالابن.

لەلای قوتابیان مەرجی سەرەکی بۆ دەستنیشانکردنی هاوبەشی ژیان بریتییەلە: یەکانگیری سێکسی و چێژبینین لە ئازادی کەسی و زۆربەشیان ئەو ژنانەیان ناوێت کە لەهاوسەری پێشوویان منداڵیان خستووەتەوە.

سەبارەت بەپیاوانی خاوەنکار و وەبەرهێنەرەکان توێژینەوەکە دەریخستووە کە ئەوان بەهۆی سەرقاڵی زۆر و سەختی کارو ماندووبوونی زۆرەوە کەسانێکیان دەوێت کە نەرمونیان بێت لەگەڵیاندا و بتوانن لە کاتی بارگرانی سەرشانیان پشتی پێببەستن و هەست بەحەز و خولیاکانیان بکات. ئەوان لە پزیشک و پارێزەر و کەسانی پۆلیس زیاتر بەتەنگ جوانییەوەن و لەوبڕوایەدان جوانی مەرجی سەرەکییە.

تەرازووی رۆمانسیەت

توێژینەوە ئەڵمانییەکە ئاشکرایکردووە، فەرمانبەران بەهۆی ئەوەی کاتی کارکردنیان دەستنیشانکراوە، نایانەوێت لەکەشوهەوایەکی هەڵچوونیدا کار بکەن و لەوبڕوایەدان ئەوە کاریگەری نەرێنی دەکاتەسەر رەوشی ژیانی هاوبەش و کارەکەیان، بۆیە بەپێویستی دەزانن لەگەڵ هاوبەشی ژیانیان زیاتر یەکانگیرییان هەبێت لەرێژەی ناوەندبوون زیاتر بایەخ بەهاوبەشی ژیانیان دەدەن.

رۆژنامەنووسان: پیاوانی رۆژنامەوان بەپێویستی دەزانن هاوبەشی ژیانیان رۆشنبیر بێت، بەڵام ژنانی رۆژنامەنووس ئەوەیان بەمەرج نەگرتووە. رۆژنامەوانانی ژن و پیاو هەوڵدەدەن ئاکاری پیشەکەیان لەئاستێکی نموونەییدا بەکاربهێنن لەپێناو دۆزینەوەی هاوبەشی ژیانیان و پێویستە ئەوەش بگوترێت کە ژنانی رۆژنامەوان زیاتر ئارەزووی ئەوەدەکەن هاوبەشەکانیان کەسانی رۆمانسی بن.

توێژینەوە ئەڵمانییەکە باسی لە پرسی خۆشەویستی لای جووتیار و خاوەن زەوییە کشتوکاڵییەکان کردووەو بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لەتوێژینەوەکەدا بڵاوکراونەتەوە، جووتیار بە کەسێکی خاوەن رۆمانسیەتێکی جوان وەسفکراوە. ئەو کەسانەی کاری کشتوکاڵی دەکەن بەلایانەوە گرنگ نییە ئاستی رۆشنبیری هاوبەشی ژیانییان چییە، ئەوان پرسی رەوشتیش ناخەنە پێش هەموو شتەکانەوە، بەڵکو لەلای ئەوان مەرجە، هاوبەشی ژیانیان خاوەن هەستێکی بەهێزی رۆمانسیانە بێت و توانای لێبوردنی هەڵەکانیشی هەبێت.

سەرچاوە: دۆیچەڤیلە

چەکێک لە بەهای ئافرەت لە ئیسلامدا



مەلاعومەر چنگنیانی

جاروبار ئەم بەڕێزانەی (**وارڤین**)ڕووم لێدەنێن بۆ پرکردنەوەی بۆشایی ڕێپۆرتاژێک، یان وەڵامی پرسیارێک و جارێک بەڵێ و چەندجارێش ناتوانم. تائێستای پەیوەندی من و ئەم گۆڤارە زۆر ژناویە بووە، تا ئەوەبوو ڕۆژی پێنجشەممە ٢٥ی١١ی ٢٠١٠خاتوو لەنجەی خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری گۆڤارەکە، خۆی و دوو هەم ڕەگەزی هاوکاری، بێئاگاداری پێشوەختە، گەیشتنە پرسگەی خەبات و دوای کەمێک دانیشتن، داوای ئەوەیان کرد کە بۆ لەمەولایان ببمە هاوکارێکی هەمیشەیی و لاپەڕەیەکی بۆ من تەرخان بکرێت کە وێڕای سەرقاڵی زۆریشم، نەمتوانی دڵیان بشکێنم!.

ئاخرکێ بێئەوەندە دڵـڕەق بێت دڵـی گوڵی پێبشکێندرێت؟!. خۆ کە دەشڵێم گوڵ، نایکەم بە ئازایی خۆم، ئەوە من نیم کە ئەوەندە بەئەمەک بم بتوانم ئەو ڕێزەبنێم لە ئافرەت کە پێی شایانەو پێببەخشم. ئەوە خوای گەورەو پەروەردگارە کە نەک بیانچوێنێ بەگوڵ، بەڵکو لەئایەتی (١٣١) ی سورەتی (**تاها**)دا، بەگوڵی ژیانی دنیا ناویان دەبـات و بگرە یەکێک لەگەورە سورەتەکانی قورئانی ناولێناوە (**ئافرەت**) و لەئایەتی (١٨) یـدا دەفـەرمـوێـت: (**ئـەی پیاوە بـڕواداڕەکـان، هەڵسووکەوتتان لەگەڵ ئافرەتاندا باش بێت**).

ئیتر وەک من لێیتێدەگەم، ئەمە مانای ئەو فـەرمـوودەیـەی خـوایـەو بەسیغەی فەرمانیش هاتووە، بەڵام کە کەسێک بڵێ: بڕوادارم و پابەند نەبێت پێیەوە، ئایین بڵێ چی؟.

خوێندەری بەڕێز: پشتیوان بەخوا بۆ لەمەولا تا بگونجێ و ئاستەنگێک نەیەتە ڕێگە، هەرجارەی بەنووسینێکی ئایینی کـورت، لەڕێگەی ئەم لاپەڕەیەوە دەبمە میوانتان و هەرلێرەیشەوە داواتان لێدەکەم ئێوەی بەڕێز دەتوانن هەرپرسیارێکتان هەبێت، لە ڕێگەی ئیمیلی تایبەتی خۆمەوە بینێرن و ئەگەر حەزتان کرد لەڕێگەی لاپەڕەکەوە وەڵامتان دەدەمەوە، ئیتر پشتڕاستیش بن لەوەی کە لەکاتی وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێکدا، ناو و ناونیشانی خاوەنەکەی فەرامۆش دەکەین، ماوەتەوە بڵێم: سۆزی ئەوەیشتان دەدەمێ هیچ بابەت یان وەڵامێک بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرچاوە ئاراستەناکەم.

هەرلێرەو لەم یەکەم لاپـەڕەی نووسینی نێو وارڤینەمەوە، چەند دەقێکی پیرۆز دەکەمە خەڵات بۆ خانمانی کوردستان، کەلە گوڵزاری قورئان و سەدانهەزار فەرمووداەی پێغەمبەر(د.خ) وە بۆیان دەچنم و بەڕای من کەمترین سوودیان ئەوەیە کە بزانن خودا ڕێزی لێناون، بەڵام کە بەناو ئیسلامخوازان ڕێـزیـان لێنەنێن، ئەوە کەمتەرخەمی خەڵکەکەیەو چ پەیوەندی بەخودی پەیامەکەوەنییە.

خانمگەلینە: ئێوەبوون کە پێغەمبەر(د.خ) لـەدوای ڕاوێژکردنی بەهەموو یاوەرەکانی ڕای یەکێکتانی بەسەر هەمووڕاکانیتردا دا و لەئاکامدا ڕێکەکوتننامەی حودەیبیەی لێکەوتەوە.

١: عەبدوڵڵای کوڕی عەباس(ر) کە مامۆستای تەفسیری قورئان و یاوەری پێغەمبەربوو(د.خ) دەفەرموێت: (**زۆرم پێناخۆشە خێزانەکەم خۆیم بۆ ئارایشت بدات و بۆنی خۆش لەخۆی بدات بۆم، چونکە من ناتوانم وای بۆ بکەم و خۆمی بۆ بڕازێنمەوە! کە وایشم نەکرد تاوانباردەبم! چونکە خوا دەفەرموێت: (ئافرەتان مافیان هەیە، بەهەمان ئەندازەی کە ئەرکیان لەسەرشانە**) مانای ئایەتی (٢٢٨)سورەتی ئەلبەقەرە.

٢: پێغەمبەر(د.خ)دەفەرموێت: (بڕوادارترین کەستان ئەوانەتانن کە ڕەوشتی بەرزە، باشترین کەسیشتان، ئەوانەتانن، کە لەگەڵ ئافرەتەکانتان بـاش بن)ئیمامی تـورمـزی گێڕاویەتییەوە ژمارە (٢٥٣)لەریازی نەوەویدا.

٣: لەفەرموودەیەکی دیکەیدا دەفەرموێت: (**با هیچ پیاوێکی بڕوادار، خێزانی نەبوغزێنێ و سزای نەدات، گەرمات و لەخوێەکی نیگەران بووێت، ڕەوشتێکی تری هەیە کە جێگەی ڕەزامەندیتبێ!**) ئیمامی موسلیم، گێڕاویەتییەوەو لای ریازی نەوەوی ژمارە (٢٨٠).

٤: لەفەرموودەیەکی دیکەیدا دەفەرموێت: (**ئاگاتان لەشووشەکان بێت**)واتە: ئاگاتان لە ئافرەتەکان بێت. بنواڕە (زاد المعاد بەرگی (١)لاپەڕە (١١٢). کەوابوو خوشک و کیژ و هاوسەرەکانمان، بەپێی فەرموودەی ئەو گەورە پیاوە، شووشەن و ئێمەی پیاوگەل کە وەها تەماشایان ناکەین، ستەمیان لێدەکەین.

لەکۆتاییدا دەڵێم: ئێوە کە پێغەمبەر(د.خ) لەهەقتاندا دەفەرموێت: (**باشترین نیعمەت و خۆشی ژیانی دنیا ئافرەتی باشە**)، بێگومان بەهەشتەکەیش هەر بەئێوەوە بەهەشتەو ئێوەن حۆریگەل، هیوادارم ئێمەی پیاو بەخۆدا بێینەوە وەک گوڵ تەماشاتان بکەین، بەڵام نەتان ژاکێنین و بەتایبەت ئەوانەی لەسەر کورسی بەڕێرسی دادەنیشن، با لەخودا بترسێن و ئاگایان لەوەبێت ئەوکاتەی ژیـان وادەخـوازێ کە شانبەشانی پیاوەکان، خوشکێک هاوپیشە دەبێت، لەدەزگا، یان هەرشوێنێکدا ئەمانەتن و با بەوچاوەوە لێیانبنواڕن و بۆیان ببنە باوک و برا و بیانپارێزن، چونکە ئەوی مالّی لەشووشەیە نابێ بەرد لەمالّی خەڵکی بگرێت.

تێبینی: لەبەکارهێنانی هەردەقێکی پڕلە بەخششی قورئان و فەرموودەی پیرۆزدا، تەنیا ماناکانم هێناوە، چونکە پێمواید واباشترە.



چارەنووسی ژن لە شارستانیەتی ڕۆما

(١ - ٤)

لەئەڵقەی پێشوودا بەپوختی کورتە باسێکمان لەبارەی ڕەوش و چارەنووسی ژنان لەیۆنانی کۆندا خستەڕوو و لێرەشدا هەوڵدەدەین بەگووشراوی پوختەیەک لەبارەی ڕەوشی ژنان لەڕۆمای سەردەمی کۆن بخەینەڕوو. لەڕۆمادا پیاو دەسەڵاتی ڕەهاو بێڕکابەری هەبوو، خاوەنی ژن و بنەماڵەکەی بوو، بڕیاری ژیان و مەرگی ژن لەلایەن پیاوەکەوەیەوە دەدرا. تەنانەت ئەگەر ژن و منداڵی پیاوێک تاوانێکیان بکردبایە پیاوی ئەو ماڵە دەیتوانی بەرانبەر بەو تاوانە بیانکوژێت. لەسەر بنەمای ئەم هەڵسووکەوتەی پیاوان لەڕۆمای کۆن کەسێک بەناوی «**کاتن**» لەسەدەی دووهەمی زایینی لەڕۆما دەڵێ «**مێرد بەتەواوەتی زاڵبوو بەسەر ژنەکەیداو لەڕاستیدا دەسەڵاتی ڕەهای هەبوو. هەرچۆنێک بیویستایە لەگەڵ ژنەکەی هەڵسووکەوتی دەکرد. ئەگەر ژن هەڵەیەکی بکردبایە لەلایەن مێردەکەیەوە بەتوندی سزادەدرا، بۆ وێنە ئەگەر ژنێک شەرابی خواردبایەوە، یان دڵداری بکردبایەو لەگەڵ پیاوێکی دی ڕایبواردبایە ئەوە وەک چیرۆکی ئەفسانەیی وا باو بوو، کە ئیزراییل لەقوولی مێردەکەی دێتەدەرەوەو دەیکوژێت**».

ژن لەڕۆمای کۆن وەک کڵفەت و کارەکەر چاوی لێدەکراو لەناو کۆمەڵدا بایەخی ئەوتۆی نەبوو. بەچەشنی بوونەوەرێکی بێئەقڵ و کاڵوکرچ و خواروخێچ هەڵدەسەنگێندرا، بەگوێرەی یاساکانی ئەو سەردەمە، هەمیشە لەژێرچەپۆکی چاودێری مەزن و سەرپەرشتێکدا دەبوو. مێردی ژن هەتا مردن مەزن ومیر بوو، پاش مردنیش ئەو ئەرکە دەکەوتە ئەستۆی کوڕی گەورە.

بەگشتی لەڕۆمای کۆندا مەبەست لەژن و ژنخوازی، زیادکردنی منداڵ و نەوە بوو، لەماڵ و مەزرا بەوێنەی مووڵک و دارایی چاو لەژن و منداڵ دەکرا. پرۆسەی هاوسەرگیری کوڕان وکچان لەلایەن گەورەی بنەماڵەوە ڕێکدەخراو هێندێکجاریش هەر لەناو لانکەوە کچیان بۆ کوڕ ناوک بڕ دەکردو دەکرا بەدەزگیرانی کوڕە، بەڵام بەهەر شێوازێک هاوسەرگیری بکرابایە ڕەزامەندی باوکەکان پێویست بوو. لەیاسای کۆنی ڕۆما ژنهێنان بەخورتی بوو، بەڵام لەساڵی ٤١٣ی زایینی کاتێک، کە «**کامیلۆس**» بەڕپرسی دارایی ڕۆما باج و پیتاکی خەستەسەرشانی پیاوانی زگورتی، ئیدی ژنهێنانی بەخورتی ڕووی لەکەمبوون کرد.

هاوسەگیری لەڕۆما دووجۆر بوو، یان ژن بەجیازیی دەدرا بەمێرد یانیش بەبێ جیازیی. لەجۆری یەکەم، هاوسەرگیری بەمەرجی یەکساڵ هاونوێنی و یان لەڕێگای کڕینەوە سەریدەگرت و بەگوێرەی دابوونەریت لەزەماوەندەکەدا دەبووایە نان و شیرینی پێکەوە بخوڕێت. لەجۆری دووهەمیش، هاوسەرگیری پێویستی بەڕێوڕەسمی ئایینی نەبوو، بەڵکۆ تەنیا ڕەزامەندی بووک و زاوای دەویست. لەو جۆرە لەهاوسەرگیری، ژنیان دەکڕی، کوڕە بەشایەتی گەورەو بەڕپرسێکی حکوومەتی، دراوێکی مسینی لەتای تەرازوو نزیکدەکردەوەو لەجیاتی نرخ و سەنگی بووک، دەدرا بەماڵە خەزووران.

پرۆسەی ژنخواستن لەڕێگای کڕینەوە زۆر زوو لەڕۆما ڕووی لەلاوازی کردو جێگای خۆیدا بەشێوازێکی پێچەوانەو کار گەیشتە جێگایەک کە ژن بەجیازییەوە ماڵەباوانی پیاوی دەکڕی. ئەم جیازییەو ماڵەباوانەی ژن دەکەوتە بەردەست مێردەکەو لەکاتی تەڵاقدانی ژنە لەلایەن مێردەوە، دەبووا هاوسەنگی ماڵەباوانی ژن، کەکاتی بووکێنی لەگەڵ خۆیدا هێنابووی بۆ ماڵە مێرد بنێردرێتەوە بۆ ماڵە خەزووران، بەڵام جووداببوونەوە لەهاوسەرگیری جۆری یەکەم کە لەڕێگای ڕێوڕەسمی نان و شیرینی ئەنجامدەدرا، زۆر دژوار بوو، لەمجۆرە هاوسەرگیرییەدا تەنیا پیاو دەیتوانی بڕیاری جووداببوونەوە بدات، بەڵام لەجۆری دووهەم بڕیاری جووداببوونەوە مافێکی یەکسان بوو بۆ ژن و پیاو. هەرکامیان ئارەزووی بووایە دەیتوانی جیا ببێتەوە، ئەوی دیکەیان نەیدەتوانی بەرەنگاری ببێتەوەو ڕێگای لێبگرێت. لەڕۆمای کۆن باوک دەیتوانی بەزۆر کچەکەی لەمێردی دابببڕێت، تەنانەت ئەگەر کچەش نەیویستبایە. بەگوێرەی یاسای «**ژووستیەن**» ئیمپراتۆری ڕۆما ئەگەر ژن و مێردێک لەیەکدی جیا ببوونایەوە دەبوا دووای دابڕان و جیابوونەوە لەدێرو پەرەستگەدا بەزگورتی بمێننەوە. سەرەڕای ئەمەش تاساڵ و نیوێک دوای جیابوونەوە نەیاندەتوانی هاوسەرگیری نوێ ئەنجامبدەن. ئەگەریش یەکیان بمردبایە ئەوی دیکەیان پاش دووساڵ دەیتوانی دووبارە هاوسەرگیری بکات.

هەژار هەورامی

www.netawe.com

چیرۆکی ژنە قەرزدارەکان
لەسەر زاری خۆیان و فرۆشیارە گەڕۆکەکانەوە

ژنێک: مێردەکەم رەزیلە پارەم پێنادات تا پێویستییەکانم بکڕم، بۆیە ناچارم بەقەرز بیانکڕم

تۆڕێک: کەڵەکەبوونی قەرز ڕێگە بۆ دروستبوونی پەیوەندی نادروستی فرۆشیارە گەڕۆکەکان و ژنان خۆشدەکات

وارقین: زۆرێک لەو کێشانەی ڕۆژانە ڕووبەڕووی ژنە قەرزدارەکان و فرۆشیارە گەڕۆکەکان دەبێتەوە بەهۆی ئەوەوەیە ژنان لەمێردەکانیان دەشارنەوە کە کەلوپەلی پێویستی ناوماڵ بەقەرز دەکڕن و فرۆشیارە گەڕۆکەکانیش بێزارن لەو ژنانەی لەکاتی خۆیدا قەرزەکان نادەنەوەو خۆیان وندەکەن. تۆڕێکی کۆمەڵایەتیش دەڵێ، ڕەنگە کەڵەکەبوونی قەرز و نەدانەوەی ڕێگە بۆ دروستبوونی پەیوەندی نادروست لەنێوان فرۆشیار و ژنان خۆشبکات.

شاردنەوە لەمێرد

بەهار ٤٢ ساڵ، ژنی ماڵەوەیە، لەگەڕەکی برایەتی، بالایەکی مامناوەندی و پرچێکی ڕەشی خاوی هەیە، ئەو لەلای فرۆشیارەگەڕۆکەکان پێویستییەکانی بەقەرز دەکڕێت و لەهاوسەرەکەی شاردووەتەوە، چونکە وەک خۆی باسی کرد هاوسەرەکەی پێیناخۆشە شت بەقەرز بکڕێت، گوتی"شت بەقەرز دەکڕم، بەڵام مێردەکەم پێیناخۆشە ئەگەر بزانێت کێشەم بۆ دروستدەبێت".

ئەو هۆکاری هێنانی شتی بەقەرز بۆ ئەوە گەڕاندەوە، بەپارەیەکی کەم، زۆر شت دەکڕێت و دواتر هەر جارەو بڕێک لەپارەکە دەداتەوە"ناتوانم هەموو شتێک بەیەکەوە بکڕم ئەگەر بەقەرز نەبێت".

بۆچی تەلەفۆنت بۆ دەکات؟

نادیە حامید، ٣٤ ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی مامۆستایان، باسی لەوەکرد ماوەی ٥ ساڵە بەهۆی نەبوونی کات بۆ چوونە بازار لەبەرئەوەی مامۆستایەو کاری ماڵیشی زۆرە، ئیدی هەر لە فرۆشیارە گەڕۆکەکان، پێویستییەکانی دەکڕێت. ئەو گوتی، ماوەیەک بەهۆی نەخۆشی نەیتوانیوە قەرزەکان بداتەوە، زۆڕێک فرۆشیارە گەڕۆکەکە، هاتۆتە بەردەرگایان. نادیەش وەک خۆی دەیگێڕایەوە لەوکاتە خەریکی قسەکردن بووە، لەگەڵ فرۆشیارەکە، هاوسەرەکەی گەڕاوەتەوە ماڵ، "هاوسەرەکەم، کە ئەو پیاوەی بینی لەبەر دەرگا، گوتی: ئەو پیاوە بۆ لەناو دەرگا وەستاوە؟، منیش وتم: ئەوە خەریکم پارەی پێدەدەم شتم لێ کڕیبوو..، فرۆشیارەکەش گوتی: دوایی تەلەفۆنت بۆ دەکەم، ئیدی پیاوەکەم کەوتە گومان لەوەی بۆچی ئەو فرۆشیارە تەلەفۆنم بۆ دەکات، هەر ڕۆژەو گومانێکی دەخستە سەرم دەیگووت، کێ دەڵێت شتت لێیکڕیوە بۆ پارەت پێداوە. خەریکبوو کێشەکە گەورە بێت بگاتە لێکجیابوونەوە، بەڵام دواتر توانیم تێیبگەێنم کە تەنیا شتم بەقەرز لێ کڕیوەو هیچی دیکە نییە".

ئاری محەممەد، فرۆشیاری جلوبەرگ و کەلوپەلی جوانکاری ژنانە، بەئۆتۆمبێلێک بەکۆڵانەکاندا دەگەڕێت، ١٠ ساڵە ئەو کارە دەکات. وەک خۆی گوتی نزیکەی"هەزار" کڕیاری ژنی هەیە، هەر لەبەیانییەوە تائێوارە، زۆربەی گەڕەکەکانی هەولێر دەگەڕێت."ئەو ژنانەی لای مێردەکانیان باسی ئەوە ناکەن شت بەقەرز دەکڕن کێشەیان بۆ دروستدەبێت، بەڵام ئەوانەی مێردەکانیان ئاگادارن کێشەیان نییە"، ئەو باسیشی لەکێشەکانی خۆی کرد لەگەڵ ئەو ژنانەی بەقەرز شت دەکڕن، گوتی"هەندێکیان شت بەقەرز دەکڕن و دواتر خۆیان وندەکەن و پارەکە نادەنەوە".

"بە قەرز شتت پێ نەدابا"

ئەو قسەی دەکردو ڕووداوەکانی دەگێڕایەوەو جارجاریش دەیگوت"ئەو کێشانە زۆرن، ڕۆژانە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە"، ئەو یەکێک لەکێشەکانی باسکردوو گوتی"ماوەیەک پێش ئێستا ژنێک بەقەرز شتی بردبوو، چەند گەڕەکێک بەدوای گەڕام، بەڵام دواتر مێردەیەکەیم دۆزییەوە، پێمگوت خێزانەکەت پارەی من قەرزدارە، بەڵام مێردەکەی لەجێگەی پارەکەم بداتەوە گوتی: شتت بەقەرز نەدابایە، منیش ناچار وازملێهێنان". ئەو دەڵێ، لەو ١٠ ساڵەی کارکردنی جگە



لـــەوەی لەنێوان ئـــەو و کڕیارەکان کێشـــە دروســـتبووە، زۆرجار لەنێوان خێزانەکانیش کێشـــە دروســـتبووە. یەکێک لەو کێشانەی ماوەیەک پێش ئێســـتا دروســـتبوو لەنێوان ژن و مێردێک لەســـەر ئەوە بوو، مێردەکەی ئاگادار نەبوو، شـــتی بەقەرز بردبوو لەلام، مێردەکەی کە پێیزانـــی ئامادەنەبوو پارەکە بداتەوە دەیگوت: پارەکە نادەمەوەو دەبێت شتەکانی لێوەرگرییەوە، ئەگەر وەرینەگرییەوە تەلاقیدەدەم، زۆرجار لەوکاتانەدا پارەکانمان نەویستووەتەوە تاکێشەکە گەورەتر نەبێت".

ئـــەو باســـی لـــەوەش کـــرد، کاتێـــک بۆ وەرگرتنـــەوەی قـــەرز دەچنە بـــەردەرگای مـــاڵان، هەندێکجـــار منداڵەکانیـــان دەنێرن و دەڵێن"دایکمـــان لەماڵـــەوە نییـــە"، ئەو فرۆشـــیارە گوتی: "زۆرجـــار یارمەتیمداون، چونکە زانیومە پارەیان نییە".

کڕیارانی ئەو فرۆشیارە گەڕۆکە هەمووی ژن و هەندێکیان نزیکەی ٢ ملیۆن یان ملیۆنێک و نێو قەرزدارن.

ئەو فرۆشیارە باسی لەوەش کرد، هەندێکجار ژنەکە ئامـــادە نەبووە پارەکە بداتەوە، بۆیە ناچاربوونە کێشەکە ببەنە لای پۆلیس"ژنێک بەر لەئێســـتا هەندێک شتی بەقەرز بردبوو، دواتر هەر پارەکەی نەدەدایەوە، ناچار بووین بیبەینە پۆلیس".

باوکی زۆری لێدا

ئاری محەممەد، ســـەبارە بە کچان باســـی لەوەکـــرد هەندێک کچ شـــت بەقەرز دەبەن، بەڵام دواتر پارەکە نادەنەوە"کچێک قەرزدار بوو، بەڵام هەر پارەکەی نەدەدایەوە، هەموو کات تەلەفۆنـــی دەکـــرد، دەیگـــوت بەیانی پارەکە دەدەمەوە، بەڵام دواتر هەر نەیداوە، ناچاربووم بەماڵەوەیان بڵێم، باوکیشی زۆری لێدا لەسەر ئەوە".

ئـــاری گوتیشـــی:"هەر چەنـــد زۆرجـــار یارمەتیمداون بەتایبـــەت ئەوانەی کەدەزانم باری داراییان باش نییـــە، بەڵام هەندێکجار ئەوانەی باری داراییان باشیشە شت بەقەرز دەبەن، پارەکە نادەنـــەوەو وادەزانن خێرت پێدەکەن".

ژنان خۆشـــیان باس لەوەدەکەن، بۆ ئەوەی کێشـــە دروســـت نەبێت لەناو خێزانەکەیان پرسی کڕینی شت بەقەرز لەهاوسەرەکانیان دەشـــارنەوە، بـــەڵام ژنیش هەیە کە شـــت بەقەرز دەکڕێت و لای ماڵەوەی باس دەکات و کێشەی نییە.

جوان ٣٩ســـاڵ، فەرمانبەرە، ئەویش شـــت بەقەرز دەهێنێت لەلای فرۆشیارە گەڕۆکەکان، بـــەڵام ئەو جیـــاواز لەزۆربـــەی ژنانی دیکە هیچ کێشـــەیەکی نییە لەگەڵ هاوسەرەکەی رێککەوتووە، بەشـــێک لەپێویســـتییەکانی بەقەرز بکڕێت، گوتی"شـــت بەقەرز دەهێنم تائێســـتا کێشـــەم نەبووە، چونکـــە ماڵەوە دەزانن".

پەیوەندی نادروست

توێژەری کۆمەڵایەتی، سۆزان تەها هۆکارەکانی کڕینی کەلوپـــەل بەقەرز لەلایەن ژنان لەلای فرۆشیارە گەڕۆکەکانی ناو کۆڵانەکان بۆ چەند خاڵێک گەڕانـــدەوە یەکێـــک لەوانە"رەزیلی هاوســـەرەکانیانە"، پێداویســـتییەکانیان دابیـــن ناکـــەن، هەندێکیـــان لەبەرئـــەوەی هاوســـەرەکانیان ژنیـــان بەســـەرهێناون بۆ تۆڵەسەندنەوە لەهاوســـەرەکەیان ئەو کارە دەکەن، خراپی بـــاری دارایی خێزانەکانیش هۆکارێکی دیکەیە بۆ ئەوەی ژنان بەشـــێکی پێویستییەکانیان بەقەرزبکڕن، هەندێجاریش لاساییکردنەوەی ژنانی دیکە تا بگاتە ئاستی ئەوان.

ئەو توێژەرە باسی لەو گرفتە کۆمەڵایەتییانە کرد کەبەهـــۆی کەڵەکەبوونی ئـــەو قەرزانە لەســـەر ئەو خێزانـــەو نەبوونـــی دارایی بۆ دانەوەی دروســـتدەبێت، گوتی"ئەو قەرزانە دەبێتە هۆی تێکچوونی هاوسەنگی ئابووری خێزان، هەندێکجاریش بەهۆی ئەوەی توانای ئەوەیـــان نییە قـــەرزەکان بدەنـــەوە ئەوە پەیوەندییەکی نادروســـت لەنێوان فرۆشیارە گەڕۆکەکان و ئەو ژنانە دروستدەبێت".





ساکار رۆستەم



لێزەر بۆ جوانکاری پێست باشە؟

د. کەژان عەلی تۆفیق*

لەهەرێمی کوردستاندا ژمارەیەک سەنتەر و ناوەندی پزیشکی تایبەت بەچارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی پێست و لابردنی پەڵەو خاڵی سەر پێست دامەزراون و ئەو سەنتەرانە بەشێوەیەکی سەرەکی لەبری نەشتەرگەری کارەکانیان لەرێگەی بەکارهێنانی لێزەرەوە ئەنجامدەدەن.

لێزەر بۆ چ جۆرە نەخۆشییەکی پێست بەکاردێت؟

لێزەر وەک تەکنۆلۆژیایەکی هاوچەرخ و نوێ لەناوچەکەمان خۆشبەختانە بۆ چارەسەرکردنی چەندین کێشەی پێست بەکاردێت. وەک کۆنترۆڵکردنی مووی زیادەی دەموچاو و لەش، لابردنی خاڵ و تاتۆ، نیشانەی سوور و پەمەیی بۆماوە، شڵی و چرچی و خەتی تەمەن، چارەسەری نەخۆشی ئەکزیما، بەڵەکی سەدەف، کشانی ملوولەکانی خوێن لەدەموچاو، دەوالی قاچ، لابردنی شوێنەواری زیپکەو بریندار، نەشتەرگەری، سووتاوی، تازەکردنەوەو تونکردنەوەی پێست، دابەزاندنی کێش و تواندنەوەی چەوری و جوانکاری لەش.

چۆن بەکاردێت؟

پێویستە پزیشک بەشێوەیەکی سادەو زانستییانە بۆ نەخۆش چۆنێتی کاری لێزەر روونبکاتەوە، بۆ نموونە نزیکەی چەندجار سەردانی پێویستە، تێچوونی، ئامادەکاری و رێنمایی دوای لێزەر بۆ بەدیهێنانی باشترین ئەنجام بەزووترین کات و کەمترین کاریگەری و شوێنەواری لاوەکی.

پاککردنەوەی پێست بە یەکجار دەبێت؟

پاککردنەوەی پێست بەگوێرەی حاڵەتی کەسەکە دەگۆڕێت، هەیە بەیەکجار چارەسەری بۆ دەکرێت، بەڵام لەزۆر حاڵەتدا، بەیەکجار بەکارهێنانی لێزەر پێستەکە پاک نابێتەوەو پێویستە کەسەکە چەندجارێک سەردانی پزیشک بکات. ئەمە دەکەوێتە سەرجۆری پێست و رادەی پیسی و هیلاکی پێستەکە.

لێزەر بۆ کێ بەکار دەهێنرێت؟



هەموو تەمەنێک کێشەی پێستی هەیە، کە لێزەر باشترین رێگایە بۆ چارەسەری، بەڵام بەگشتی مندااڵی ساوا بەدەگمەن لێزەری بۆ بەکاردێنین چونکە پێویستیان بەبێهۆشکاری گشتی دەبێ و ئەمەش لەسەنتەرەکانی ئێرەدا نییە.

لایەنە خراپ و باشەکانی بەکارهێنانی لێزەر؟

ئەوەی، گرنگە خەڵکی بیزانێت، لێزەر تەنیا لەپێست کار دەکات و توانای چوونەناو لەشی نییەو بەر کۆئەندامە ناوەکییەکانی لەش ناکەوێت. بۆ پێستیش جگە لەسووربوونەوەیەکی کاتی تۆزێک برژانەوە، هیچ زیانێکی دیکەی نییە، بەمەرجێک پزیشکی پسپۆڕ یا کەسی شارەزا لەژێر چاودێری راستەوخۆی پزیشکدا ئەنجامیبدات و ئامێری باش بەکاربێت و نەخۆشەکەش رێنماییەکانی پزیشکەکەی جێبەجێبکات. تەنیا زیانی ئەوەیە ئەگەر دوای بەکارهێنانی لێزەر کەسەکە بچێتەبەر خۆر و گەرما بەرێژەی زۆر و راستەوخۆ یا کرێم و مەلهەمی بازار بەکاربێنێت بەدەر لەوانەی پزیشک بۆی نووسیوە ئەوا رەنگە پەڵەی دیکە لەسەر پێستەکەی دروست بین.

* پسپۆڕی نەخۆشییەکانی پێست. بەڕێوەبەری سەنتەری ئەردەنی – کوردستانی، پزیشکی لێزەرو جوانکاری پێست و مامۆستای یاریدەدەر لەکۆلیژی پزیشکی زانکۆی سلێمانی.

پزیشکی وارثین

پ: من نور عەلی ٢٣ ساڵ، سکێکم لەبارچووە، حەزدەکەم بزانم بۆ ژنی دووگیان چ کاتێک باشە سۆنەر بکرێت و گرنگی سۆنەر چییە؟

و: دکتۆر فەزیلە کەمەرخان پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنان: هەندێک ژن لەکاتی سکپڕیدا رووبەڕووی خوێنبەربوون دێن، ئەوەش بۆی هەیە لەئەنجامی مردنی منداڵەکە لە سکەوە بێت، یاخود لەبۆری منداڵدان یان لە ملی منداڵدان یا هێلکەداندا بێت و خوێنبەربوونیش ڕەنگە یەک لەنیشانەکانی بێت، بۆیە پشکنینی سۆنەر زۆر گرنگە لەسەرەتای سکپڕی ئەنجامبدرێت و دواتریش بەگوێرەی پێویست لەکاتی سکپڕیدا بکرێت.

پ: من سۆران عەبدوڵڵا مامۆستای سەرەتایی تەمەن ٣٠ ساڵ چاوم لاوازبووەو نەخۆشی ئیستگماتیزمی هەیە، ئایا دەکرێت هاوێنەی جوانکاری چاو بەکاربێنم؟

و: دکتۆر سەعدی سالح سالمی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی چاو:دەتوانی بەکاری بێنێت، بەڵام پێویستە جۆرە نەرمەکەی بەکاربێنی، بەمەرجێک دەبێ پزیشک لەچاوەکەی خۆی پلەی کەمتری بۆ دابنێت. بۆ نموونە ئەگەر نەخۆشەکە نزیکبینییەکەی ٣ پلەبوو ئیستگماتیزمەکەشی ١پلە بێت، دەکاتە چوار پلە. ئەوکات پێویستە هاوێنەی لاستیکی نەرمی سێ پلەی بۆ دابنرێت ئەوە نیوەی قەرەبووی ئیستگماتیزمەکەی بۆ یکاتەوە.

پ: من مونیرە ئەحمەد، ئافرەتێکی فەرمانبەرم، تەمەنم ٢٧ ساڵە نامەوێ منداڵم ببێت، دەمەوێ بزانم ئایا گەورەیی تەمەنی ژن و پیاو گاریگەری هەیە لەسەر پرۆسەی منداڵبوون؟

و: دکتۆر جوان سەعد عبدوڵڵا پسپۆڕ لەنەخۆشییەکانی ژنان – لەدایکبوون و نەزۆکی: هەرچەندە ژن و پیاو هەوڵبدەن لەتەمەنێکی زوو منداڵیان بێ باشترە، چونکە لەدوای ئەوەی تەمەنیان تۆزێک گەورە دەبێ کێشەیان بۆ دروستدەبێت بەتایبەتی ژنەکە ئەگەر لەدوای تەمەنی ٣٦ منداڵی بێت، ئەوە کێشەکانی پتر دەبێت هەم لەکاتی لەدایکبوون هەم لەڕووی تەندروستییەوە. پیاوەکەش چەندە بەساڵادەچێت ئەوەندەش توانای لاواز تر دەبێت، بۆیە باشترە لەتەمەنی زوو منداڵیان بێت.

خوێندەری بەڕێز، بۆ وەڵامدانەوەی هەرپرسیارێکی تەندروستی لەسەرجەم بوارەکاندا، دەتوانیت پرسیاری تایبەت بۆ فایلی تەندروستی بنێریت.

لەلایەن کۆمەڵێک پزیشکی پسپۆڕەوە وەڵامی شیاوت دەست دەکەوێت.

خوێندەرانی بەڕێز بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بەم ناونیشانەی خوارەوە بکەن:

تەلەفۆن: 0662647813 ئیمەیل: sana.sleman@yahoo.com ناونیشانی کۆڤار: هەولێر– شاری خەونەکان

ساردی سێکسی؛ پەیوەندی هاوسەران بۆ توندوتیژی و ترس دەگۆڕێت

ڕەزا عەلی، ناوی خوازراوی پیاوێکی تەمەن ٣٣ ساڵە، گوتی"زۆربەی کات گلەیی لەژنەکەم دەکەم، چونکە لەوکاتەوەی هێنامە بەهیچ شێوەیەک نەیتوانیوە چێژێکی تەواوم پێببەخشێت لەگەڵ ئەوەش لەکاتی سێکسکردن بیهەستە، زۆرجار بەزۆر یاخود بەشەڕ سێکسم لەگەڵ کردووە، ئێستا وایلێهاتووە بۆ جووتبوون بچمە لای لێمدەترسێت، بۆیە منیش ناچارم فەرامۆشی بکەم و ئارەزووەکانم لەڕێگای دیکەوە بەتاڵبکەمەوە".

هەولێر

پسپۆڕی دەروونی دکتۆر ئومێد قادر تەها، لەوبارەیەوە دەڵێ "کۆمەڵێک هۆکار هەیە وایکردووە ژنانی ئێمە لەگەڵ ژنانی دەرەوە جیاواز بن لەئارەزووی سێکسی یان ئەوەی ژنان ئارەزوویان بەرامبەر سێکس نەبێت، وەک هۆکارە کۆمەڵایەتییەکەی ئەو تێڕوانینە هەڵانەی هەر لەکۆنەوە هەبووە، خەڵک بەهەڵە لێیتێگەیشتوون. بۆ نموونە: لەتەمەنی هەرزەکاریدا لەگۆڕانکارییەکانی جەستەی خۆی تێنەگەیەنراوە، هەموو شتێک بەعەیبە بۆی باس کراوە".

گوتیشی"هەندێکجار ژن بەزۆر بەشووەدرێت، هەندێکجار هاوسەرەکەی زۆر لەخۆی گەورەترە، شەرمی لێدەکات خۆی داوای سێکسی لێبکات، هەروەها خۆراک و ئەو ژینگەیەی ژنی ئێمە لێیدەژین، ڕێگە خۆشکەرە بۆ کەمکردنەوەی ئارەزووی سێکسی، وەک کەمخواردنی ماسی و کەمی خوێی یۆد لەناو ئاوی خواردنەوەماندا، دەبێتە هۆکار بۆ بەهێزکردنی غودەی دەرەقی، ئەمەش هۆکارێکی گرنگە بۆ کەمبوونەوەی ئارەزووی سێکسی".

دکتۆر ئومێد لەوبڕوایەدایە"نەبوونی هۆشیاری سێکسی لای پیاوەکان هۆکارە، چونکە زۆرجار پیاوەکە گەیشتووەتە لوتکەی ئۆرگازم، بەڵام ژنەکە نەگەیشتووەتە ئۆرگازم، ئەمانە هەموو هۆکارن بۆ کەمبوونەوەی ئارەزووی سێکسی لای ژن".

کەمی حەزی سێکسی ژن

دکتۆر ئومێد گوتیشی"زۆرجار ژنەکە ئارەزووی لەجووتبوون نییە بەتایبەتی لەهەندێک حاڵەتی وەک سووڕی مانگانەو سکپڕی، ئەوکات پیاوەکە بەپێویستی ژنەکە لەگەڵی جووت دەبێت، لەگەڵ ئەوەش ئەگەر هاتوو، بەهیچ شێوەیەک ئامادەباشی بۆ جووتبوون نەبوو، بەڵام پیاوەکە گوێ بەهەستی ژنەکە نەدات، ئەوکاتە دەچێتە قاڵبی توندوتیژی سێکسی بەرامبەر ژنەکە، چونکە ژنەکە تووشی کۆمەڵێک کێشەی دەروونی دەبێت، بەردەوام هەست بەترس و دڵەڕاوکێ دەکات. دڵی توند دەبێت و تێڕوانینی بەرامبەر خەڵک دەگۆڕێت بەتایبەتی بەرامبەر پیاو، ئازاری دەروونی دەبێ، بۆیە پێویستە لەکاتی جووتبوون هەردوولا دووربکەونەوە لەئازاردان و توندوتیژی بەرامبەر یەکتر".

سەبارەت بەپێویستی بوونی هۆشیاری سێکسی ئەو دکتۆرە گوتی"پێویستە پیاوەکە بەهۆشیاری

سێکس بکات، ڕێگە بـدات تا ژنەکە دەگاتە ئۆرگازم، چونکە ژن وەک پیاو نییە، دەرەنگتر دەگاتە پلەی ئۆرگازم".

د.ئومێد گوتیشی"بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە پێویستە ژنەکەو پیاوەکە سـەردانی پزیشک بکەن، بۆ ئەوەی پزیشک سوودەکانی سێکسکردن بۆ ئافرەتەکە ڕوونبکاتەوە بۆ ئـەوەی بەهەڵە لەسێکسکردن نەگات لەگەڵ ئـەوەش پیاوەکە پێویستە وابکات نائارامی و نارەحەتی بەرامبەر سێکس لای ئافرەتەکە نەهێڵێت".

هۆشیاری پیاو و ئارەزووی سێکسی ژن

سەبارەت بەپرسی ئەنجامدانی سێکس لەگەڵ ژندا پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنان دکتۆر فەزیلە کەمەرخان دەڵـێ "ژنانی ئێمە زۆربـەی کات والێدەدەنەوە کە سێکسکردن تەنیا چێژ وەرگرتنە بۆ پیاو، هۆکاری واتێگەیشتنی ژنیش خودی پیاوە، چونکە پیاوەکە هەوڵنادات بەشێوەیەک سێکس لەگەڵ ژنەکەی بکات کە ژنەکەش چێژ لەسێکسکردنەکە وەرگرێت، بۆیە هەر سێکسکردنێک سەرەتا دەستبازی و وروژاندنی لەگەڵ نەبێت، لەلایان ژنەکەوە دەبێت بـەئـازارو پەیدابوونی تـــرس لـــەکـــرداری سێکسی".

وەک ئـەوەی دکتۆر ئـامـاژەی پێدەکات، سکپڕی ڕێگر نییە لەجووتبوون، بەڵام زیانیشی هەیە، چونکە ئەگەری ئەوەی هەیە ببێتە هۆکاری لەبارچوونی منداڵەکەو یاخود تووشی منداڵبوونی پێشوەختە دەبێت و زۆرجار وێڵاشی ژنەکە دێتە خوارەوە. لەوکاتەدا تووشی خوێنبەربوونی زۆر دەبێ و مەترسی مردنی لێدەکرێت. ئەگەر ژنەکە بەزوویی نەنێردرێتە نەخۆشخانەو چارەسەری بۆ نەکرێت یان لەکاتی سووڕی مانگانەو دوای منداڵبوون تا ٤٠ ڕۆژ پێویستە ژنەکە تا پاکدەبێتەوە، کرداری سێکسی ئەنجامنەدات. چونکە هێلکەدان تووشی هەوکردن دەبێت، ڕەنگە لەگەڵ ئاوی پیاوەکە بگوازرێتەوە ناو هێلکەدانەکەو لەوکاتەشدا ژنە مەترسی نەزۆکبوونی لێدەکرێت. زۆربەیجار ژنەکە لەژێر چارەسەردایە، بەڵام پیاوەکەی چاوەڕێی ناکات هەر دەچێتە لای ژنەکە، لەوکاتەدا ژنەکە زیانی پێدەکەوێت و ترسی بەرامبەر سێکسکردن دەبـێ و ئـەو حـەزەی لا نامێنێت. لەبارەی ڕێنماییکردن بۆ بەرگرتن لەهەر حاڵەتێکی نەخوازراو ئەو دکتۆرە گوتی "پێویستە پیاوان هۆشیاری سێکسییان لەهەموو ڕوویەکەوە بەرز بکەنەوە، تا ژنان ئارەزووییان بەرامبەر سێکس کەم نەبێتەوە".

"بوومە قوربانی ئارەزووی مێردەکەم"

ڕووبار موستەفا، ئافرەتێکی ٤٥ ساڵە و خاوەن ٤ منداڵ دەیـگـوت "مـاوەی دووماڵنگە لەگەڵ هاوسەرەکەم جووتنەبوومە، ئەگەرهاوسەرەکەم لێمگەڕێت هەرگیز پێویستم بەجووتبوون نییە، چونکە زۆر لەو کـــرداره دەتـــرســـم و چەندینجار تووشی ئـازار دەبـم، مێردەکەم بـەگـوێـرەی ئـــارەزووی خۆی سێکسم لەگەڵ دەکات، بۆیە منیش بەهیچ شێوەیەک حـەزم لێی نییە". گوڵئەندام وەلی، ژنێکی تەمەن ٢٨ ساڵە خاوەن ٢ منداڵە لەژێر چاودێری پزیشک بـووە، دکـتـۆر پێیگوتووە، بـا تـا ماوەیەک هاوسەرەکەت لەگەڵت جووت نەبێت، تا کێشەکانی منداڵدانت نامێنێ، بەڵام هاوسەرەکەی بەزۆر لەگەڵی جووتبووە". گوڵئەندام دەڵێ"بەو هۆیەوە منداڵدانم دەرهێنا، چونکە تووشی شێرپەنجەی منداڵدان بووم، لەوکاتەوە بەردەوام دەروونم زۆر ئازاری هەیە، سەردانی دکتۆری دەروونیش دەکەم، بەڵام تازە هیچ سوودی نییە، چونکە من چیدیکە منداڵم نابێت، بەردەوام دەڵێمە هاوسەرەکەم تۆ هۆکاری چونکە نەتتوانی ماوەیەک دانبەخۆتدا بگری، تامنت کردە قوربانی ئارەزووەکانی خۆت.

سانە سلێمان

www.notevar.com

شێوەکاری بێوەیترین گۆڕەپانە بۆ کارکردنی کچان

هەولێر

هونەری شێوەکاری یەکێکە لەهونەرە دێرینەکان و لەهونەرەکانی دیکە زیاتر بەرهەمی هەوڵی خودییە، لەبەرئەوەی کەسی شێوەکار خۆی لەگەڵ فڵچەو خامەکەی بەردەمی بەتەنیا دادەنیشێ و ئەندێشەی بەفڵچەکەی دەستی دەخاتەڕوو، هاوکات لەهەرێمی کوردستان کچان زیاتر روو لەو بوارە دەکەن، چونکە کەمتر دەردەکەون و زۆرتر کاردەکەن. لەگەڵ کردنەوەو دامەزراندنی پەیمانگە هونەرییەکان لەهەرێمی کوردستان بەشی شێوەکاریش هاوشانی بەشەکانی"شانۆ، میوزیک" دامەزراوە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا زیاتر ئەو بەشە لای کچان باوە، کچان بەشی شێوەکاری بەباشترین بەش دادەنێن، لەبەرئەوەی کەمتر لەبەشەکانی دیکە دەردەکەون، هۆکاری ئەو هەڵبژاردنەش دەگەڕێننەوە بۆ دابونەریتو کۆمەڵگا، چونکە کۆمەڵگای کوردستان تاڕادەیەک داخراوەو زۆرجار بەدەرکەوتنی ڕەگەزی مێ لەسەر شاشەو ناو خەڵک تووشی توانجلێدان دەبنەوە. هێمن حەمید مامۆستای پەیمانگای هونەرە جوانەکان ئەو قسانەی پشتڕاستکردەوە.

خۆزگە حەسەن، یەکێک بوو لەقوتابیانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان، لەقۆناغی دووهەمی بەشی شێوەکارییە، ئەو خۆشەویستی بۆ ئەو بەشە هەبووە"زۆر حەزم بەم بەشە دەکرد لەبەر ئەوەی زیاتر بەهرەی وێنەکێشانم هەبوو هەر بۆیە ئەو بەشەم هەڵبژارد".

خۆزگە، ئارەزووی تەواوکردنی خوێندن لەو بەشە دەکات و دەڵێ "بڕیارمداوە لەدوای پەیمانگە نەوەستم و هیچکاتێک کۆڵنەدەم لەخوێندن و کۆلێژیش تەواو بکەم"، نێرگز عەبدوڵڵا، وەک کچێکی دیکەی بەشی شێوەکاری بەحەزی خۆی ئەو بەشەی هەڵبژاردووە، چونکە دەستی وێنەکێشانی هەبووە"لەدوای دەرچوونیشی لەم بوارەدا کار دەکات".

بەبڕوای خوێندکارێک هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو بەشە لەلایەن کچانەوە ئەوەیە"کچان لەبەشی شێوەکاری دەتوانن بەتەنیا پشت بەخۆیان ببەستن، بەڵام لەبەشەکانی دیکە وەک شانۆ و میوزیک پێویستە هاوشانی کوڕان کار بکەن، لەوانە زۆربەی خێزانەکان و کۆمەڵگەش ئەوەی لاپەسەند نەبێ کچەکانیان لەگەڵ کوڕان تێکەڵ بن، بۆیە کچان ناچاردەبن ئەو بەشە هەڵبژێرن".

نێرگز عەبدوڵڵا وایگوت.

خوێندکارێکی دیکەی پەیمانگە ئاواتەخوازە دابونەریت نەبێتە ڕێگر لەبەردەمیان "هیوادارم دابونەریتی کۆمەڵگاو خێزانەکانیش ڕێگا بەکچەکانیان بدەن دوای دەرچوون لەم بەشەو لەهەر بەشێک کار لەبوارەکەی خۆیان بکەن هاتنیان بۆ ئێرە تەنیا بۆ وەرگرتنی بڕوانامە نەبێ"، ئەمە ڕای شووشەی کچە خوێندکاری ئەو بەشە بوو.

زۆرێک لەکچان کەسایەتی خۆیان لەبواری شێوەکاری دەدۆزنەوەو لەوبڕوایەدان تەنیا بوارێکە بتوانن لێیەوە هەست بەکەسایەتی



دوو کچە خوێندکاری پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر فۆتۆ: ڕەفیق شوکری

تایبەتی خۆیان بکەن.

شووشــە حەمە ســەعید، وەک کچێک زۆر دڵخۆشــبوو بەو بەشــەی، کە هەڵیبژاردووە "هەســتمکرد، کەســایەتی خــۆم لەناو ئەو بەشەدا دەدۆزمەوەو بڕیارمداوە دوای پەیمانگە بچم بۆ کۆلێژو درێژە بەخوێندن بدەم".

هێمن حەمید، مامۆســتا لەبەشی شێوەکاری پەیمانگــەی هونەرەجوانــەکان هــۆکاری هەڵبژاردنــی ئەو بەشــەی لەلایەن کچانەوە گەڕاندەوە بــۆ کەلتووری کۆمەڵگا، هەروەک ئاماژەشــی بەوەکــرد، بەداخەوە بەشــێک لــەو کچانــە تەنیا بۆ ئەوە دێنــە پەیمانگە ببنە مامۆســتا "زۆربــەی ئەوانەی ڕەگەزی مێینەن، دێنە بەشی شێوەکاری بۆ ئەوەیانە شــتێک فێربن و دواتر ببن بەمامۆستایەکی ئاسایی".

بەشی شــێوەکاری چەند لقێکی لێدەبێتەوە، بریتیــن لە: "پەیکەرســازی و ســیرامیک" ئەو مامۆســتایە پێیوایــە، خوێندکاران زۆر کەم دەچنە لقی پەیکەرســازی" لەبەشــی پەیکەرســازی زۆر بەدەگمــەن دەبینیــن ئافرەتێکی پەیکەرســازی بەتوانامان هەبێ، بەشــی ســیرامیک هەیە کچان زیاتر دێن بۆ ئەو بەشە چونکە کەمتر بەدیاردەکەون".

یەکێک لەو خاڵە هاوبەشانەی کچان و کوڕان دوای دەرچوونیــان لەپەیمانگــە پەیــڕەوی دەکەن، دووڕکەوتنــەوەو وازهێنانە لەکاری هونــەری. مامۆســتا هێمــن، لەوبارەیەوە گوتی "ژمارەیەکی کــەم لەو قوتابیانەی کە دەردەچن لەو پەیمانگایــە لەبواری هونەری کاردەکــەن و دێن بۆ ئــەو مەیدانەو خۆیان دەردەخەن، چونکە بەشــی زۆری خێزانەکان وابیردەکەنــەوە، کوڕەکانیان یان کچەکانیان تەنیــا بڕوانامەکــە وەربگرن و لەشــوێنێ دابمەزرێن گوێ بەحــەزو ئارەزوویان نادەن، هۆکارێکی دیکەی ئەوەیــە، کە بەئارەزووی خۆیان نایەنە ئەو بەشە".

بەهرە سدیق

من تەنیا خۆشەویستیم دەوێ .....



نیشتمان بێنەوا - کفری

شوێن: دوورگەی یادەکانی تۆ
کات: چارەکی ئەوێ بۆ تووڕەبوونی تەواو
لە (نیشە)وە... بۆ ... (تۆ)

سڵاو . ئێستا هێندەی هەموو گەردوون تووڕەم لەپێش هەموو شتەکان لەتۆ.. ئیتر بێزاربووم لەسەرکێشیەکانت، لەکەمتەرخەمییەکانت، لە بێتامییەکانت. تەنیا خۆت دەزانی مەبەستم لە بێتامییەکان چییە؟

من ئەوەندە تۆم خۆشئەوێ هەقی هەموو شتێ بەخۆم ئەدەم، ئیتر منیش بێتاقەتی هەموو ئەم شتانەم. ئێستا کە ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم لەهەموو ئەوشتانەی کەمن و تۆ لێکدوورئەخاتەوە بیزارم. لەهەموو ئەو شتانە کە کەمتەرخەممان ئەکات لەئاستی بەرپرسیاریەتی ئەوینی یەکدا. من نازانم تۆ چ ڕێگەیەکت هەیە بۆ مومارەسەکردنی خۆشەویستی؟ ئایا هەموو پیاوێک وەک یەک بیردەربەستن لەئاستی سۆزی ئافرەتدا.

لەمڕۆژانەدا مەسجێکم بۆ هاتووە کەوتەیەکی فارسییەو دەڵێ "ژن مندالێکە بەتۆزقاڵێک بزە لەسەر لێو دەتوانرێ بیخەیتە پێکەنین. هەروەها بەکەمترین پێنەدانی سۆز و خۆشەویستی دەتوانرێت بیخەیتە گریان.

تۆ ئەم وتەیەت لەمندا تاقیتکردووەتەوەو نەگەیشتوویتە هیچ ئەنجامێک.. بەس من گەیشتوم بەئەنجامێک لەتۆ و لە گشت پیاوێکدا کە تەنیا ئەتوانن سۆزێکی کاتی ببەخشن بەئافرەت.

موجیبەتێک کە ئافرەت نەیەوێ هەرگیز لەناخی هیچ پیاوێکدا بوونی نییە! زۆر شتی ترم هەیە لەمبارەیەوە. بەس تووڕەبوونەکەم زیاترە لە ئیلهامی ئەم نامەیە بۆیە هەر ئەوەندەم پێدەنووسرێ.

هەمیشە چاوەڕوانی کەسێکم تەنیا دڵێکی هەبێ بۆخۆشەویستی و بەس.

داوا دەکات بەرهەمەکەی کۆپی بکرێت

خۆشەوی عەزیز بۆ وارڤین:

ئەلبوومەکەم بەدزی و گەندەڵی بەرهەمهێناوە

ئەو وەک هونەرمەندێکی گۆرانیبێژ دەمێکە لەناو جەماوەر ناسراوەو گۆرانی"هەر ساتێک ناوی دێنن" ناسنامەی ئەو بوو. خۆشەوی عەزیز، ئەگەرچی ماوەیەکی زۆرە بەرهەمی تازەی نییە، بەڵام لەئێستادا خەریکی کۆتاییهێنانە بە دوانەلبوومی. لەڕێگای ئەو دیدارەشەوە داوا لەجەماوەری کوردستان دەکات سیدی هونەرمەندان کۆپی بکەن و ناشیشارێتەوە کە ئەلبوومەکەی بەدزی و گەندەڵی بەرهەمهێناوە.

خۆشەوی عەزیز، پێشتر جگە لەگۆرانیگوتن کاری نواندنیشی دەکرد، بەڵام ئێستا ئەوکارەی بەلاوە ناوە. ئەو لەوبارەیەوە دەڵێ کە زیاتر خۆی لە گۆرانیگوتندا دەبینێتەوە "راستە لە کۆمەڵێک کاری شانۆیی و درامیدا بەشداریمکردووە، بەڵام هەستەکەم زیاتر لەگۆرانیگوتندا سەرکەوتووترم، پێویستیشە مرۆڤ لەکارەکانیدا زیاتر بایەخ بەیەک بوار بدات".

ئەگەرچی ماوەیەکی زۆرە خۆشەوی عەزیز، ئەلبووم و بەرهەمی تازەی نییە، وەڵێ ئەو پێیوایە لەجەماوەرەکەی دانەبڕاوەو بەردەوام لەناویاندا بووە "ئەگەرچی دەمێکە بەرهەمی تازەم بڵاونەکردۆتەوە، بەڵام لەو زۆری و بۆرییەی ناو گۆرانی و مۆسیقای کوردی بەپێویستی دەزانم کە بەبەرهەمی زۆر جوان و دانسقەوە بێمەوە خزمەت جەماوەرەکەم".

جیاواز لە زۆربەی هونەرمەندانی دیکە خۆشەوی عەزیز، رایدەگەیەنێ و داوا دەکات لە جەماوەری هەموو کوردستان کە سیدی هونەرمەندان کۆپی بکەن و بەنوسخەی ئۆرجینااڵ نەیکڕن، چونکە پێیوایە شتێک نەماوە ناوی ئۆرجیناڵ بێت، ئەگەر هەشبێت زۆر دەگمەنە"کۆمەڵێک بەناو هونەرمەندمان هەیە خۆیان تەواوی بەرهەمەکەیان کۆپییەو داواش لە خەڵک دەکەن ئەلبوومەکەی کۆپی نەکەن، کاکە تۆ خۆت تەواوی بەرهەمەکەت کۆپییە چۆن داوا لە جەماوەر دەکەی کۆپی نەکەن، من لێرەوە رایدەگەیەنم و داوا لەهاوواڵتیان دەکەم کۆپی بکەن".

وەک زۆربەی گۆرانیبێژانی دیکە خۆشەوی عەزیز، گلەیی لە هەندێ لە کەناڵەکانی راگەیاندن هەیەو پێیوایە ئەوە کەناڵەکانن وایانکردووە گۆرانی کوردی بەرەو حەزی سێکسی بڕوا"بەداخەوە هەندێ کەناڵ وایانکردووە گۆرانی کوردی لەچێژی هونەرییەوە بگوازرێتەوە بۆ حەز و خولیای سێکسی، ئەوەش بە پاڵپشتیکردنی ئەو جۆرە بەرهەمانە دەکرێ کە دوورن لەدابونەریتی خۆمان".

ئەگەرچی چەند ساڵێکە ئەلبوومی بەرهەمهێناوەو لەئێستادا خەریکی کۆتاییهێنانە بە کارەکانی دوانەلبوومی خۆی، بەڵام خۆشەوی دەڵێ ئەو ئەلبوومەم بە گەندەڵی بەرهەمهێناوە"کارکردن لێرە وایە بەگەندەڵی نەبێ ناتوانی کاربکەی" لەبارەی چۆنیەتی گەندەڵییەکەش خۆشەوی، دەڵێ"ئەوەی دەیەوێ بزانێ چ گەندەڵییەکم کردووە ئەوا لەکاتی بڵاوکردنەوەی ئەلبوومەکەمداو لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا هەموو هۆکارەکان دەخەمەڕوو".

خۆشەوی عەزیز، گلەییەکی زۆری لەو "بەناوگۆرانیبێژ" و "ئاوازدانەرانە" هەیە کە گۆرانی کوردییان شێواندووەو پێیوایە ئەمە زۆڵمێکی زۆر گەورەیە لە نەوەی نوێی دەکەن"ئەو بەناو گۆرانیبێژ و ئاوازدانەرانەی هونەری کوردییان شێواندووە جگە لەوەی شەرمەزاری مێژوو دەبن، ئەوا زۆڵمێکی زۆر گەورەش لەنەوەی تازە دەکەن، چونکە ئەم نەوەیە ئەگەر باگراوندێکی باشیان نەبێ ئەوا وادەزانن هونەری کوردی ئەوەیە ئەوانەی ئێستا دەیکەن".

وەک گۆرانیبێژێک لە زۆربەی کلیپەکانیدا ئافرەتی بەکارنەهێناوە."لە کلیپەکانمدا ئافرەتم بەکارنەهێناوە، بۆیە زۆر کەناڵ هەبووە بەرهەمەکەیان پەخش نەکردووم و باشترین بەڵگەم ئەوەیە کە گۆرانیەکم لەگەڵ خاڵە حەمرینی شاعیر کلیپ کرد، بەداخەوە ئێستا لەژیاندا نەماوە، بەڵام زۆر کەناڵ هەبوو پەخشیان نەکرد، ئەگەر کچم لەگەڵ بووایەو سەمایان کردایە دڵنیام بڵاویاندەکردەوەو بێئەوەی لەناوەڕۆک و ئاستی گۆرانییەکەی بکۆڵنەوە".



هونەرمەند: خۆشەوی عەزیز

لەدرێژەی قسەکانیدا بۆ وارڤین خۆشەوی، تیشک دەخاتەسەر جیاوازییەکانی ١٠ ساڵێک لەمەوبەر"لەساڵانی نەوەد هەندێ هونەرمەند هەبوون ئاوازی تورکییان دەهێناو وشەی کوردیان لەسەر دادەناو بەئاشکرا دەیانگوت ئەوە ئاوازی تورکییە، کەچی قەشمەرییان پێدەکرا، ئێستا هەندێ بەناو هونەرمەندی دیکە هاتوون هەر ئەو ئاوازانە بەناوی خۆیان بڵاودەکەنەوەو ناویشیان ناوە کاری مۆدێرن، بەبڕوای من هیچ جیاوازییەک لەنێوانیاندا نییە".

www.ratevie.com

خۆڕووتکردنەوەی مژدین لەنێوان داهێنان و

بەرسڤی ڕەخنەگراندا

مژدین:

بەڕووتیش لە ئافرەتێکی ئاسان بۆ سێکس بە ڕەوشتترم



خانمە گۆرانیبێژی کوردی نیشتەجێی هۆڵەندا (مژدین) لەم ماوەیەدا بەبڵاوکردنەوەی کلیپی"پاداشت" لەتێکست و میلۆدی بڵند عەبدوڵڵا هەرایەکی نایەوەو وەک خۆی ئامازەی پێدەکات لەو کلیپەیدا داهێنانی کردووەو فەلسەفەی ڕووتبوونەوەی بەکارهێناوە.

بۆ زانیاری زیاتری خوێنەران وارڤین ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ سازدا.

وارڤین: **بیرۆکەی ئەم کلیپە نوێیەت، کە خۆت ناوی داهێنانت لێناوە لەکوێوە سەرچاوەی گرت؟**

– **مۆژدین:** لە بیرکردنەوەی خۆمەوەیە.

وارڤین: **لەماوەی ڕابردوودا جەماوەر وەک پێویست پێشوازییان لەبەرهەمەکانت نەکرد، دەکرێ بپرسین پێشبینی دەکەی ئەم کلیپەی ئەمجارەت پێشوازییەکی باشی لێبکرێ؟**

– **مۆژدین:** ئەمە قسەی جەنابتە، ئەگینا من بە یەک کلیپ ناوبانگی هونەرمەندێکم هەیە کە سیدی هەبێ، ئەگەر بێتوو پێشوازی لەم کارەشم زیاتر بکرێت بەهۆی ڕەچەشکێنییەکە نییەو بەس، بەڵکو دەنگیشم زۆر باشەو تەواوی توانای دەنگم کە ٢ ئۆکتاڤ جێگەی بۆتەوە لەم گۆرانییەو ستایلی کارەکەش R&B جیهانییە.

وارڤین: وەک دەبینین لەئێستادا ئەو "داهێنانەت" دوو ڕای زۆر جیاواز و دژی دروستکردووە، کامەیان لەلات گرنگترە، هاندانەکە یان دژایەتیکردنەکە؟

– **مۆژدین:** هەردوو را گرنگی خۆی هەیە، فەلسەفەی من دەڵێ، ڕای کەسێک لە ژیان ئەگەر دژیشت بوو ڕای کەسێکە لەجیهان، واتە ڕێزم هەیە بۆ هەردوو بیروڕا، بەڵام ئەوەی هاندەرمە توانای بیرکردنەوە بۆ کاری جوانترم دەداتێ و بڕوا بەخۆبوونم زیاد دەکات.

وارڤین: **لەچاوپێکەوتنێکی پێشووی وارڤیندا ڕەخنەت لەهەندێ گۆرانیبێژ گرتبوو و گوتبووت کە ئەوان نمایشی جەستە دەکەن، بەڵام ئێستا تۆ خۆت بەو شێوەیە لە کلیپەکەتدا دەرکەوتووی. ئێستا چییان پێدەڵێی؟**

– **مۆژدین:** مرۆڤی ڕۆشنبیر هەمیشە بیروبۆچوونی لە گۆڕاندایە، ئەمڕۆ وەک سبەینێ نابێ.

وارڤین: **ئایا لەم کلیپەتدا هونەرت وەلاوەناوەو کارت لەسەر جەستەت کردووە، یاخود هونەر و نمایشی جەستەت هاوتەریب دەڕۆن؟**

– **مۆژدین:** نەخێر. ئەمە ڕاستە نمایشێکی مێژوویی تێدایە بەوەی بوێری ئەنوێنم بەڕووتبوونەوە. ڕاستە لەتوانای هەموو تاکێکی هونەرمەند دا تایبەت نییە، بەڵام تەواو هونەرییەو تەنیا نمایشی جەستە نییە. لەپاڵ ئەم فەلسەفەیە من کارم کردووە، فەلسەفەی ڕووتبوونەوە: واتە نیشاندانی ڕاستی مرۆڤ وەک خۆی، بێ خۆشاردنەوە لەپشت ماسکێک

www.netewe.com



دیمەنێک لە کلیپە تازەکەی هونەرمەند "مژدین"

بۆ خۆباشتر پیشاندان و ئەگەر زەنگین بی یان هەژار، ئەگەر قەڵەو یان لاوازی، ئەگەر نەخۆش یان تەندروستی، راستی خۆت پیشانبدەو تۆ تاکێکی تایبەتی لەم جیهانە. مەرجیش نییە بەخۆڕووتکردنەوە بێت، کە من ئەم توانای بوێریەم هەیە. تۆ ئەکرێت بەبیرکردنەوەو لەخۆنیشاندان بەقسەی خۆت بکەیت. ئەمە فەلسەفەی منەو تەواو هونەرم تێدا بەکارهێناوە، بەوەی کە ئاماژەم پێکرد لەدەنگ و ستایلی گۆرانی، ئەگەر بێتو هونەری نەبێ، وابزانم لە وڵاتێکی ئەوروپی کار بەرووتیکردن زۆر ئاسانە، بەڵام من تەنیا مەبەستم هونەرەو گەیاندنی فەلسەفەکەمە وەک هێمایەکی تەواو مرۆڤایەتی.

وارڤین: **ئەگەر کەناڵە کوردییەکان ئەو کلیپەیان پەخش نەکرد، هەڵوێستت چی دەبێ بەرامبەریان؟**

– **مۆژدین:** تەنیا رێزم هەیە بۆ مرۆڤ، تەنانەت دژیشم بوەستن دەکرێ بە وشەی زبر وەڵامی هەندێک بدەمەوە ئەگەر باسی ڕەوشتی کردم، چونک من بەرووتیش لە ئافرەتێکی ئاسان بۆ سێکس بەڕەوشتترم، تەنانەت بەجلیشەوە بێ، ئەمە دژایەتی ئافرەتیش نییە، بەڵام باس لەپتەوی و بەڕەوشتی خۆم دەکەم. هەروەها ئەگەر یەکێک لە تەلەفزیۆنەکان کارەکەمی ڕەتکردەوە ئەوا لە یوتیوب بینەر دەتوانێ ببینێت و ڕەخنەیەکیشیان لێدەگرم لەداهاتوو کە لەچاو وڵاتانیتر بەشێوەی پێویست بەدەنگ ڕچەشکێنییەوە نەهاتوون. بۆ نموونە تورکیا کامێرای تەلەفزیۆن و کامێرای تایبەتی نارد بۆ ئەم هەواڵەو سەردانیان کردم بۆ ماڵەوە تا لێدوان لەسەر ئەم کارە بدەم. لەگەڵ ڕۆژنامەی حوریییەت کە لێدوانەکەم بە نووسینیش بۆ ئەوان بڵاودەبێتەوە، بەڵام کورد تەنیا ئەوەی پێبکرێت کارەکەم ڕەتبکاتەوەو

لە تیقی پەخشی نەکات رێزی خۆم وەک رەخنەیەکی رۆشنبیرییانە لەراگەیاندن دەگەیەنم پێیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەش کارەکە نیوەی بەشانازییەوە وەریانگرت لێم، تورکیا خۆم رێگەم بەنیوەی دا، ئەگەرنا هەموویان دەویست، لەگەڵ ئەوەش لە یوتوب بڵاوەبێتەوە ئەگەر رێگەیان نەدا بەکارەکەم.

وارڤین: **لەم ماوەیەدا گۆرانیبێژێکی کچ وازی لەگۆرانیگوتن هێنا لەبەرئەوەی پێیوایە بەشێک لە گۆرانیبێژان هونەریان قێزەون کردووە، تۆ ئەو وازهێنانەی ئەو و داهێنانەکەی خۆت چۆن بەراوورد دەکەی؟**

– **مۆژدین:** ئەمەی تۆ دەیڵێی راست نییەو ئەو کچەش راست ناکات، چونکە پارەی نییە کاری هونەری بکات بۆیە وازی هێناوە، دایکی خۆی ئەم قسەیەی کردووە، ئەو پیاوەی کارەکانی بۆ دەکرد، پارەی بۆ سەرفدەکرد، بوو بەناخۆشی لەگەڵ ئەم کچە، بۆیە وازی هێنا. ئیتر ئەگەر باسی ئافرەتە هونەرمەندەکان بکات بەم قسە بریق و باقانە کەسانی رۆشنبیر بڕوای پێناکەن و دەزانن سەرچاوەی کارنەکردنەکەی چییە، من وەک خۆم رەخنەم لەدەنگی زۆر لەئافرەتە گۆرانیبێژەکان هەیە کە راستە بەجلیشەوەن، بەڵام هەر نمایشی جل و جەستەیە زیاتر نا. بەڵام من بەمۆیە هەرگیز واز لە هونەر ناهێنم.

داهێنانەکەی منیش لێرە بچووکدەبێتەوە، بەس ناکرێت ببووڕە من نایخەمە ئاست ئەم قسە بچووکانەی ئەو کچە هەژارە، هەژاریش عەیب نییەو دەتوانی بڵێ پارەم نییە من دەخوێنم، بەڵام نەڵێ لەبەر هۆیەکی زیاتر خۆبەناوبانگکردن وازدەهێنم.

وارڤین: **لە مەلاکان ناترسی کە هێرش بکەنە سەرت؟**

– **مـۆژدیـن:** نـەخـێـر. راسـتـە مـن دژی بیروبۆچوونی مەلام، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا مەلاش پیاوە، پیاویش مرۆڤە لەکۆتاییدا رەخنەکانیشیان شایانی رێزەو ئەگەر زیانیان بۆ من و هونەرەکەم نەبێ هێرش ناکەمە سەریان.

وارڤین: **بەبەراوورد لەگەڵ میدیا بیانییەکان میدیای کوردی چەندە بایەخی بەو کارە نوێیەت داوە؟**

– **مۆژدین:** بایەخێکی تەواوی پێداوم، باس لەراگەیاندنی رۆژنامەوانی دەکەم و یەکەم هەوڵیشم لە راگەیاندنی کوردی بڵاوبوویەوەو نـەک تەنیا رێـز بـگـرە تـــاڕادەی گریان خۆشەویستسم هەیە بۆیان، چاوم پڕ فرمێسکە کە دەینووسم لە کورد میلۆدی هەوڵەکەی خۆمم بینی، رۆژنامەنووسەکە نووسیبووی کارەکەی مژدین دیـوارەکـان دەشکێنێ و بەرووتی کلیپ دەکات. هەر وەک ئەوەبوو خـەڵات بکرێم، دوای ئەمەش ئەم بەڕێزە هەوڵەکەی نارد بۆ رۆژنامەو گۆڤارەکان و بابەتی نووسینیشم نووسیبوو وەک نووسەر بـۆی بـڵاوکـردمـەوە. ئیتر راگەیاندن هەر ئەوەندەی لەتوانایە، رۆژنامەوانی کورد ئەگەر پەیامنێریشیان هەبوایە لە وڵاتانی ئەوروپا بێگومانم وەک تورکیا دەیانناردە سەردانم، بـەڵام تەلەفزیۆنەکان دەکرێت ئەوانیش پێشوازی بکەن و کارەکەم بکەنە هەوڵ و لەبەشی هونەرو کلیپەکان بڵاوییکەنەوە ئەگەر نەیانکرد، دڵم دەشکێ وەک کورد و رازی خۆم لای هۆڵەندییەکان باس دەکەم.

وارڤین: **دەمەوێ بپرسم چەندە لەتوانج و بوختان دەترسی؟**

– **مۆژدین:** نابێ وابڵێی ئەزیزم، توانجیش یەکێکە لە رەخنە ئەگەر روخێنەریش بێ، من دەمەوێ کۆمەڵگاکەم هۆشیار بکەمەوە، بەنووسین دەمـەوێ خەڵکی راستی بیری خۆی نیشانبدات، ئەگەر بێت و گوێ لەتوانج و رەخنەکانیشیان نەگرم واتە من کەسەکانم فێری درۆ کرد، بەرێزەوە گوێیان لێدەگرم و گرنگیان پێدەدەم، دەتوانن نووسینەکانم بیخوێننەوە تا کەمێک ئەوانیش توانای گوێگرتنیشیان هەبێ نەک قسەکردن. من ناترسم لەبوختان و توانج هەوڵدەدەم ئەگەر لەلایەنی هونەریش منیان بەدڵ نەبوو بابەتی جوان بۆ ئەم چینە بنووسم و هۆشیاریان بکەمەوە.

وارڤین: **تائێستا کێ بوون ئەو هونەرمەندانەی پاڵپشتیان کـردوویـت و رەزامـەنـدی هاوکاریکردنیان بۆ دەربڕیوی؟**

– **مۆژدین:** هونەرمەند گۆران کامیل کە خۆم رازینەبووم بێبەرامبەری مادی کارم بۆ بکات، بەڵام هەر لەگەڵ ئەوەش ئەرکی ماندووبوونی خـۆیـی وەرنـەگـرت لـێـم، بـۆ هونەرمەند ئەیوبیش بەهەمانشێوە کاری کردووە لەگەڵ هونەرمەندێکی تازە پێگەیشتوو و بەڵام لە ژەنینی کەمان زۆر بەتواناو یەکجار پرچێژی هونەری کاردەکات. ئەویش کاکە کاروان کەرکووکی کە گۆرانییەکی تەواوی بۆ کردووم و زۆر رای لەدەنگمەو پشتگیریم دەکات، یەک دنیا رێز و سوپاسم بۆی هەیە زۆر کەسی دیکەش داوام لێدەکەن هاوکار بن، بەڵام دەرفەت کەمە لەبەر دووری و نەناسینیان لەلایەن خۆم کەمێک خۆم دوور دەگرم، هاوکاری هەموو کەس قبووڵ ناکەم لەگەڵ رێز و سوپاسم بۆ هەموویان. پاشان لەبواری کلیپ هونەرمەندێک هەیە زۆر بەشانازی ناوی دەبەم و هاوکارییەکی تەواوی کردووم بۆ ئەم داهێنانە دەبێ ناوی بهێنم، چونکە ناوی لەمێژووی ژیانم هەیە وەک چۆن مێژوویەک بۆ کورد دەنووسین ئەویش هونەرمەندی دەرهێنەر شۆڕشڤانە. من پێیدەڵێم هاوکاریت لەمێژووی ژیانمدا نووسراوەو هەرگیز لەبیری ناکەم. تەواوی کارەکەی بەدڵی خۆم کردووەو تـەواو سەربەستیم هەبووە لەرادەربڕین و چۆنیەتی کارەکەکە. خـۆم سەرپەرشتی تەواوم کردووە زۆر رێزی لەجەستەم گرت، بەپەنجەیەک دەست نەهاتووە بۆ گیانی من، ئەوانە هەمووی رێز و نرخە بۆ منیش هەمان رێزم هەیە بۆی.

وارڤـیـن: **پێتوایە گەنجانی کوردستان ئەگەر پێشوازی لە کارەکەت بکەن لەبەر بەرهـەمـەکـەیـە یـان لـەبـەر نمایشەکەی جەستەت؟**

– **مۆژدین:** پرسیارێکە لەشوێنی خۆیەتی، من دەڵێم با خۆیان بڕیار بدەن بۆ کامەیانە. من شیکاریم بۆ کارەکە کرد و دەنگێکی باشم هەیە، بڕواناکەم تەنیا بۆ جەستەم سەیرم بکرێت. ئەگەرنا زۆر کەسیتر هەیە کە دەنگیان نییەو بۆ جەستە سەیر دەکرێن، تەنانەت بەجلیشەوە بن. من دەڵێم لەبەر هەر کامێکیان بێ ئەوە توانای منەو لەمن دەڕوانرێ و دەبیسترێ، جا با سەربەستی تەواویان هەبێ و خۆیان بڕیار بدەن.

وارڤین: **چەندە ئاگاداری ئەو کەمپینەی کە لەدژی تۆ لە کوردستان پێکهێنراوەو وەڵامت چییە بۆیان؟**

– **مۆژدین:** ئاگادارم گوتیان خۆپیشاندان دەکرێ دژی کارەکەم، ئەگەر وابێت ئەوە شۆڕشێکم هەڵگیرساندووەو تەواو رووبەڕوویان دەبمەوەو ناترسم ئەگەر بێت و وەک خۆم رێز بۆ مافی مرۆڤایەتی دابنێن و بەوەش بدوێن لەخزمەتیانم بە فکر و هونەر و روحم.

سەرلەبەری سینەمای تورک سووکایەتییە بە کورد



سینەماکار مزگین ئەرسلان

پێویستە حکوومەتی هەرێم یارمەتی سینەماکارانی عاقڵ بدات

هونەرمەند مزگین ئەرسلان بۆ وارڤین:

هونەرمەند وەک نوێنەرانی دەرەوەی وڵاتی خۆیانن. ئێمە کاتێک دەچینە وڵاتێکی بیانی، گەلەکەمان و وڵاتەکەشمان لەگەڵ خۆمان دەبەین. چونکە بەرلەوەی دەرهێنەر بین کوردین و کوردستانین". دەرهێنەری کورد مزگین ئەرسلان، تائێستا چەندین کتێبی لەسەر سینەما بەزمانی تورکی نووسیوەو سیناریۆنووسێکی بەهێزو دەرهێنەرێکی بەتوانایە. لەم چاوپێکەوتنەی وارڤیندا رای خۆی لەبارەی پێشکەوتنەکانی سینەمای کورد دەربڕی.

وارڤین: **چیرۆکی ژیانی تۆ زۆر سەرنجڕاکێشە. لەمێردێن لەدایکبووی، پاشان بەشی بایۆلۆژی زانکۆت خوێندووەو دواتر دەستت بەرۆژنامەوانی کردووەو ئێستا دەرهێنەری فیلمی سێنەماییت. تۆ کامیەک لەو چوارەت خۆشدەوێ یان بڵێیم لەکامیان نزیکیت؟**

– **مزگین:** راستییەکەی ئەوەیە کە منیش نازانم ئەوە بۆ وایە. تەنیا شتێک دەزانم. لەو رۆژەوەی کە فێری نووسین بووم دەنووسم. نووسین بۆ من تەنیا ڕێگا بووەو دەمەوێ لەو ڕێگەیەدا بژیم. ئەگەر نەمنووسیبایە دەمردم. هەر بەردەوامم. ئەو خاڵەی کە رۆژنامەنووسی و نووسەری و دەرهێنەری پێکەوە دەبەستێتەوە نووسینە. بەڵام بایۆلۆژی لەو سێ بەشە جیاوازترە. پاش فوتابخانەی سەرەتایی، وەک هەموو کچە هاوپۆلییەکانم، باپیرم داوای لێکردم کە نەچمە قوتابخانە. لەبەرئەوەش سااڵێک نەچوومە قوتابخانە. بەڵام پاش سااڵێک جارێکی دی دەستم بەخوێندن کردەوە. ئێمە لەگوندێکی مێردین دەژیاین. بۆ ئەوەی بخوێنم باپیرم مەرجێکی خستبووە بەردەستم. دەبوایە ببایەمە مامۆستا. لەبەرئەوەش من لەزانکۆی دیجلە دەستم بەخوێندنی بایۆلۆژی کرد. بەڵام باشم دەزانی کە نابمە مامۆستا. ئەوەندەم دەزانی کە دەبێ بنووسم.

وارڤین: **لەکتێبەکەتدا بەناوی "Yes،im Ustaoglu، "Su،Olum ve Yolculuk دەڵێی ئەگەر دەرهێنەرێک رووبەڕووی لایەنی هەرەنهێنی خۆی ببێتەوە، ئەوە دەرهێنەرێکی نووسەرە. لە فیلمی"کراسی مردن"دا کام لایەنی نهێنی ئێوە شاردراوەتەوە؟**

– **مزگین:** لە کراسی مردندا، من هەوێتی (هەوێ) وەک کراسی مردن ناودێر دەکەم و لەدووتوێی فیلمەکەدا ژیانی پووڕم کە سەربەهەوێ

شوویکردووە شاردراوەتەوە. تائێستا هەموو ئەو کتێبانەی کە من نووسیومەو ئەو فیلمانەی کە دروستمکردووە. لەهەموو نووسینەکانمدا، ئێش و ئازارە کپکراوەکانم شاردراونەتەوە. من ئەو بڕینانە یەک بە یەکیان دەردەکەم و چەندە ئەوانەش دەربڕم ئەوەندەش بارم سووک دەبێت. پووڕم ناچار کرا بەجێی دانەوەی پارەیەکی زۆر سەربەهەوێ لەگەڵ کوڕمامەکەی زەواج بکات. پـووڕم هەرگیز نەیدەویست زەواجێکی وەها بکات، تا ئەم تەمەنەشی بەبەرچاوی ئێمەوە تووندوتیژییەکی گەورەی بینی. خراپییەکەی ئەوە بوو کە ئیتر ئەو ژیانە وەک ژیانێکی ئاسایی سەیردەکرا. هیچکەس هاریکاری نەکرد، نەیتوانی هاریکاری بکات. هەرگیز ئـەو حاڵەی ئەوم لەبەرچاونەچووە کە بە سەروچاوی خوێناوییەوە دەمبینی. لەفیلمی کراسی مردندا بێئەوەی ئاگای لێبێت باس لەچیرۆکی ئەو کراوە. چونکە ئەو ئێستا کەسێکی ئیفلیجە. لەکۆتایی فیلمەکەدا، بۆ ئەوەی هەمان ناڕەحەتی نیشانبدەم، وێنەیەکم لێگرت. دەبـێ ئـەو ناحەقی و هەڵسووکەوتە خراپانەی کەلەو ژنانە دەکرێت وەک بڕینێکی جەرگبڕ لەیادەوریماندا بمێنێتەوەو لەبیرنەکرێت.

وارڤین: لەبواری سینەمای کورد دا پرسیارێکی گشتی هـەیـە کـە هـەمـووکـەس بەرسڤێکی جیاوازی بۆی هەیە. ئایا بۆ ئـەوەی مرۆڤ بە فیلمێک بێژێت"فیلمی کـوردی"، دەبـێ زمانی فیلمەکە کوردی بێ یان ئەو شتانەی کەلەبارەی کوردەوەو بەزمانێکی دیکە باسکرابێت بەسە بۆ "کوردیبوونی" فیلمەکە؟

مزگین: بۆ ئەمرۆ وەڵامـی من بەڵێیە. چونکە کورد تائێستا فیلمێکیان نەبینیوە کە بەتەواوەتی بەزمانی کـوردی بێت. بـەڕای من گەل لەمێژە لەدوای ئەوە دەگەڕێت. لەسینەمای نەتەوەییدا بەوشێوەیە ڕاقە دەکرێت. بۆیە پێویستە لەبەر ڕەوشی کورد چیرۆکی کورد و فیلمەکە بەزمانی کوردی بنەخشێنرێن.

وارڤین: لەم چوارچێوەیەدا تۆ فیلمەکانی بیلماز گونەی وەک"سینەمای کورد" دەنرخێنی یان نا؟

– **مزگین:** ئەگەر بیلماز گونەی لەئەمرۆدا ئەم فیلمەی دەرهێنابا، بێگومان بەکوردی دەبوو. لەسینەمای گونەی دا سـات و قۆناغ هەیە. بەبڕوای من ئەو فیلمانەی کە پاش هەستکردنی بەکوردبوونی بەرهەمیهێنان کۆڵەکەی سینەمای کوردین.

وارڤـین: ڕەخنە لـەو سینەمای دەگیرێت کە بەکوردی بەرهەمدەهێنرێت. دەگوترێت کە ئەو فیلمانە (هەرچەندە کەمیش بن) زۆربەیان خیتابی چینی سـەرەوە دەکـەن و ڕۆڵـی "ڕەخنەگەری سینەمایی" دەدەنە بینەر. تۆیش لەوبڕوایەدای؟

– **مزگین:** گەلی ئێمە هێشتا تازە سینەما دەناسێ و فێری دەبێت. کورد لەئەدەبیاتدا ئەرشیفێکی کۆنی هەیەو لەپێشترەوەیە تا سینەما. بەڵام لەبواری سینەمادا هێشتا تازە خەریکی تاقیکردنەوەیە. بەڕای من تێگەیشتن لەهەندێک فیلمی ئێمە بۆ بینەر زەحمەتە. ئەو پەروەردەیەی کە ئێمە لەسەر سینەما بینیومانە، لایەنەکانی سەرسامبوونمان دەگـۆڕێ و زۆرجـار ئەوە لەبیردەکەین کە فیلم بۆ خۆمان دروستدەکەین یان بۆ گەلەکەمان. بۆچوونی تاکەکەسی من ئەمەیە: دەبـێ ئەو فیلمانەی کە بەرهەمدەهێنرێن بەپێی گەل بن. چونکە مرۆڤ ناتوانێت بیر لەسینەمایەکی بێ گەل بکاتەوە. بەڵام مەرجە کە گەل سەرلەنوێ سینەما ڕاقە بکاتەوە. دەبێ لەوە بگەیەندرێن کە فیلم شەڕ و شۆڕەکانی هۆڵیوود هونەر نین. دەبێ فیلمەکان زیاتر لەکەشێکی کوردی و کوردەواریدا بەرهەمبهێنرێن. تا بشکرێت زیاتر نیشانبدرێن. چونکە ئیتر نیشاندانی فیلمەکان ئاسان بووەو دەتوانرێت لە گوندیش نمایش بکرێت. لەئەمڕۆدا ئێمە پێویستمان بەمرۆڤی ئایدیالیست هەیە.

وارڤین: بۆچی فیلمی کۆمێدی و خۆشەویستی بەرهەمناهێنرێن؟

– **مزگین:** قۆناغەکە ڕێـی پـێـنـادات. کورد هێشتا لەهەموو شوێنێک لەبەر ناسنامەکەی دەچەوسێتەوە. کوشتن هێشتا بەردەوامە. فیلمی خۆشەویستی و کۆمێدی لە ڕەوشێکی وەهادا هیچ واتایەکی نییە. بەڵام لەمێژووی سینەمای جیهاندا ڕاستییەک هەیە. فیلمە کۆمێدییەکان زیاتر لەکاتی شەڕدا بەرهەمهێناون. کورد لەمدواییانەدا دەرفەتی بەرهەمهێنانی بەدەستهێناوە. هاوکات ڕاستییەکی دیکەیش هەیە: سینەما هونەرێکی ئابووریـیە، ئەو هونەرە بەبێ پارە چێنابێت. بۆ ئەو کارە دەبێ کامێرا، ڕووناکی و مایکرۆفۆن و گەلەک شتی دیکەی باشت لەبەردەست بێت. کاتێک مرۆڤ هـەژاری و ڕەوشی کورد دەخاتە بەرچاو، باشتر لەوەدەگات کە بۆچی تائێستا دەرفەتی وەهای نەئافراندووە.

وارڤین: لەسینەمای کورد دا هیماگەلی چیا و سنوور گەلەک لەبەرچاون. ئایا ئەوە پەیوەندی بەجیۆگرافیای کـوردەوە هەیە یـان واتایەکی دیکەی هەیە؟

– **مزگین:** کورد عاشقی چیایە. چیا بە دایک، باوک و گۆڕی مردووەکانی دەزانێت. چیا بۆ کورد ئەوەندە پیرۆزە. لەبەرئەوەش لەفیلمەکاندا ئەو هێمایە زۆر بەکاردەهێنرێت. سنووریش بەقەد چیاکان لەژیانی کورداندا واتادارن. لەوبڕوایەدام کە کوردێک نییە بەدەست سنوورەوە ئازاری نەچێشتبێت. بۆیەش دەرهێنەر پشت بەهێماکانی ناو گەل دەبەستێت.

وارڤین: لەسینەمای تورکدا سووکایەتی بە کورد، لاز و هاوڕەگەزبازان (گەی و لیزبیەن) دەکرێت. لاز وەک کەسانێکی بێمەقڵ، کورد وەک کەسانێکی وەحشی و هاوڕەگەزبازانیش وەک کەسانێکی بێکەڵک نیشاندەدرێن. ئایا لەسینەمای کورد دا شتی وا هەیە؟

– **مزگین:** سینەمای تورک وێنەیەکە لەمێژووی تورکیا. ئەمڕۆ کاتێک مرۆڤ لەسینەمای تورک دەڕوانێت، باشتر لەوەدەگات کە تورکیا چەندە نەژادپەرست و جیاکارە. لەناو سینەمای کورد دا مرۆڤ دەتوانێ ببینێ کە بۆچی کورد تائێستا چەوساونەتەوەو شەرم لە زمانی خۆیان دەکەن. وەڵامی ئەو پرسیارە لەناو سینەمای تورکدا هەیە. لای ئەوان کوردبوون، ناشیرینبوونە، بکوژی و بێمەقڵییە. سەرلەبەری سووکایەتییە. یەک دوو فیلم نەبێ، هەموویان ئەو کێشەیەیان هەیە. ئەو فیلمانەی کە لەمدواییانەدا دروستکراون ئەگەر کەمیش بێ، گۆڕانێکی باشیان تێدا دەبینرێت. بەڵام هێشتا زۆر کەمە. تا مێشک و عەقڵییەتی تورک نەگۆڕێت، مێشکی دەرهێنەرەکانیشیان ناگۆڕێت.

وارڤـین: سینەمای کـورد خـۆی لەبابەتگەلی هـاوڕەگـەزبـازی و ڕەگـەزی نـادات. هەندێک لەدەرهێنەران لەوبڕوایەدان کە هێشتا کۆمەڵگای کورد بۆ ئەو بابەتانە ئامادە نییە. تۆیش وەها بیردەکەتەوە؟

– **مزگین:** ئێمە لە کۆمەڵگای کورد دا دەژین. بەڵام ئەرکی سینەما ئەوەیە کە پێشەنگایەتی

بکات. دەبێ لەپێشەوەی گەل بێت. لەبەرئەوەی ئەو پرسانە ئێستا لەرۆژەڤدان. هاوکات یەکێک لە بەرپرسیارێتییەکانی دەرهێنەریش دەستپێشخەرییە. رەنگە بەو بۆنەیەشەوە رەخنەیان لێبگیرێت. بۆ ئەوەی کورد جیاکارییەکان بسڕنەوە شۆڕشێکی ڕەگەزی و جنسیمان پێویستە.

وارڤین: ئەگەر لەسەر هاوڕەگەزبازێکی کورد فیلمێک دروستبکرێت. چی ڕووەدات؟

– مزگین: لەدەرەوە زۆر بەباشی سەیر دەکرێت، بەڵام ئەگەر گەل سەیری ئەو فیلمە بکات، ناڕازیبوون نیشاندەدات. بەڵام من دەیبینم کە گەلی ئێمە بەبەراوورد لەگەڵ ١٠ ساڵی ڕابردوودا پێشکەوتووە.

وارڤین: بۆچی لەفیلمەکاندا ژن لێدان دەخۆن، دەستدرێژییان دەکرێتەسەر و دەچەوسێنەوە. ئایا ژنانێک نین کە چیرۆکی سەرکەوتنیان هەبێت و زۆر پێشکەوتبن. بۆچی باس لەچیرۆکی سەرکەوتنی ژن ناکرێت؟

– مزگین: پێمواید مەبەستت فیلمی چیرۆکی ژنان بێت. ئێستا سینەمای ژنان بەدوو شێوە بەردەوامە. لەلایەکەوە چیرۆکی ژنانی بندەست و لەلایەکی دیکەشەوە چیرۆکی ژنانی سەرکەوتوو باس دەکرێت. لەهەردوولا دا کەڵک لەچیرۆکی ژنان وەردەگیرێت.

وارڤین: لەمدواییانەدا چەند تیقییەک کە بەکورمانجی و زازاکی وەشان دەکەن کرانەوە. یەکێک لەوانەش کورد ١. ئەو کەناڵە فیلمی گرنگ بە زمانی کوردی دۆبلاژ دەکات و نیشانی بینەرانی دەدات. قەت سەیری ئەو کەناڵە دەکەن؟ بەڕای ئێوە دۆبلاژ چ شوێنێکی لەسینەمادا هەیە؟

– مزگین: تائێستا من کەم تەماشام کردووە. بەڵام ئەوەی بینیومە زۆر سەرکەوتووبوون. بەتایبەتی من گرنگیدەدەم بەبەرنامەی منداڵان. ئارەزووی من ئەوەیە کە نەوەی نوێ لەئێمە باشتر زمانی کوردی بەکاربێنن. بۆ ئەوەش تەلەفزیۆن ئامێرێکی زۆر گرنگە. دۆبلاژەکان سەرکەوتوون. ئەو فیلمانەی کە بۆ دۆبلاژ هەڵدەبژێردرێن زۆر گرنگن. کورد١ لەوبوارەدا زۆر سەکەوتووبووە. کە سەیری TRT6 دەکەم دەبینم کە ئەوان فیلمێکی زۆر خراپ هەڵدەبژێرن. بەرلەهەموو شتێک دەبێ گرنگی بەکوالیتی و بابەتی ئەو فیلمانەی کە دۆبلاژ دەکرێن، بدرێت.

وارڤین: سەرەڕای ئەوەی کە تۆ کوردی بەباشی دەزانی، بەڵام کتێبەکانت بە تورکی دەنووسی. ئایا هۆکارێکی تایبەتیت بۆ ئەوە هەیە؟

– مزگین: بەداخەوە من هەموو خوێندنم بە تورکی بووە. هەرچەندە زۆریش ناپەحتم دەکات، بەڵام ناچارم بە تورکی بنووسم. چونکە کاتم نییە بۆ ئەوەی پەروەردەی زمانێکی نوێ ببینم. بەڵام لەماوەی دوو ساڵی ڕابردووەوە دەستم بەخوێندنەوە بە کوردی کردووە. ئەگەر بەکوردی بنووسم پێمواید زیاتر دەنووسم. چونکە چی دەنووسم با بنووسم، هەست دەکەم کە کوردی بۆ تورکی وەردەگێڕم. کاتێک سیناریۆ دەنووسم هەندێکجار زۆر سەختە. بەتایبەتی من لەسیناریۆکەمدا دەمویست پەیڤێک بکەمە تورکی، هەرچیم کرد بەبیرم نەهاتەوە کە دەبێتە چی. بەڵام ئەگەر بە کوردی نووسیبام کورد بەئاسانی لەو پەیڤە تێدەگەیشتن.

وارڤین: بۆ ساڵانی داهاتوو بیرت لەوە نەکردووەتەوە کە بە کوردی کتێب بنووسی؟

مزگین: لەخەونی شەوانمدا ئەو شتە دەبینم، بەڵام گەیشتن بەوە هەوڵێکی دژێژخایەنی دەوێت. کوردی زمانێکی کۆن و کەوناڕە. ئێوە چەندە لەسەری کاریش بکەن ناتوانن تەواوی بکەن. هەمیشە دەتوانن پەیڤی نوێی لێ دروستبکەن.

وارڤین: چۆن دەڕوانیتە پێشڕەوچوونی سینەما لە باشووری کوردستان. ئایا پلاتفۆرمێک هەیە کە ئێوەی دەرهێنەری باکوور و باشوور پێکەوە ببەستێتەوە؟

– مزگین: من چاودێری ڕەوشی سینەماکارانی ئەوێ دەکەم. بەڕەوباشی دەچێت، بەڵام هێشتا زۆر لەژێر کاریگەری تەلەفزیۆندان. بۆ ئەوەی سینەما وەک هونەرێک قبووڵ بکەن، دەبێ دەستپێک جیاوازی نێوان تەلەفزیۆن و سینەما بزانن. لەوبوارەدا دەتوانن کەڵک لەسینەماکار و پەروەردەکاری باش وەربگرن. دەبێ سەیری ئەزموونی ئەو وڵاتانە بکەین کە پێشتر بنیاتناوان و سەیری قۆناغی سینەمایان بکەین. کوردستان لەهەموو بوارێکدا زۆر دەوڵەمەندە. کاتێک کە لەم وڵاتەدا شۆڕشێکی سینەمایی ڕووبەدات، چاوی هەموو جیهان دەکەوێت سەر ئەم خاکە بەهەشتە.



وارڤین: بۆ ئەوەی سینەما لەناو کورد دا پێشبکەوێت، پێویستە حکوومەتی باشووری کوردستان چی بکات؟ چ پێشنیار و ڕەخنەیەکت هەیە؟

– مزگین: بەرلەهەموو شتێک دەبێ سینەما بەباشی کۆنترۆڵ بکرێت. پێویستە ئەو شتانەی کە دەکرێن وەک"شتگەلی باش" و "شتگەلی خراپ" جیا بکرێنەوە. ڕوونبکرێنەوە. دەتوانن بۆ هاندانی سینەماکارانی باش پەروەردەی بە بورس پێکبێنن. چونکە هەر دەرهێنەرێک کە ناوی خۆی بەجیهان بناسێنێ، هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا ناوی کوردستان دەناسێنێت. هونەرمەند وەک نوێنەرانی دەرەوەی وڵاتی خۆیانن. ئێمە کاتێک دەچینە وڵاتێکی بیانی، گەلەکەمان و وڵاتەکەشمان لەگەڵ خۆمان دەبەین. چونکە بەرلەوەی دەرهێنەر بین کوردین و کوردستانین.

دیلار سەولەدار

www.netewe.com

هاوتا ئەسعەد سەبارەت بەبەکارهێنانی ژن لەهەندێک کلیپی کوردیدا:

بەکارهێنانی ئافرەت بۆ رازاندنەوەی میزی شەوان

وارڤین – تایبەت:

هونەرمەندی گۆرانیبێژ هاوتا ئەسعەد، دوای ئەوەی لەماوەی رابردوودا چەند بەرهەمێکی نیشتمانی تۆمار و بڵاوکردەوە، لەو ماوەیەدا بە بەرهەمێک بەشداری لەهەڵمەتی توندوتیژی دژی ژنان کرد. ئەم بەرهەمەی ناوی "چریکستان"ەو لەهۆنراوەی شەفیق بەیات و ئاوازی خۆیەتی. خۆی و کەژێی کچی بەرهەمەکەیان بەدوێت تۆمارکردووە.

وارڤین: ژن لەروانگەی هاوتاوە چ واتایەکی هەیە. واتە دایک و ئافرەت چۆن پێناسە دەکەی؟

– **هاوتا:** ژن نەک وەک کۆمەڵ بەبێدەسەڵات ناوی دێنێ، بەڵکو ژن بەوشە پیرۆزەکەی، لەدیدی من ئەوەندە گەورەیە ئەگەر زۆر بەوردبینی سەیری نەکەم، لەوانەیە لەدیدەی سەر و لەچاوی دڵیش زۆر گەورەتر بێت. چونکە خودای تاک و تەنیا لەقورئانی پیرۆز، زۆر بەپیرۆزی و بەپێویستی ژیان، بەهاوکاریکردنی پیاوانی لەقەڵەمداوە. (دایک) ئافرەتەو ئافرەتیش وەک گوتمان لێوانلێوە لە پیرۆزیدا سەنگی (دایک) گەورەیەکەی، پیرۆزییە کە بەپێوانەی ئێمەی مرۆڤ هەژمار ناکرێت، چونکە



هونەرمەند هاوتا ئەسعەد و کەژێی کچی

ـی سوور حەزێکی ژەهراوییە

پێشەوای مرۆڤایەتی حەزرەتی (موحەمەد د.خ) دەڵێ بەهەشت لە ژێر پێی دایکانە، کەواتە ڕێزگرتن و گوێرایەڵی بۆ (دایک) قیزەی پەساپۆرتی بەهەشتە.

وارڤین: **ستافی بەشدار لەم بەرهەمەت کێن؟**

– **هاوتا:** ئەم بەرهەمە پەیامێکی مرۆڤانەو پڕ لەویژدانی لەخۆیگرتووەو لەلایەن دەستەیەک لەبەهرەمەند و بیرمەندی بواری هونەرییەوە بەرهەم هاتووە. لەلایەن سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانەوە ئەرکی بەرهەمهێنانی لەئەستۆ گیراوە، ناوی تەواوی ستافەکەش لەگۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕادەگەیەنم.

وارڤین: **مرۆڤایەتی و کارکردن بۆی بەشێکە لەژیان. لەبەرهەمەکانتدا چەند هەوڵتداوە ئەمکارە بکەیت؟**

– **هاوتا:** پێویستە مرۆڤ ئەندازیارێکی دروست بێت لەڕەوتی ژیاندا، چونکە مرۆڤ داتایەکە بۆ ئاوەدانکردنەوەو بنیاتنانی باڵەخانەی ژیان لە سەر تۆپی زەویدا. گەر منێک سەرباری سەدان ڕووبەڕووبوونەوە، لەگەڵ شەپۆلی یەک لەدوای یەکی تاڵی و سوێری هەبوون و نەبوون، گرفتەکانی یەک لەدوای یەک کە بەدەستی ئەنقەست وەک قایرۆس بەڕێدەکران، بۆ هەڵوەشانەوەی ڕەوتی توانای هونەریم، ئەگەر خۆڕاگر و ماندوونەناس نەبووبام، دەبووایە هەر بەناو وەک مرۆڤ هەڵسووکەوتم بکردبا، بەڵام من بڕوام بەخوای گەورەو بەخۆگرتنی خودی خۆم هەیە. بۆیە هاوکارم بۆ ڕۆشنکردنەوەی مرۆڤایەتی و ڕەوتی ژیان، دیارە ژیان لەلای من هەموو شتە پیرۆزەکانە، وەک پەروەردەو پێگەیاندنی منداڵەکان لەسەر ڕێچکەی خزمەتکردن بەمرۆڤایەتی و هەوڵی بێوچان بۆ ژیانی هەردوو دنیام.

وارڤین: **لەروانگەی بەرگریکردن لە ئافرەت، چۆن دەڕوانیتە بەکارهێنانی ئافرەت وەک سەماکەر و ئامرازێکی جووڵاندنەوەی زەوقی لەهەندێک لەکلیپە کوردییەکاندا؟**

– **هاوتا:** ئافرەت ئامرازێک نییە تا بۆ ئامانجە جیاجیاکان بەکاربهێنن، ئافرەت بۆ خۆی ئەستوونەدەگی ڕەشمالّی ژیانەو پایەی بەجەم و پتەو تۆکمەی ئەم جیهانە پانوپۆڕیە. دەبێ ئافرەت بۆ ژیان بۆ لێکدان و پێکەوەبەستنی بەختیاری مرۆڤایەتی بەکاربهێنن، ئەو کەسانەی ئافرەت وەک کەرستەیەکی بازرگانی تاوتوێدەکەن، بۆ باخەڵپڕکردن و بۆ لەڕێلادانی لاو و هەرزەکاران، یان وەک گوڵێکی دەستکار دەستەمۆی دەکەن، بۆ ڕازانەوەی مێزی شەوانی سوور، بەرگی حەیاو حیشمەتی لەبەردادەڕێنن، بۆ چەواشەکردنی دەروونە جیاجیاکان دەیکەنە جێگای سەرنجی زەق، لەنێو کلیپە کوردییەکاندا، بێگومان ئەمە حەزێکی ژەهراوییەو هەم بۆ لەناو بردنی کەلتووری ڕەسەنی نەتەوایەتی، هەم بۆ کاڵکردنەوەی باوەڕ و ڕەوتی ئایینی، لەگەڵ شێواندنی ڕێگای مرۆڤایەتی.

وارڤین: **دوای دابڕانێکی زۆرت لەجەماوەر، جیا لەزۆربەی هونەرمەندان هەستەکێ دەتەوێ لەڕێگای بەرهەمی ئینسانی و نیشتمانی و ئایینی بێیتەوە ناو جەماوەر. بۆچی ئەم ڕێگایەت هەڵبژاردووە؟**

– **هاوتا:** ئەو پرسیارەت یان ستەمێکی زەق، یان ناشارەزایی پێوە دیارە، چونکە من لە جەماوەر دانەبڕاوم، دابڕان لەجەماوەر واتە خۆویستی، هەوڵ و کۆششی ڕاست و چەپ، بۆ تێر و پڕکردنی ورگ و هەگبە. واتە داپۆشین و متبوونی دڵ و دەروون، وەک بێئاگایی و خۆخستنە پشت بەردی کەڕ، یان داخستنی پێڵوی چاوەکان و گرێ و گاڵدانی دەروازەکانی هەست و دڵ و دەروون. واتە تەواوی بێئاگایی لە ئێش و ئازاری جەماوەر، بەڵام ئەمەیان پێچەوانەیە لەگەڵ من و ئاکاری من. جەماوەر خۆراکی ڕۆحی منە، خوێنی نێو شادەمارەکانی ژیانمە. من بۆ جەماوەر دەژیم و دەمرم، من بۆ جەماوەر دەسووتێم، زیاتریش بەرگەی ئەو ئازارانە دەگـرم کـە بـەرگـری لـەجـەمـاوەر بکەم. من کـوڕی ئەو جـەمـاوەرەم کاتێ نەتوانم وشـەی جـەمـاوەر بەزمان بدرکێنم دیارە لەدوایی هەناسەی ژیاندا، بەڵام ئەوکاتەش ئەم میللەتە ستەمدیدەیە لەنێو دڵی هەر زیندووە. خۆ بەقەرزداری ئەو وڵاتە بریندارە دەزانم. کەواتە من دانەبڕوام لەجەماوەر، هونەرەکەش وەک دیتن و بیستنە بۆ خودی من، بەڵام گەر بابەتی نیشتمانی و ئاییینی ببێتە جێگای پرسیار؟ بێگومان زۆر لەمێژە من خاوەنی سروودەکانی پێش ئێستامم، بابەتی ئاییینی لەهونەرەکەمدا بەرلە ئێستا بەپێویستم زانیوە، بەڵام کە ئێستا لەخزمەتی ئەو ئەدایە ئاییینییەدام. دەبووایە زووتر دڵ و دەنگی خۆمی پێ ئاودارتر بکەم.

وارڤین: **ماوەیەکە هەستەدکرێ قسەت هەیە لەسەر ڕەوشی هونەری کوردی. ئەمە وەک هونەرمەندێکی خەمخۆرە یاخود وەک ڕەخنەگرێکی بواری هونەری هەژمار دەکرێت؟**

– **هاوتا:** من وەک (هاوتا) لەوەتەی هەنگاوم هاوێشتووەتەنێو جیهانی هونەر و لەوەتەی شوێنپێی خۆم لەم جیهانە دەبینم، دیارە هەمیشە خاوەنی خیتاب و پەیامی خۆم بووم. ئەو کەسانەی کە خاوەنی زەمینەیەکی ڕەسـەنـن لەنێو هـونـەردا نکۆڵی ناکرێ کە ئەوانە خەمخۆر و دڵسۆز و ڕاستگۆن لەگەڵ هونەری خۆیاندا. لەگەڵ ئەوەش من خاوەنی دەربڕینی تایبەتمەندی خۆمم، وەک پێشنیاز و ڕەخنەی بنیاتنەر، دروستکار نەک ڕووخێنەر، بەڵێ گەر دادگایەکی هونەری هەبووایە بۆ لێپێچانەوەو بۆ لێکۆڵینەوەی کاری ڕەواو ناڕەوا، بێگومان من کەسێکم کە پڕاوپڕی باوەشی ڕاستگۆیی و دروستمەندی بەڕەخنەوە، کام ڕەخنە؟ ڕەخنەی بەڵگەدار، بۆ گەواهیدان لەسەر ئەم هەموو ستەمەی کەلە جیهانی هونەر و کەلتووری کوردی دەکرێ، کەسێک بووم بۆ بەرگریکردن لەم هونەرە ڕەسەنە. هەروەها بوێرانە پەنجەم لەسەر ئەو هەموو خاپەڵۆک و خاشاکە پرخەوشە دادەنا کە هونەری کوردی پێوەی دەنالێنێ. من بێژنگی ویژدانم بەکاردەهێنا، بۆ تاوتوێکردنی کاکڵەی هونەری ڕەسەنی کوردی.

پێمبڵێ چاوت چ ڕەنگە، پێتدەڵێم تۆ کێی



وارڤین:

لێکۆڵینەوە نوێیەکان ئەوەیان سەلماندووە کە ڕەنگی چاو کەسایەتی مرۆڤ دەردەخات. لە لێکۆڵینەوەیەکی فەرەنسیدا هاتووە "هەموو جوولەیەکی چاو مانایەکی تایبەتی هەیە، هەروەها زمانی چاو باشترین و خێراترین زمانە بۆ پەیوەندیکردن لەنێوان کەسەکان. لەکاتی قسەکردن زۆر گرنگە سەیری چاوی بەرامبەرەکەت بکەیت تا بتوانی لەراستگۆیی قسەکانت دڵنیای بکەیتەوە. هەروەها لەڕێگەی چاو دەتوانرێت راستی و ناڕاستی وتەی کەسی بەرامبەر بزانرێت". زانایانی دەروونی ئەوەیان ڕوونکردووەتەوە، کە لەڕێگەی ڕەنگی چاوەوە دەتوانرێت کەسایەتییەکان دیاریبکرێن. ئەویش لەڕێگەی "زانستی پاراسایکۆلۆژی"، جگە لەوە لەڕێگەی قەبارەی چاویش دەتوانرێ کەسایەتییەکان دیاریبکرێن.

چاوی سەوز

ئەوانەی ڕەنگی چاویان سەوزە، کەسایەتیەکی بەهێزیان هەیە، توانای کارگێڕییان هەیە. خاوەن بیروڕای لۆژیکین، یارمەتی خەڵک دەدەن، بەڵام هەندێکجار خۆپەرستن بەهۆی ئەو متمانە زۆرەی کە بەخۆیان هەیە. گرنگترین تایبەتمەندی ئەو کەسانەی ڕەنگی چاویان سەوزە ئەوەیە، کە زۆر ڕۆمانسی و هەست ناسک و میهرەبانن.

چاوی شین

ئەوانەی ڕەنگی چاویان شینە، تێڕوانینان زۆر فراوانە، کەسانێکی زۆر بەهەستن و هەڵسووکەوت و ڕەفتاریان لەگەڵ خەڵکی دیکە زۆر ڕێکوپێک و "شەفافیەت"ی تێدایە. هەروەها بیروڕای خۆی لەسەر دەوروبەری دەسەپێنێت، بەڵام بەشێوەیەکی نەرم و لەسەرخۆ. کەسانێکی چالاک و چاو نەترسن، زۆربەی ئەو کەسانەی کە ڕەنگی چاویان شینە هەستی هونەرییان هەیە.

چاوی ڕەش

ئەوانەی ڕەنگی چاویان ڕەشە کەسانێکی خەیاڵین و لەناو خەون و خەیاڵدا دەژین، لەگەڵ ئەوەش کەسانێکی میهرەبان و بەخشندەن، یارمەتی کەسانی دیکە دەدەن ئەگەر زەرەر بەخۆشیان بگات. خاوەن کەسایەتییەکی بەهێزن، هەستیان ناسک و جوانە، هێمنن، بەڵام هەندێکجار بەهۆی بێزاربوون کۆنترۆڵی خۆیان لەدەستدەدەن.

چاوی قاوەیی

نیشانەی سۆز و میهرەبانییە، هەرچەندە ڕەنگی قاوەیی کاڵتر بێت، ئەوا ئەو کەسە زیاتر بەسۆز و میهرەبانترن بەرامبەر بە کەسانی دیکە. گرنگی بەڕوخساری دەرەوەی کەسەکان نادەن، هەموو ئەو شتانەی دەیانەوێت بەدەستیدەهێنن بەشێوەیەکی هێمنانە و لەسەرخۆ. مانای تووڕەبوون نازانن، کەسانێکی خەیاڵیشن و لەجیهانی پێشبینکردن دەژین و هەمووکات هەوڵدەدەن بۆ ئارامی دەروونی و جێگیربوون.

چاوی ڕەساسی

ئەو کەسانەی کە ڕەنگی چاویان ڕەساسییە بۆ دووجۆر کەسایەتی دابەشدەکرێن، هەندێکیان کەسایەتییەکی هێمن و میهرەبانیان هەیە، هەندێکیشیان تووڕەو نائارامن، بەڵام هەموویان لەهێمنی دەگەڕێن زۆربەیجار پێناگەن. چونکە لەبنەڕەتدا کەسایەتییەکی توندڕەویان هەیە، ئارەزووی توندوتیژی دەکەن.

ڕەنگی هەنگوینی

لەگەڵ ئەوەی دڵێکی پاکیان هەیە، بەڵام ناتوانن لەگەڵ خۆیان ڕاستگۆ و ڕوون بن. لەگەڵ کەسانی دیکە هەموکات لەهاوڕێیەتی دەگەڕێن، بەڵام جێگیر نین، ئەو کەسانەی چاویان ڕەنگی هەنگوینییە هەر لەتەمەنی منداڵییەوە پشتبەخۆیان دەبەستن.

جگە لەوەی ڕەنگی چاو بۆ دیاریکردنی کەسایەتی کەسەکان سوودی لێوەرگیردراوە، زانایانی دەروونی لەڕێگەی قەبارەکەشی کەسایەتی کەسەکانیان دیاریکردووە.

چاوی گەورە: ئەو کەسانەی چاویان گەورەیە زۆر تووڕەن.

چاوی بچووک: ئەو کەسانە زیرەکن، تۆندن، بەتێڕوانینن، توانای تێبینییان باشەو بڕیار بەعەقڵ دەدەن.

چاوی خڕ: کەم بیردەکەنەوە، حەز بەزانینی شت دەکەن، زۆر چالاکن، خەڵکیان خۆشدەوێت.

چاوی قوول: وردبینن، لەوردەکاری دەگەڕێن، ژیانیان خۆشدەوێ، گەشبینن.

چاوی دەرپەڕیو: دوورن لەوردەکاری، حەزیان لەخۆدەرخستنە، ڕەشبینن.

– سەرچاوە: BBC

www.nerive.com



ئیرینا پالّم ٧

ژنێک بە هێمنی بینەر دەهەژێنێت

ئا: سیروان رەحیم

ناوی فیلم: ئیرینا پالّم

سیناریۆ: مارتین هێرۆن، فیلیپ بلاسباند و سام گاربارسکی

دەرهێنەر: سام گاربارسکی

وڵاتانی بەرهەمهێنەر: بەریتانیا، بەلجیکا، لۆکسەمبۆرگ، ئەڵمانیا، فەرەنسا

شوێنی وێنەگرتن: بەریتانیا

ساڵی پێشاندان: ٢٠٠٧

کامێرا: فیلیپ بلاسباند

مۆنتاژ: لودۆ تروخ

٩٩ خولەک، ٣٥ ملم، رەنگاورەنگ

زمان: ئینگلیزی

www.netewe.com

بابەتی فیلمەکە:

ناوی پاڵەوانی فیلمەکە"ماگی"یە. ئەکتەر و سترانبێژی بەنێوبانگ "ماریانا فایتفڵ"ڕۆڵی ماگی دەبینێت. ژنێکە لەناوەڕاستی پەنجاکانی تەمەندایە. ژنێک سادەو دڵاوا. لەسۆنگەی نەوی بوونی ئاستی خوێندنەوە کەمتر لەکاردا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە. پاش مردنی هاوسەرەکەیشی هەر وەکو خاتوونی ماڵ دەمێنێتەوەو لەشارۆچکەیەکی نزیک لەندەن ژیان بەسەردەبات.

ژیان زۆر شتی لەهەناوی خۆیدا بۆ مرۆڤەکان هەڵگرتووە. "ئۆلی" کوڕەزای ماگی تووشی نەخۆشییەکی کوشندە دەبێت. هاوکات دایک و باوکی ئۆلی بێکارن. ئەوان ناتوانن و نەشێن بڕی تێچوونی چارەسەرکردن پەیدا بکەن. بۆ"ماگی"ی دڵاوا کارێکە سروشتی کە ئەرکێکی وەها بگرێتە ئەستۆ. کوڕەکە دەبێ چارەسەر بکرێت دەنا نەخۆشییەکەی کوشندەیە. بۆ ئەو مەبەستە ماگی ئەو ماڵەی تێیدا دەژی دەیفرۆشێ و لەدانیشتوانی شارۆچکەکەیش داوا دەکات بڕبوو کۆدەکاتەوە.

پاش ئەوەی ماگی دەزانێ ئەو نەخۆشخانەیە توانای چارەسەرکردنی کوڕەزاکەی نییەو پاش سۆراخ و لێکۆڵینەوە دەردەکەوێت چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشییە تەنیا لەئوستورالیا هەیەو کاتێک لەئوستورالیایش بێ، ئەوا دامەزراوی بیمەی تەندروستیش ناتوانێ کۆمەکی بکات. لەبەرئەوەی بیمە شان ناداتەبەر تێچوونی چارەسەرکردنی نەخۆش لەوڵاتێکی وەها دوور. دایک و باوکی کوڕە ڕووبەڕووی بێهیوایییەکی سامناک دەبنەوە. لەم ڕەوشە سەختەدا بۆ یەکەمجار ماگی، لەژیانیدا بۆ کار دەگەڕێ. پاش ئەوەی ماگی لەدەرگای زۆر شوێنی کار دەدات و کاری دەستناکەوێت، لە لەندەن لە"گەڕەکی چێژبەخشین" دەچێتە شوێنێکی لەشفرۆشی. بە بینینی ئەو شوێنە ماگی توشی داچڵەکان و ڕاچڵەکانێکی ترسناک دێت.

پاش ئەوەی"میکی" بەڕێوەبەر و خاوەنی شوێنەکە تەماشای ماگی دەکات، پێیدەڵێ:

تەمەنی تۆ هی ئەوە نییە لێرە کار بکەیت.

بەڵام پاش کەمێک تەماشای دەستی ماگی دەکات پێیدەڵێ:

دەستەکانت هێشتا بە کەڵکن، کارێکم هەیە بۆت. دەستپەڕ، ئەگەر دەیکەی کاری دەستپەڕمان هەیە بۆت.

ئەو شوێنە خزمەتی تایبەتی دەستپەڕیشیان هەیە. ژوورێک کە کونێکی بچووکی تێدایە بۆ سەر ڕاپەوێک، پیاوان لەو کونەوە ئامێرەکەی خۆیان درێژ دەکەن و خانمەکەیش کە لە ژوورەوەیە دەستپەڕیان بۆ دەکات، بێهیچیان ئەوی دیکەیان ببینن.

ماگی ئامانجی ئەوەیە ژیانی کوڕەزاکەی لەدەستی مەرگێکی چاوەڕوانکراو دەربهێنێت. بۆیە پێشنیازی کارەکە پەسەند دەکات.

ماگی، سەرەتا ڕێوشوێنی گرنگی کارەکە لەو ژنە گەنجەوە فێر دەبێت کە لەوێ ئەوکارە دەکات. بەڵام پاش دەستپێکردنی ماگی بە کاتێکی کەم بەشێوەیەکی چاوەڕوانەکراو ناوبانگی یانەکەی لەبواری دەستپەڕدا بەجۆرێک بڵاودەبێتەوە کە هەموو شاری لەندەن دەگرێتەوە. دەستەکانی ماگی کە بەشێوەیەکی نەرمونۆڵ ماونەتەوەو شوێنەواری تەمەنیان بەسەرەوە دیار نییە دەبن بەو دەستانەی زۆر داخوازییان لەسەرەو پیاوان لەزۆر شوێنەوە هەڵتەک هەڵتەک بۆ ئەو دەستانە دێن. بەجۆرێک دوکانەکانی دەوروبەر تەواو کاریان سست دەبێت. دیارە پاش هاتنی ماگی و لێوەشاوەیی دەستەکانی ناوی هونەری ئیرینا پاڵم وەردەگرێت. ئیرینا پاڵم، ئەو کەسە لەوێ دەستی بەکار کردووە ئەوەندەیتر نێوبانگی شوێنەکەی پێدەڕوات.

ماگی بەجۆرێک خۆشەویست دەبێت کە خاتوونە گەنجە هاوکارەکەی کارەکە لەدەستدەدات و پێیرادەگەیەندرێت لەبەرانبەر دەستی ماگی هیچ دەستێک توانای ململانێ و بردنەوەی نییە. دیارە ماگی زۆر هەوڵدەدات دڵی ئەو خاتوونەی لێنەڕەنجێ، بەڵام بێسوودە. چونکە بەجۆرێک لەجۆرەکان با بێمەبەستیش بووبێت ماگی هۆکاری ئەوەیە ئەو خاتوونە کار لەدەست بدات.

ماگی شانبەشانی کارەکەی بەهۆشیارییەوە هەست بەوەدەکات ئیتر ئەو خاتوونێکی بەسالاچوو، دزێو و بێبەرهەمی وەها بێکەڵک نییە فەرامۆش بکرێت و بەکاری هیچ نەیەت. ماگی وردەوردە لەجاران باشتر دەست بەخۆیدا دێنێت و بەجۆرێکی دیکە دێتە سەر کار، بەجۆرێکی وەها تەنانەت ئیدی"میکی"یش چاوی حەزی تێدەبڕێت.

سەرباری کوڕەکەی لەو شارۆچکەیەدا ناسیاوان و هاوڕێیانی ماگی بەردەوام چاودێری دەکەن و دەیانەوێ بزانن چ کارێک دەکات، بەڵام ماگی، سەرسەختانە بەردەوام دەبێت و نهێنی کارەکەی دەپارێزێت. پاش ئەوەی ماگی شەش هەزار پاوەندی ستەرلینی لەمیکی خاوەن کارەکەی وەکو دەستپێکی دڵنیاکەر وەردەگرێت، ئەو بڕە پارەیە دەداتە کوڕەکەی و دەڵێ:

ئەوە پارەو ئێوە بەڕێکەون بەرەو ئوستورالیا.

بەڵام نادڵنیایی کوڕەکەی لەسەرچاوەی پارەکە وادەکات چاودێری وردی دایکی بکات و بزانێ لەکوێ کار دەکات. پاش ئەوەی کوڕە دایکی دەبینێت لەشوێنی لەشفرۆشی بەناوبانگی ئیرینا پاڵم کاردەکات کەللەیی دەبێت. لەماڵێ کوڕە بەتوڕەییەکی شێتانە هەڕەشە لە دایکی دەکات و بە لەشفرۆش بانگی دەکات و دەڵێ:

کەواتە بەو شێوەیە ئەو بڕە پارەیەت بەدەستخستووە؟

هەرچەندە ماگی بەرگری لەخۆی دەکات و دەیەوێ حاڵی بکات ئەو لەشفرۆش نییە، بەڵام کوڕە تێناگات.

کوڕەکە پێیدەڵێ:

یان دەبێ دەست لەو کار بەربدەی یان

جارێکی دیکە کوڕەزاکەت نابینییەوە.
پاش هەوڵدانێکی زۆر و بەر لەگەشتی ئەوپەڕی جیهان، بەرەو ئوستورالیا، بەهەوڵی سارای بووکی دڵی کوڕەکەی نەرم دەبێت، سارا هاوسەرەکەی ئاگادارەکاتەوە ئەوان بەپارەیەک ژیانی کوڕەکەیان رزگار دەکەن کە دایکی بەدەستیخستووە، بۆیە "تۆم"ی کوڕ مانّئاوایی لەدایکی واتە لەماگی دەکات. ئەوان دەڕۆن. گەشتی چارەسەرکردنی کوڕەزا بەرەو ئوستورالیا دەستپێدەکات و ماگی هەناسەی شادی و سەرکەوتن دەدات.

پاش رۆیشتنی ئەوان ماگی دەچێتەوە شوێنی کارو میکی خاوەن کارپێشوازییەکی گەرم و تایبەتی لێدەکات. پێشوازییەک بەماچێکی درێژ دەستپێدەکات و هەر بەو ماچەیش فیلمەکە کۆتایی دێت. ماچێک بڕیاری خۆشەویستی لەنێوان ئەو دوو کەسەدا ئاشکرا دەکات.

چنینی دەستڕەنگینانە:

* فیلمەکەی بەریتمێکی زۆر خاو دەستپێدەکات، خاوییەک نزیک لەوەڕسبوونی بینەر، بەڵام بەجۆرێکی ئەوەندە نایاب ململانێ و کێشە هاتوونەتە چنین تۆی بینەر نازانی چۆن تێکەڵ بەروویەری ئەو کێشەیە دەبیت. ئیرینا پاڵم بردنێک بینەر بەخۆڕا دەبات کەلە کەم بەرهەمدا راپێچکردنی بەوجۆرە ئەفسوونکارانە هەیە. تۆ وەک بینەرێک چاودێری چیرۆک و هەڵکشان نابیت بە تەنیا، بەڵکو تێکەڵ بەچیرۆک و کێشەکە دەبیت. هەوڵدەدیت لەتەواوی کارەکە جودا نەبیتەوە. لەکاتی هاتنەدەرەوە لەهۆڵی سینەما سەرنجێکی بینەر بەس بوو بۆ ئەوەی حاڵی بین تیرێژەکانی بەرهەمەکە چۆن سیمای بینەرانی گۆڕیوە.

* چیرۆکەکە ئەوەندە سەرنجڕاکێش و کاریگەرە بینەر دەتوانێ زۆر ئاسان و خۆشدەستانە بەشدار بێت و هەستبکات لەنێو هەمان رووبەری رووداو دایە. چیرۆک و بەسەرهاتێکە پراوپڕ لە پەند، خۆڕگری و سەرسەختی، بەڵام هاوکات خاڵییش نییە لەچێژبەخشین، بزەی پڕ واتا و گاڵتەی ژیرانە.

* دیارە ئەوەی نابێت لەبیربکرێت و شایستەی باسە، بەرجەستەکردنی رۆڵی "ماگی"یە. ئەکتەر و سترانبێژ "ماریانا فایتفڵ" بەجۆرێک ئەو رۆڵە دەبینێت کە کۆمەکی پتەوە بۆ چنینی چیرۆک و بۆ سەرجەم بەرهەمەکە. رەنگبێ نەبوونی ئەو کێماسی گەورەی لەفیلمەکەدا دروستبکردایە. هەڵبژادنی ئەو هونەرمەندە بۆ ئەو رۆڵە سەرکەوتنێکی تایبەتیی بەبەرهەمەکە بەخشیوە. بینەری ئەو فیلمە لە پەنجەرەی "ئیرینا پاڵم"ەوە هەرگیز سیمای ماریانا فایتفڵ لەبیرناکەن.

* لەم بەرهەمەدا گوهداری سترانی ماریانا فایتفڵ نەبووین، بەڵام لەروانگەی ئاهەکانی، حەسرەتەکانی و ئاماژەکانییەوە دەنگێکی غەمگین و دڵکێش دەهاتە گوێمان.

ڕۆژنامەی دێر تاگسشپیگل لەڕۆژی ١٨, ٠٢, ٢٠٠٧ دا نووسیویەتی: "ئەو ژنە بەجۆرێک دەئاخڤی وەکو ئەوە وابوو ماریانا فایتفڵ گۆرانی بڵێت".

* کاتێک خاوەن کار جۆری کارەکە بۆ ماگی باسدەکات، مرۆڤ تەنیا بەنیگایەک بۆ سیمای ماریانا فایتفڵ حاڵی دەبێت چ سەختە ئەو بوارەی پارە بەدەستخستن. چ تێکەڵکردنێکی تایبەتە لەنێوان چارەنووس و دۆشداماندا.

بەڕاستی ئیرینا پاڵم بەرهەمێکە پڕ لەدیمەن و چرکەی جوان، هاوکاتیش بەرهەمێکە بەهێمنی هزر و هەناومان دەهەژێنێت.



دیمەنێک لە فیلمەکە: ماگی لەگەڵ بەڕێوەبەری خانەی لەشفرۆشی

www.netewe.com

لێبوردنەکەی سەرۆکی هەرێم دژ بە ژنان بوو؟



ستارە عارف

سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی هاتنی جەژنی قوربانەوە بەلێبوردنێک کۆمەڵێک کەسی زیندانیکراوی ئازادکردو بڕیاریدا لەڕۆژی جەژندا بگەڕێنەوە ناو خێزانەکانیان و لەتاوان بەخشران. لەناو ئەم کۆمەڵەدا کەسانێک ئازادکران تاوانبارن و بکوژی ژنان بوون. دوای ئەو بڕیارە کەمەدەنگێکی ناڕەزایی بەرزبوویەوە! بەڵام دەسەڵات و سەرۆکی هەرێمیش گوێیان لێنەگرتوون و تائێستا لە ڕوونکردنەوەیەکی زۆر ئاسایی زیاتر هیچ کاردانەوەو وەڵامێکیان نەبووە. ئەم بۆنەیە هاوکاتبوو لەگەڵ نزیکبونەوەی ڕۆژی٢٥ی نۆڤەمبەر کە ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنانەو یادێکی جیهانییە.

هەڵبەتە هەڵەنابین ئەگەر بڵێین زۆر بەئاشکرایی دوو فاقییەت لەسیاسەتی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا دەبینرێت. لەلایەکەوە ڕێگەنادرێت یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەپەرلەمانی کوردستاندا، لەخولی ڕابردوو و لەم خولەشدا پەسند بکرێتو بەیاسا تووندوتیژی لەسەر ژنان قەدەغە ناکرێت. لەلایەکیترپشەوە ١٦ڕۆژ بۆ بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژی ژنان لەیادەکەدا ڕێکەدخرێت، کەچی ناوبڕ و دروشمی کەنالەکانی دەسەڵات لەدژی تووندوتیژی و گوایە ڕووبەڕوبونەوەی، بەمشێوەیی ژنێک هاوار دەکاتو دەڵێ"بۆ لێماندەدەن چیمان کردووە بۆ دەمانکوژن". ئەمە جارێکیتر ئەوپەڕی بچووککردنەوەی ژنانە، بێدەسەڵات و بێتوانا نیشاندانی ژنە، ئەمە خۆی دەچێتەوە خانەی تووندوتیژییەوە بەرامبەر بەژنان و پێناچێ هیچ لەدۆزەکە بباتەپێشەوە، چونکە دەسەڵات خۆی لەگەڵ پرسی ژناندا هاوکارو ڕاستگۆ نییە.

ئازادکردنی کۆمەڵێک بکوژی ژن بێئەوەی لەقورسی تاوانەکانیان بکۆڵرێتەوەو جارێکیتر گەڕاندنەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگا ئەو ڕاستییەمان بۆ پشتڕاستدەکاتەوە کە زۆرینەی تاوانبارانی دژ بەژنان لێکۆڵینەوەی وردیان لەگەڵدا ناکرێت و هەندێکیشیان دەستگیر ناکرێن و سزای قورسیان بەسەردا ناسەپێنرێت. بەمەهەڵوێستە بە ژنان دەڵێن هەموو ئەو بەڕێوەبەرایەتییانەی بەناوی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژییەوە، لەدوای کوشتنی دۆعاوە دروستکراون و ئەو کۆنفرانس و کۆبوونەوانەی بودجەیەکی زۆری بۆ تەرخانەدکرێت و بەڕێرسان دێن و کۆمەڵێک وتەی ڕەنگاوڕەنگمان پێشکەشدەکەن و بەڵێنی بنبڕکردنی تووندوتیژی دەدەن هیچ لە پرسەکە ناگۆڕێت. گشتیان بۆ کپکردنەوەی ناڕەزاییەکانی ئێوەی ژنەو بەهیچ کلۆجێک هەنگاوی لەگەڵدا نانرێت.

پێماندەڵێن هەرگیز بەوردی و گەوهەری بەشوێن داواو ناڕەزاییەکانتاندا ناچین، بگرە تاوانبارانیشتان ئەگەر لەحاڵەتێکداو بەڕێکەوت دەستگیریشکرابن ئازاد دەکەین. بۆیان هەیە بێترس و دڵەڕاوکێ بگەڕێن، بەمانا ژن کە قوربانییەو تاوانی بەرامبەر کراوە، داکۆکی لێناکرێت، بەپێچەوانەوە دەبێ باجی ئەو تووندوتیژی و تاوانانەش کە بەرامبەری کراوە ئەو بیدات دەڕەنجام با ژن نەبوایە.

ئیدی خۆ لەخۆڕا لەواقیعی ئێستای کۆمەڵگای کوردستانداو لەناو فەزای پیاواندا ئەو چەمکە ڕەوا نەبووە، کە پیاو لەڕابردوو زیاتر ژن بەبچووک و کەمتر لەخۆیان دەبینن، ئێستا ژن لەکۆمەڵگای کوردستاندا تەنیا وەک غەریزەو سێکس دەبینرێت. وا تەماشای ژن دەکرێت بەشەرە بۆ تێرکردن و سزادانی لەلایەن پیاوەوە، ئێستا لەکۆمەڵگەی کوردیداو لەسایەی ئەم دەسەڵاتەدا، ژن ڕۆژانە بەچاو و تەماشاکردن و هەموو جۆرەکانیترەوە ڕووبەڕووی هەراسانکردن دەبێتەوە.

لەوانەیە ئەمانە بۆ هەندێک کەس کە نایانەوێ لەو ڕاستییە بڕوانن و تێبگەن زیادەڕۆیی بێت، بەڵام لەکاتێکدا یاسایەک نەبێ داکۆکی لەژنان و بکات و حکوومەتو دەسەڵات و سەرۆکایەتییەکانی لەگەڵیدا ڕووڕاست و دڵسۆز نەبن، پەرلەمان بەدوای کەیسەکانیانەوە نەبێ و لێپرسینەوە لەتاوانباران نەبێ، هیچ کەسێک لەسەر تاوان و ئازاردانی ژنان ڕووبەڕووی سزای قورس نەبنەوە، بێگومان بەرفراوانترین بواری ئازاردان و کەمکردنەوەی ژنان بۆ پیاوان دەڕەخسێت چونکە کەس نییە تاوانباری بکات.

دیسانەوە بەئازادکردنی ئەم کۆمەڵە تاوانبارە ئیدی ڕاستییەکیتر یان زەمینێکیتر بەرەوڕووی ژنان دەبێتەوە، بەو شێوەیەی کە تائێستا دەمانگوت تاوانباران دەستگیر ناکرێن و سزانادرێن، وەڵامی بەڕێرسانی هەرێمی کوردستان ئەوەبوو کە سزایان هەیەو زیندانەکان پڕن لەو جۆرە کەسانە. بەڵام لەمەولا تاوانەکان بەرامبەر بەژنان ئاسایی دەبن، چونکە سزایان نییە ئەگەر دەستگیریش بکرێن بەئاوا لێبوردنێک ئازاد دەکرێن، بێئەوەی لەگوڵ کاڵتریان پێبگوترێت، کەواتە گرنگی ئەم ١٦ڕۆژەش بۆ بەرەنگاربوونەوە هەمان ڕاستیمان بۆ دووپاتەدەکاتەوە، کە تەنیا جوانکردنی ڕووی دەسەڵات و کۆمەڵێک بەڕێرسی بوارەکەن بۆ خۆکردنە فریشتە لەبەردەم ژناندا.

لەداهاتوویەکی نزیکدا شاهێدی ئەو دەرەنجامانە دەبین، کە لەئازادکردنی تاوانبارانەوە ڕوودەدەن، ئیدی ژمارەی سکاڵا تۆمارکردن زیادیش بکات بۆ پیاوانی تاوانبار هیچ گرنگ نییە، سکاڵا تۆمارکردن وەک یەکێک لەو خاڵانەی بەڕێرسانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی دژە تووندوتیژی لەکاتی ڕاگەیاندنی ئامارەکانیاندا بەشانازیەوە دەڵێن، ڕاستە تووندوتیژی هەیە، بەڵام لەبەرامبەردا ژمارەی سکاڵاکان زیادیانکردووە.

بۆیە پێمواییە بۆ ئەوەی باڕێکی زیاتڕو کارەساتبارتر لەسەر ڕێژەی تووندوتیژییەکانی سەر ژنان کەڵەکە نەبن، دەبێ فشار لەپەرلەمان بکەین بۆ ئەوەی سەرۆکی هەرێم ناچار بکەن بەرامبەر ئەو بڕیارەی لەڕۆژی جەژندا پەشیمان ببێتەوە یان هیچ نەبێت ئەو لایەنەی کە ڕاپۆرتەکەیان بۆ ئامادەکردووە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکرێت.

stare_arif@hotmail.com

www.nalia.com